
# گەشەپێدانی هونەر و ئەدەبیاتێکی بە دەرووەست، بەرابەری خواز و ئۆمانیستی سۆسیالیستی، پێویستیەکی سەردەمە

لەکاتێکدا کە نیزامی قازانج پەرەست و چەوسێنەری سەرمایەداری بۆ گەیشتن بە مەرامە مەترسیدار و دژی ئینسانیەکانی، کە بەدەست هێنان و کۆکردنەوە و کەڵەکە کردنی بێسنووری سەرمایەیە لەپێناو بەرژەوەندی تاقمێك سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیای چڵێس و چاو چنۆکدا، ئەویش بە قیمەتی چەوساندنەوە و برسی کردنی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی سەر ئەم گۆی زەویە، ڕۆژ نییە کارەساتێك نەخوڵقێنێ، ئاژاوەیەك نەنێتەوە، بە بیانوی جۆراوجۆر، ئەو نەتەوە و نیژادانەی بە درێژایی مێژوو بەئاشتی و بەیەکەوە ژیانێکی بێ شەڕوکێشەیان بردۆتە سەر بەگژ یەکتردا نەکات و لە ئاستێکی بەریندا دەستیان بە خوێنی یەکتر سوور نەکات بۆ ئەوەی نەپەرژێنە سەر هەلومەرجی ژیانی کولەمەرگی خۆیان و سەرنجیان نەچێتە سەر دۆزەخێك کە ئەم نیزامە ژیان کوژ و خوێن مژە بۆی داخستوون، ڕاگەیەنەرەکانی دونیا، کە بە زمانحاڵی دەسەڵاتدارانی ئەم نیزامە دەناسرێن دان بەوەدا دەنێن کە بەرەیەکی وشیار و وەئاگاهاتوو لە دانیشتوانی وڵاتانی سەرمایەداری، بۆ دەرك و ناسینی قوڵتر و هەمەلایەنەتری نیزامی سەرمایەداری و ئەو ئەزمەیەی خۆی تێی کەوتووە و هەلومەرجێکی مەترسیداری کە بەرەوڕووی ژیانی دانیشتوانی ئەم دونیایەی کردۆتەوە، لە ئاستێکی بەریندا ڕوویان کردۆتە خوێندنەوە و متاڵای بەرهەمەکانی مارکس و بۆ جارێکی تر مارکسیزم گەڕاوەتەوە گۆڕەپانی ژیانی خەڵك و لە بواری سیاسی و ئابوریەوە، تەنانەت لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی شەوە، گرنگیەکی زۆری پێ ئەدرێ. ئەمەش بۆ بەرەی چەپ و کومۆنیست مایەی دڵگەرمیە و دەتوانێ ورە بەخش بێت بۆمان لە پێناو بەرەو پێش بردنی ئەرکی شۆڕشگێڕانەماندا.



بۆ ئەوەی هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و ئابووریەکاندا ببزوێین پێویستە ئێمەش، وەك ئەو کەسانەی لە بواری ئەدەبیاتی چەپ و کرێکاری، پێشڕەو و شۆڕشگێڕانەدا سەرگەرمی کاری هونەر و ئەدەبیاتین، ئاوڕێکی جیدیتر لە هونەر و ئەدەبیاتێکی بە دەرووەست، بەرابەری خوازانە و ئۆمانیسزمی سۆسیالیستی بدەینەوە. تا ئەو جێگایەی بۆشمان دەکرێ پووچەڵکەرەوەی ئەو ئەدەبیاتە شەڕاشۆ و وێرانگەرە بین کە نووسەران و هونەرمەندانی سەر بە نیزامی سەرمایەداری نێو ئاخنی بەرهەمەکانیان، تەنانەت فیلم کارتۆنی مناڵەکانیشیان،

کردوە.

***

| ناوی بابەت: | نووسەر یان وەرگێر: | لاپەرە: |
|---|---|---|
| وێنە | | ١ |
| **وتار:** | | |
| مەحموود دەروێش شاعیری خەونی.... | ن: بێستون | ٢ |
| زیندان و شیعر | ن: س. ا. پیمان | ٥ |
| جوهەیل، سروودێك لە رەنگی چینەكەی | ئا: ناسر حەقپەرەست | ٩ |
| منداڵانی شۆڕش | ن: عینۆ هانسكی | ١٢ |
| گەشتێك بە كۆمارە یۆتۆپیەكەی لەتیف هەڵمەتدا | ن: سەباح ئیسماعیل | ٢٠ |
| چاوخشاندنێك بەسەر ڕۆمانی شازادە ئیحتجاب ... | ن: تەرانە جەوانبەخت | ٢٣ |
| شانۆ،ئامێرێكی ئەكتیڤی هونەریە بۆ ... | ن: فوئاد مورادیان | ٢٥ |
| گرینگی مێتود و شێوازی قسە كردن | ن: هەژیر نینا | ٢٧ |
| هونەر لەناو زینداندا | ن: سودابە ئەردوان | ٢٩ |
| **وتووێژ:** | | |
| ئیعتیاد لەنێو منداڵان و لاواندا | و: دلێر محەمەدی | ٣٢ |
| **چیرۆك:** | | |
| مۆتەكەی مەرگ | ن: سانا نیكی یوس | ٣٦ |
| گەڵا | ن: شەهروز ناسری | ٤٠ |
| تابلۆ | ن: هێجران شێواو | ٤١ |
| سێ پەرنجەرە و ئێوارەیەك | ن: دەریا | ٤٣ |
| نامەیەك بۆ ئەو كورپەلەی كە هەرگیز ... | ن: ئوریانا فالاچی | ٤٤ |
| **شیعر:** | | |
| پەری خەونە سوورەكانم | ن: پەرویز شافعی (كاوە) | ٨٧ |
| سكاڵایەك | ن: ح. نامۆ | ٨٩ |
| قەنارە بەندان | ن: ح. نامۆ | ٩٠ |
| پێشانگە ئەزەلییەكانی سەر شەقامەكانمان | ن: ناسر حەقپەرەست | ٩١ |
| ماندوویەتی | ن: شلێر پاییزی | ٩٢ |
| **روونكردنەوەیەك:** | ................ | ٩٤ |

# مەحموود دەروێش
## شاعیری خەونی شیرینی ئاشتی و دژ بە توندو تیژی

ن: و ئا: بێستون

مەحموود دەروێش شاعیری ناوداری عەرەب لە تەمەنی ٦٧سالی دا ماڵئاوایی لە ژین کرد.
بەرە بەیانی رۆژی چوار شەممە ٦ی ئوت لە نەخۆشخانەیەك لــە ئەیالەتی تێکزاســی ئامریکا مەحمـــوود دەروێش کە لەمێژ ســاڵ بوو نەخۆشـــی دڵی هەبوو نەشتەرگەری بۆ کراو پاش ئەوە گیانی لەدەســت داو جیهان یەکێك لە سیما شۆرشگێڕەکانی شـێعری خۆی بە دەستی مەرگ سپاردو شاعیر خۆی دەڵێ» ئەم ڕوانی کە چۆن ژیان بارگەوبنەی تێکەوە دەپێچێ ئەیســپێرێ بەوانــی تر»بێگومان ناوبراو یەکێك لە هەڵکەوتە شاعیرانی خۆشەویستی عەرەب بوو کە وەك نوێنگەی خەبات بۆ ئازادی و ئاشتی دەناسرا.
شێعرەکانی بۆسەر زۆربەی زمانەکانی دونیا و یەك لەوانە فارســی وەرگێردران کە ناوبانگێکی جیهانی دەرکردبوو. لە نێو کۆڕو کۆمەڵی عەرەبی و خاریجی دا ڕێزی لێدەگیرا و گەلێك خەڵاتی جیهانی پێ بەخشرا.
مەحمـــوود دەروێش زۆربەی شـێعرەکانی بـــە ئیلهام لە مەســـەلەی فەلەستین دەنووســـی و هەر بۆیە شێعرەکانی رەنگ و رووی سیاسی و خەباتگێرانەیان بەخۆیەوە گرتبوو، ببون بە دروشـــم و سروود بۆ فەلەستین و ئاوارە فەلەستینی یەکان. بە گشتی زمانی شـێعری کە ئەو داهێنەری بوو، سەرتاسەری ئەدەبیاتی سەردەمی عەرەبی داگرتبوو.
مەحمـــوود دەروێش لە ١٣ی مارســـی ١٩٤١ لە ئاوایی «ئەلبروە« لە رۆژهەڵاتی شاری عەکا لە فەلەستین چاوی بە ژین پشـــکوت. لە ساڵی ١٩٤٨دا پاش ئەوەی کە ماڵیان کاول کرا، وێڕای بنەماڵەکـــەی روویان لە لوبنان کرد،بەڵام دواتر ســـەر لە نوێ بۆ شـــاری ئەلخەلیل لە فەلەســـتین گەرانەوە. ئیســـرائیلی یەکان ئەم ئاوایی یەیان نوقمی ئاگر کرد و مەحموودی ٦ ساڵە ناچار کرا بەرەو لوبنان بروات.
لە ئـــاکام دا پاش خۆراطری و لەخـــۆ بردوویی خەڵکی



«بروە« ئیسرائیلی یەکان ناچار بە پاشەکشێ کران و کاتێك خەڵك بـــۆ ئاوایی گەرانەوە ،هەموو شـــتێك وێران و کاول کرابـــوو. مەحموود دەروێش لـــە وت وویژێکدا دەڵێ : «لە بیرمە کە ٦ ســـاڵانم بوو، لە ئاوایی یەکی ئارام و جوان دا دەژیان، باشـــم لە بیرە لە یەکێك لە شـــەوەکانی هاویندا کە خەڵك هێندێك جاران عادەتیان بوو لە سەربان دەخەوتن، کوت و پـــڕ دایکم لە خەو خەبەری کردمـــەوە و دیتم کە وێڕای سەدان کەس لە خەڵکی ئاوایی بە نێو بێشەکاندا ڕادەکەین و دەسرێژی گولە بەسەرمان دا دەباری.»

«وێنەیەك بووین بەسەر گاشەبەردا
هەتا لە چەشنی ئاوێنەکان
ئەمان کێشا بەکۆڵمانا
دیتمان سیمای ئەوان
کەکوژران لە دوایین بەرگری لێبراوانە
گریاین لە جەژنی منالانا،
کە جەستەی منالان تووڕ هەڵدەدەن»

***

لە گەرا نیگای سیاسی یەوە مەحموود دەروێش یەکێك لە هەڵســـووراوانی حیزبی کومونیست بوو. لە دەیەی ١٩٧٠دا بە مەبەســـتی خوێندن رووی لە روســـیە کرد و هەر لەوێ بوو بە ئەندامی رێکخراوی ئازادی بەخشـــی فەلەســـتین، کە لەو سەردەمەدا ئیسرائیل وەك رێکخراوێکی تێرۆریستی دەیناســـاندن. ئەوە بوو بە هۆی ئـــەوەی کە لە گەڕانەوەی بۆ فەلەســـتین پێشـــگیری بکرێ و ماوەیەکیش لە قاهیرە گیرسایەوە.

مەحموود دەروێش بـــۆ نارەزایەتی بە ئیمزای قەراردادی ئۆســـلۆ لە ســـاڵی ١٩٩٣ لە ئەندامەتی ئـــەم رێکخراوەیە کشـــایەوە. بەڵام لە تەواوی ژیانی دا لە دوو بواردا بەردەوام چالاکی نواند. هەم خەباتگێـــرو چالاکی بواری رزگاری مرۆڤایەتی بوو، هەم شێعرەکانیشـــی رەنگدانەوەی راستی یەکانی کۆمەڵگاو ئەو زوڵم و ســـتەمەی سەر مرۆڤایەتی بوو. چالاکانە لە خەباتی خەڵکی فەلەســـتین دا بەشداری کرد و هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵی دا لە شاری حەیفا کەوتە گرتووخانەو لەوە بەدواش بەردەوام گرفتاری زەبری پۆلیس بوو، وە دەبوایە حەوتوانە خۆی بە پۆلیس بناساندایە.



یەکەم کۆمەڵە شێعری لە ساڵی ١٩٧٠ لە ژێر ناوی «مەلانی بێ بـــاڵ» چـــاپ و بڵاو کردەوە. بە نووسینی دووهەم کۆمەڵە شـــێعری بە ناوی» کەڵاکانـــی زەیتوون» جێگاو شوێنی خۆی لە نێو شێعری فەلەستین و جیهانی عەرەبی دا کردەوە. هەروەها بەرپرسی یەکێتی نووسەرانی فەلەستین بـــوو، و بناغەدانەری یەکێك لە گرینگترین وەرزنامەکانی ئەدەبی و مۆدێرنی جیهانی عەرەبی بە ناوی «الکرمل» بـــوو. مەحمـــوود دەروێـــش لەگـــەڵ «ژاك دریـــدا» و»پی یر بۆردیۆ» پارڵمانی نێونەتەوەیـــی نووســـەرانیان دامەزراند.

مەحمـــوود دەروێش گەلێك شوێنەواری بە نرخی لە پاش خۆی بۆ جیهانی ئەدەبی بەجێهێشت. کە رۆژمێری یەکانی برینی فەلەســـتینی یەك، بۆ دایکم و ئەحمەد ئەززەعتەر لە قەسیدە بە نێوبانگە سیاســـی یەکانی مەحموود دەروێشن. میراتی شێعری ئەو بۆ چەندین نەسلی دواتری فەلەستینی یەکان و جیهانی عەرەبی و هتد هەروا زیندوو دەمێننەوە.

ناوی کۆمەڵێك لە شـــوێنەوارو پەخشانەکانی کە لە پاش خۆی بەجێی هێشت بریتین لە:» تەیرە بێ باڵەکان ١٩٦٠، گەڵاکانی زەیتون ١٩٦٤، ئەویندارێك لە فەلەستینەوە ١٩٦٦، بۆ و ئەســـپەکەم تنیا جێ هێشت ١٩٦٩، دڵدارەکەم لە خەو هەڵدەستێ ١٩٧٠، چۆلەکەکان لە ئەلجەلیل دەمرن ١٩٧٠، گەمارۆیەك بۆ ستایشی دەریا ١٩٨٤ و تاوڵەچێو...».

لێرەدا وەرگێڕدراوی چەند بەشێك لە شێعرەکانی مەحموود دەروێش دەخوێنینەوە:

ئاشتی هاواری دوو ئەویندارە کە
خۆ ئەدەنە بەر تریفەی مانگەشەو
ئاشتی لێبوردنی لایەنێکی بەهێزە لەوەی کە
لە چەکدا لاوازەو لە ئاسۆدا بەهێز
ئاشتی درکاندنی راستی یە
چیت لە کوژراوەکان کردوە.

* * *

شاعیر لە شێعرەکانی تری دا باس لە دۆستی و ئەوین دەکا و دەڵێ:

«یان ئەو، یان من»
شەڕ بەمجۆرە دەست پێدەکا،
بەڵام بە دیداری چـــاوەروان نەکراو
تێدەپەڕێ
« من و ئەو»

* * *

بیست دێڕم بۆ ئەوین چڕی و
گەیشـــتە خەیاڵم کە ئـــەم دیواری
گەمارۆیە
بیست میتر بۆ دواوە چووە.
شـــاعیرێك ئێســـتاکە ســـروودێك
ئەچڕێ
بە جێگای من
لە سەر شۆڕە بی دوورە دەست
کەوا بۆچی گوڵی ســـوور لە سەر
دیوار



گەڵای نوێ دەردەکات؟
منالێك ئێستاکە کۆترێك ئەفرێنێ
بە جێگای ئێمە
لەسەر سەران، لە سەر هەورەکان
کەوا بۆچی ئەم بەفرە،
دارستانی چڕ ،بزەی وەك ئەسرین دەرێژێ؟
تەیرێك ئەمێستاکە نامەیەك لەگەڵ خۆی دەبات
بە جێی ئێمە
بۆ شینکایی دەڤەری ئاسك
کەوا بۆچی راوچی دێتە مەیدان
هەتا تیرلە کەوان رەها بکات؟

* * *

لە کۆتایی دا مەحموود دەروێش دەڵێ:

ئەدەبیات فێرم دەکات کە پەیوەندیم بە کەسانی ترەوە هەبێ و فێرم دەکات کە خۆم لە نێو دەورووبەرم دا ببینم. ئەدەبیات ئاسۆی بیرم بەرینتر دەکات و دەمکا بەوەی کە خۆم بە بەشێك لە جەماوەری خەڵك هەست پێبکەم. کاتێك کەوتوومە کونجی گرتووخانەوە، شێعرە جوانەکانی پابلۆ نێرۆدا بە هانامەوە هاتن، هەتا بەسەر ئەو شوێنە ترسناکە دا زاڵ بم، بەرەو رۆخی زەریای ئارامم بەرێت، ئەو شوێنەی کە وێڕای ماسیگرەکان تۆڕمان دەخستە نێو ئاو. ئەسپەکەی ئایتماتۆف ، کەوتە ڕمبازێن لە دەشتا، ناچاری کردم بۆ دوورە دەست بڕۆم و لە ژیانی ڕۆژانە جیا ببمەوە.

* * *

# "زیندان و شێعر"

س. ا- پەیمان

هەرچەنـد شـێعر و باقی ژانرەکانی دیکـەی ئەدەبیات بـەردەوام یـار و یـاوەری کات و سـاتەکانی تەنیایی و گۆشەگیری مرۆڤ بوون، بەڵام شێعر لە زینداندا، ئەویش لەکاتی پشوبڕی ئەشـکەنجەی ڕۆحی، شەلاق و لێداندا، شـتێکی تایبەتتر بووە. کەمتـر زیندانیەك دەتوانی ببینی کە بۆ ئـەوەی بتوانێ قایم و خۆڕاگر بێـت و پایەدار لە زینداندا، لە سـلولە تاکەکەسیەکاندا، لە ڕۆژگاری تەبعید و دوورخرانەوەیـدا، نەخزابێتە ژێر سـایەبانی ئەمن و پڕ لە ئاسایشی شێعرەوە. کەمتر زیندانیەك دەبینی، لەکاتی بەڕێ کردنی ساتە پڕ لە ئازارەکانی تەنیایی و بێ پشت وپەناییدا لە زیندان، بە خوێندنەوەی سرود یان زەمزەمەی شێعرێك لە شێعرەکانی خۆڕاگری، وەرەی نەگرتبێتەوە.

ڕەنگە پێویست بێت بۆ دۆزینەوەی ڕەمز و ڕازی کاردانەوەی جادویی شێعر لەسەر گیان و ئەندێشەی زیندانی، ئیجازی شـێعر بە وردی بپشـکنین؛ دەربڕینی چڕوپڕی چەمکە ئینسانیەکان لە هەیکەلی ئوستورەیی شیعردا؛ چەمکگەلی وەك خۆڕاگری، پاراستنی نهێنی، چۆکدانەدان و پارێزگاری لە سـنووری بیر و باوەڕە ئینسانی و سیاسیەکانی خۆی، ئەوەدەمەی کە زیندانی ئازارکێشانە نیازمەندی کەسێکە تا تەنیاییەکانی لەگەڵ بەش بـکات، برینی جێی دابەزینی قامچی و شـەلاقەکانی سەر جەستە و ئەندێشەی لەگەڵدا سارێژ بکات و بتوانێ بەسـەر دوودڵیەکانی لە سەردەمی کێشمەکێشی خۆڕاگری و تەسلیمبووندا زاڵبێت. لەم ڕووەوەیە کە لەگشـت گۆشە و قوژبنەکانی زینداندا، هەر سوچێکی کە زیندانیەکی سیاسی تێیدا قەراری گرتبێت، ئاسەوارێك لە شـێعری خۆڕاگری بە ڕوخسـاری دیوارەکانەوە بەدی دەکەیت. هیچ دیاردەیەك ناتوانێ ڕونتر و ڕەوانتر لە شـێعر هەلومەرجی ئەوکاتەی کە زیندانیەك شێعرێك بۆ یادگاری لەسەر دیواری سـلولەکەی هەڵدەکەنێ، دەربڕێ. جا ئەم شێعرە بەرهەمی خۆی بێت یان بۆ دەربڕینی مەبەستێك لە کەسانی دیکەی وەرگرتبێت.

کەمتر سلولێك دەسدەکەوێ زیندانیانی سیاسی، دەورانی لێپرسـین و بازجویی خۆیـان تێدا بەسـەر بردبێت، بەڵام شـێعرگەلێکی وەك "وارتان قسەی نەکرد" و "لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزەمژی چۆن بژی شەرتە نەوەك چەندە بژی" بە دیوارەکەیەوە نەنوسـرابێت. زۆربەی ئـەو زیندانیانە بە خوێندنەوە و زەمزەمە کردنی شێعری سەر دیوارەکان پەیامی پایەداری و خۆڕاگری خۆیان و هیوا بە داهاتوویەکی گەش و شکست و سەرشۆڕی دوژمنانیان چرپاندۆتە گوێی باقی زیندانیەکانی دیکەوە.

بەڵام، بانتر لە کاردانەوەی شێعری خۆڕاگری، لەسەر گیان و ئەندێشەی زیندانی سیاسـی، نووسینی ئەم شێوە شێعرە لەلایەن خودی زیندانیانەوە، یەکێك لە ڕێگا کاریگەرەکانی مانەوە و خۆڕاگری زیندانیان بووە لە هەلومەرجی سـەخت و دژواری بەندیخانـەدا. زۆربەی ئـەو زیندانیانەی لەناو زینداندا پێیان ناوەتە بەسـتێن و بواری شێعر نووسینەوە، بەر لە چوونە زیندان خاوەنی هیچ ئەزموونێکی ئەدەبی نەبوون. ئەم زیندانیانە، چەند ساتێکی ئەو هەلومەرجەی بە گۆشت و پێستەوە لە بەندیخانەدا ئەزمونیان کردووە، لەڕێگای زمانی شێعرەوە گێڕاوەتەوە. ئەوان، سەرەتا بۆ سارێژی ئازارەکانی ڕۆح و گیانـی خۆیان و خاڵیکردنی زوخاوی پەنگخواردو لە دەرونیاندا و دواتر بۆ سەبتی ساتە ئازاراویەکانی زیندان لە زەین و بیرەوەری مێژوودا و گواسـتنەوەی لەم ڕێگایەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، یان بۆ کەسانێك کە لە دەرەوەی زیندان هەسـت بەم ئازارانە ناکەن، لەژێر ساباتی شێعردا دەفتەری پڕ لە ئەزموون و ئازاریان واڵا کردوە.

زیندانی/ گەر بیەوێ/ لە دەربیچەی/ تەسـکی سلوولی ژانەوە /بەرەو کووچەی /هەستی ئینسانی بڕوانێ
شووشـی قامچی دەبنە پەردە. /گەر بیەوێ / مەلی فڕین دەسـتەمۆ کات /بە سێدارەوە دەنیشێ. /لەجیات پەنجەی

حەوانەوەش /جەســـتەی/ لەرز ڕایدەژێنێ /بە درێژایی/ تەمەنی گشت شەو و ڕۆژێ /وەرزێرێکە /لە مەزرای بیر و خەیاڵا/ بۆ داهاتووی /تۆوی هومێد دادەچێنێ.*

لەم ڕووەوە ئاماژە کردن بە لایەنی فەننی و تەکنیکیەکانی شێعر، بێبەشــمان دەکات لە هەســتکردن بە پێویستی ئەو ســاتانەی کە نووســەری شــێعرەکە ئەزموونـــی کردووە. پێویســت بە ئاماژەیە ئەو شــاعیرە مەزنانـــەی کە خۆیان بەندیخانەیان تەجروبە کردوە، بەشێك لە جوانترین و نەمرترین بەرهەمەکانیان، کە دەکرێ پێیان بڵێین شێعری خۆڕاگری، لە دەورانی زیندانی بووندا هۆنیوەتەوە. لەنێو ئەم بەندیانەشدا کەسانێك هەبوون هەرچەند بۆ یەکەمجار بووە دەستیان داوەتە نوسینی شــێعر، بەڵام بەرهەمگەلێکی نەمر و پڕبایەخیان خوڵقاندووە.

لەکۆتایـــی ئەم بابەتـــەدا چەند بەرهەمێکی شـــێعری دەخوێننەوە کە یان لە زینداندا نووســـراون، یان بۆ زیندانی نووسراوە لەلایەن شاعیرێکەوە کەخۆی زیندان و ئازارەکانی ئەزموون کردووە.

ئەحمەد موسەوی لە شـــێعرێکی نیمچە درێژدا، کە من کورتەیەکم لێ کردووە بە کوردی، بەم شـــێوەیە باسی زیندان و زیندانی دەکات:

## "لێرە"

خۆر بە دلۆڤانیەوە
لەولاوەتر
لەپشت ئەم زاخە شێدارەوە
لە پانتایی دەشتی لالەزار – ئەم دەشتە سووریاوە -
لەگەڵ نەسیمدا
سەرگەرمی سەمایەکی بەهارانەن و
بولبولانی سەرخۆش لە پشکوتنی گوڵ
بە خونچەی سوور بە لێوەوە
باڵ دەبزوێنن و دەفڕن لە پەلکێکەوە بۆ پەلکێکی تر
تا چێژی تێکشکانی زستان ڕازاوەتر بکەن.
* * *

لێرە
لەم زاخە تاریك و شێدارەدا
کۆمەڵێك ژن و پیاو خزاونەتە کونجی بێدەنگیەوە
دوای تێپەڕبوونی درێژترین ڕۆژ و مانگەکان
چون، هەر وشەیەك تاوانێکە بە بەرینایی شەو.

لێرە
دانیشتوان کۆمەڵێك ژن و پیاو بەبێ هیچ بزوتنێك
بەپشت سەری تێپەڕبوونی ڕۆژە درێژەکانەوە
وەك بڵێی کۆمەڵێك کەژ و لوتکەی سەربەرزن
لە شکڵ و شێوەی ئینسانیدا
چون، هەر جوڵەیەك تاوانێکە
بە درێژایی چەند شەو و ڕۆژێك
مانەوە لە قەرەنتینە
بە توێشوی قورسی ئازارە بەردەوامەکانیەوە.
* * *

واوەتر بەهارە و پشکوتنی گوڵ
سەڵاو ئاوازی مەلانی ڕەنگاو ڕەنگ
لەگەڵ سەمای سەرمەستانەی داری بی و
زایەڵەی پڕ لە چێژی ئاوی خڕ و لاشیوان
کەوا لە دڵی شاخەوە هەڵئەقوڵێن و ئەخرۆشێن
تا ئەچنە کۆشی دەشتێکی سەوز و بژوێن.
* * *

لێرە،
بەجێگای کەروێشکەی سەوزەڵانی دەشت
تەنیا ڕوانینە واتای گرتووە
. . .

پایـــەداری و مانەوەی ئینســـان بە دووبـــارە ژیاندنەوە و بەدیهێنان و خوڵقاندنەوە بەندە. ئەمە پێویستیەکە لە زینداندا زیاتـــر زەرورەتی خـــۆی دەســـەلمێنێ. زیندانی لەڕێگای خوڵقاندنی بەرهەمی هونەریەوە نەمری بۆخۆی دەســـتەبەر دەکات. هەر بـــەم هۆیەوەیە کە لە چوارچێـــوەی زینداندا جـــاری واهەیە جوانترین و نەمرتریـــن بەرهەمی هونەری دەخوڵقێ. لە زینداندا هونەر ئامرازێکە زیندانی لە ڕێگای ئەوەوە، جیا لەوەی کۆڵنەدان و ڕاوەستاوی خۆی لە بەرانبەر ئەشکەنجەگەرانیدا ڕادەگەیەنێ تەنانەت مژدەی شکست و بەچۆکدا هاتنی بەرانبەرەکەشیمان بە گوێدا دەدات.
بۆ نمونە گۆرانی شاعیر لەم سرودەدا:

## بەستەی نەبەز

من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا
هەتاوی بیر ڕوناك ئەکا بەر چاوم؛
بەناو هەزار حەڵقەی داوی باریکا
قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم!

بەڵام ئەمن
لە شەوێکی تاریك و تەمتوومانا هیچ کەسێکم نەکوشتووە
بەڵام ئەمن لە ژینمدا ڕێم لە سەد خۆر نەگرتووە
بەڵام ئەمن نیوەشەوێك خۆم بۆ سەربان سەرنەخستووە.

* * *

ئالێرەدا چوار زیندانە
لەهەر زیندان چەن ڕیز دالان، لە هەر دالان سیاچالان،
لەهەر چالێك چەندین بەندی لەزنجیردان...
لەنێو ئەم بەندیانە پیاوانێك هەن لاشەی مردووی هەر ژنێکیان خۆشدەوێ.
پیاوانێك هەن هەموو شەوێ لە خەونیانا ژنێك بە ترسی مەرگەوە
ئەقیژێنێ لەجەرگەوە.
بەڵام ئەمن لە ژناندا هیچ نابینم – ئەگەر ڕۆژێکی لە ناکاو
ئاوەڵدوانەم کپ و خامۆش نەبینمەوە -
بەڵام ئەمن لەنێو ناخی چیای بەرزی خەونەکانما بێجگە لە زایەڵەی نزمی
ئەم بژارانەی بیابان کە دەڕوێن و دادەڕزێن و وشك هەڵدێن و دەوەرێن،
دەنگێکی تر نابیسمەوە.
گەر زنجیری ئەم ئەرکە گەورە و گرانە نەبووبایە
ڕەنگە ئەمن کازیوەیەك وەك یادێکی دوور و لەرزان
بەجێم دەهێشت ئەم زەمینە پەستەی پاوان...
ئەمەیە تاوان!
ئەمەیە تاوان!

زیندانی شارەوانی ١٣٣٦
باغ اینە.

---

سەرچاوەکان:
ئینترنێت
گۆڤاری ئارەش
دیوانی گۆران
کتێبی باران ودڵۆپە.
*شێعرێکی: سەعید ئەمانی

# جۆهەیل،

## سروودێک لە ڕەنگی چینەکەی

ئا: ناسر حەقپەرەست

نزیکەی سەدەیەك لەمەو بەر لە کارگەیەکی میکانیکی لە شیکاگۆی ئەمریکا، کرێکارێکی تازە هاتوو کە بە لەهجەی دا دیار بوو لە شوێنێکی دورەدەستەوە هاتووە، رۆژێك لە نیوان ئەو کرێکارانەدا کە لە بەرانبەر دولارێك دا ١٢ کاتژمێر کاری بێ وچان بویان ببوە نەریت، وتی: (پیتان چۆنە یەکێتییەك دروست کەین، .... ئەرێ، خۆمان رێکخەین.)
خاوەنکار ئەو قسانەی بیستەوە "دیسانەوەیش ئاژیتاتۆرێك، ئەویش غەریبە!" دەرکرا. ژیانی بێ کار دژوار بو.
بو دۆزینەوەی کار سەردانی کارگەیەکی تری ئەو گەرەکەی کرد: ناوی تۆ یوسف هیلیسترۆم لە لیستەی ڕەش دایە.
دانامەزرێی...



ئەو کە هێشتا ٧ ساڵانە بو، باوکی لە دەست دا. هۆکاری مەرگی باوکی جۆهەیل زیانەجسمیەکانی سەرچاوەگرتوو لە کاری تاقەت پروکێن بوو. جۆهەیل لە تەمەنی ٩ ساڵیەوە بۆ یارمەتی بە بژیووی ژیانی بنەماڵەکەی لە کارخانەیەکی رستن و چنین دا دەستی بە کار کرد. دواتر لە سەرجەرسەقیلە هەڵمییەکانی ئەوکات، وەك بەرپرسی ئامادە کردنی ئاگر درێژەی بە کاردا. ئەو تەنیا ٢١ ساڵ تەمەنی بوو کە بە هۆی هەل و مەرجی دژوار و نالەباری شوێنی کار، توشی ئازاری جومگەکان هات. بۆ چارەسەر روی لە ستۆکهۆڵم کرد. لە ماوەی چارەسەر کردنی دوکتورەکان بە چەندین جار تیشکی ئێکس_یان بە کار هێنا کە بووە هۆی جۆریك سووتاوی بە روخسار و ملیەوە .
دو ساڵ دواتر، مارگیرتا_ی دایکی کە تووشی پشت ئێشەیەکی توند هاتبوو، بۆ چارەسەر چەندین جار عەمەلیات کرا. ئیتر لە کۆتایی دا بنەماڵە توانای راگرتنی ماڵ و سەرپەناکەی خۆیان لە دەست دا و بۆ درێژەدان بە ژیان، ناچار بوون ماڵەکەیان بفرۆشن.
لە گەڵ فرۆشتنی ماڵ، بۆ درێژەدانی ژیان، بە ناچار هەر کەسە و ریگەیەکی گرتە بەر.
خوشك و براکانی جۆهەیل بە شوێن کاردا هەریەکەو

جۆهەیل شاعیری سروود بێژ، ئاواز دانەر و هەڵسوراوی کرێکاری لە ئۆکتۆبری ١٨٧٩ لە بنەماڵەیەکی کرێکاری سوئێد چاوی بە ژین پشکووت.
بنەماڵەیەك کە موسیقا بەشێك بوو لە ژیانیان، هونەریك کە رەنگێکی تری جوانی بە ژیانی کۆلکەزێرینەیی جۆهەیل دەبەخشی.

پەرتەوازەی شارێکی سوئێد بوون. ئەویش لە گەڵ برایەکی ساڵی ١٩٠٢ بە شوین کاردا روویان لە ئەمریکا کرد.

جۆهەیل، کریکاریکی سنوور نەناس

وا باشـــە بەر لە چونە ســـەر ژیانی جۆهەیل لە ئەمریکا، ئاماژە بـــەم تایبەتمەندییەی لە نیوان زۆرێك لە کرێکارانی کۆچبەر دا بکەین کە ئەویش نە بوونی هەســـتێکی تایبەت بـــوو بەرانبەر بە ئەمبەر و ئەوبەری ئۆقیانوس، ئەزمونێکی واقعی کە هەڵقـــوڵاوی مەینەتییەکانی ژیانی لە جیهانی بەرژوەندیخوازی سەرمایەداری بوو. لە ژیانی خەباتکارانەی جۆهەیل دا ســـنورە دەســـکردەکان هیچ دەورێکیان نەبوو. هەروەك لە نامەیەکدا بۆ یەکێك لە هاورێکانی دەنوسیٚ:

"مـــن لە بابەت خۆمەوە هیچم بۆ وتن پآ نییە، تەنیا دەتوانم ئیدعای ئەوە بکەم بەش بە حاڵی خۆم هەمیشـــە لە هەوڵی ئـــەوەدا بووم ئەو جیهانە بۆ چینـــی بەرینی بەرهەم هینەر هیندێك باشتر بکەم."

هەڵبەت دەبیٚ بڵێم کـــە دووان لە بابەت ژیانی جۆهەیل لە ئەمریکا  پیویســـتی بە تەفسیرێکی تەواو و بەرین هەیە و لەم بابەتە کورتەدا مروور ناکرێتەوە. چونکە ژیانی جۆهەیل لەویٚ وەها تێکەڵاوی خەباتی کرێکاران لە دەیەی یەکەم و سەرەتای دەیەی دوهەمی ســـەدەی بیستەم بووە کە خۆی هەڵگری باســـێکی تایبەتییە . بەڵام لە لایەکی تریشـــەوە بەرهەمەکانـــی جۆهەیـــل لە ماوەی ژیانی لـــە ئەمریکا، هەم خۆی و هـــەم بزوتنەوەی کرێکاری ئەو ســـەردەمەی تا رادەیەکـــی زۆر توانیوە بە زۆربـــەی زمانەکانی جیهان بناسێنیٚ.

جۆهەیل ١٢ ســـاڵ لە ئەمریکا، هەر جاریٚ لە شـــوێنێك و بـــە کارێکەوە خەریك بوو. ماوەیەك لە گەڵ ماڵبەکۆڵەکان، ئاوردووی زســـتانیی خـــاوەن مڵلکەگەورەکانی کۆ کردەوە. جاری وابـــو لە وەرزەکانـــی هاویندا لـــە مەزراکاندا وەك کرێکارێکی وەرزێر کاری دەکرد. ماوەیەك کاری بیناسازی و ماوەیەکیـــش لە لەنگەرگەکان، خەریکی بارکردن و خاڵی کردنی پاپۆرەکان و کاری جۆراوجۆری تری کاتی و وەرزی بوو.

لەم ماوەیـــەدا لە گـــەڵ کرێکارانیکـــی زۆر، بە تایبەت کرێکارانی کۆچبەر ئاشـــنا بوو. ساڵی ١٩٠٥، بە تۆمەتی رێکخســـتنی کرێکارانی کلیولیند لە سەر کار دەرکرا، ناوی چووە ناو لیستی رەشی خاوەنکارانەوە ، لەو کات بەدواوە بۆ ماوەیەکی زۆر هیچ خاوەنکارێك وەخۆی نەدەگرت.

ســـاڵی ١٩١٠ ، جۆهەیـــل بە ریزی یەکێتـــی کرێکارانی پیشـــەیی جیهانەوە (I.W.W) پەیوەست بوو. لەو ساڵەدا وەك مۆنشی یەکێەتی ناوچەیی ســـەن پیدرۆ هەڵبژیردرا. زۆربەی شیعر و سرودە ناو دارەکانی لەو ساڵە دا ووت. "واعز و کۆیلە"، "کەیسی جۆنز" بەر هەمەکانی ئەو ساڵەن. دواتر گۆرانییەکانی جۆهەیل لە پەرتوکێکی چکۆلانەدا بە ناوی "گۆرانییە سوورەکان" لە گەڵ شیعرەکانی کرێکارانی رادیکاڵ و سۆسیالیســـت بە چاپ گەیشت. جێگای باسە کـــە لە و کات دا بە هۆی کەش و فەزایەکی خەفەقانی و تیرۆر کە لە لایەن بۆرژوازییەوە بە سەر رێبەران و پێشڕەوانی کرێکارایدا ســـەپابوو، جۆهەیل بەرهەمەکانی بەناوگەلێکی نەناســـراوەوە بڵاو دەکردەوە. دواتر لە پاش مەرگی لە لایەن (I.W.W) ســـرودەکانی جۆهەیل بە ناوی واقعی خۆیەوە لە  چاپ درا.

جۆهەیل ســـالی ١٩١١ هاوریٚ لەگەڵ ســـەدان کرێکاری رادیکاڵ و هیزە پێشـــکەوتن خوازەکانی ئەمریکا، بۆ سەرو ژێر کردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری (پور فریو دیاز) رێگای مێکزیکی گرتەبەر. لە پاش شـــەش مانگ شـــەر لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، دەســـتەکەیان لە بەرامبەر ئەرتەشی دەورە دیدەو خاوەن ئیمکاناتی دەســـەڵاتی دیاز تێکشـــکاو بەرەو ئەمریـــکا گەرانەوە. ســـاڵی ١٩١٢ لە دژی زوڵم و زۆری پۆلیس کە هەوڵی قەدەغەکردنی کۆبوونەوەی هەڵسوراوانی کرێکاری و هیزە سیاســـیەکانی لە هۆڵـــی دیاگۆ دابوو، هاوپەیمانییەتییەکی بـــۆ بەرگری لە ئازادی ڕادەربرین لە هیزە جۆراوجۆرەکان پێك هینا.

ئـــاگاداری  خەباتی کرێکاران لە هەر گوشـــەیەك بووایە، بەشـــدار دەبوو، وە بە ســـرودەکانی گیانێکـــی تازەی لەو بەرەنگار بوونەوانە و خۆڕاگریانەدا دەگێرا.

لە کاتی مانگرتنی کرێکارانی رێگای ئاسنســـازی کانادا لە بریتیشـــی کۆلۆمبیا، خۆی گەیاندە ئەویٚ و ســـرووود گەلێکی جوانی بۆ دیفاع لە خەباتی کرێکاران دارشت . لەم مانگرتنـــەدا بۆ یەکەمین جار لە گەل پۆلیس دەرگیر بوو، دەســـتگیر کراو لە ژوئییـــەی ١٩١٣دا بۆ ماوەی مانگێك زیندانی کرا.

رۆژی ١٠ی ژانوییـــەی ١٩١٤، جۆهەیـــل بە هۆی ئەو برینانەی کـــە لە تێکهەڵچونێکدا لە گەل کەســـێك بەری کەوتبوو، کاتژمێر ١١ و نیوی شەو سەردانی ماڵی پزیشکی شـــاری کرد. دوانیوەرۆی ئەو روژە دوکاندارێك و کورەکەی لەو سەری شار کوژرا بوون. هەر ئەوەندە بەس بوو تا بریندار بوونی جۆهەیل بەو قەتڵەوە پەیوەند بدەن.

ســـەرەرای نـــا دڵنیایی شـــاهید لـــە دادگا، جۆهەیل بە

قەتڵی ئەو دوو کەسە تۆمەتبار کرا. دوو مانگ بەر لە محاکمەکەی کەمپەینێك بۆ ئازاد بوونی کەوتە رێ کە تەنانەت لە پاش تیرباران کردنیشی بۆ ماوەیەك درێژەی کێشا. لە ماوەی ئەم کەمپەینەدا بە میلیۆنها کەس لە کریکاران و خەڵکی شەریفی جیهان، نامەیان بۆ دادگا و دەوڵتی ئەیالەتی یوتا نوسی و خوازیاری ئازادی جۆهەیل بوون. لە نیوان پشتگیرانی دا کرێکارانی رادیکاڵ رۆڵێکی تایبەتییان هەبو. بەربڵاوی کەمپەین و هەستی ئینسانی خەڵکی جیهان بە نیسبەت جۆهەیل، بەو جییە گەیشت کە تەنانەت سامول گومپیز، ریبەری فیدراسیۆنی کار و وو درۆ ویلسون سەرۆك کۆماری کاتی ئەمریکا، خوازیاری ئازادی ئەو بوون ، بەڵام دادگای باڵای یوتا هەرگیز ئامادە نەبوو بە حوکمەکەی خۆی دا بچێتەوە.

جۆهەیل، رۆژی ١٩ی نوامبری ساڵی ١٩١٥ درایە بەر دەستریژی گوللە . ئەو تا دواهەمین ساتەکانی ژیانی خۆی، وەك کرێکارێکی جەسوور و نەسرەوتوو ، بە دڵێکی لێوالیو لە قین بەرانبەر بە نیزامی سەرمایەداری ، راوەستاوە . تەنانەت لە دوا ساتی ژینی، بە پێی قسەی سەربازەکانی هێڵی ئاگر، بەر لە فەرماندەکە، فەرمانی دەستریژیدا و مەرگی بە هیچ گرت.

جۆهەیل لە گەل وەسیەتنامەکەی لە نامەیەکدا بۆ بێل های وێد رێبەری پێشووی کانچییەکان، نوسی: "بێل! من هەر وەك نەسرەوتوویەك دەمرم. کات بۆ شین و گریانی من بە فیرۆ مەدە، کریکاران رێکبخە."

وەڵامی های وێد بۆ جۆهەیل: "سڵاو جۆهەیلی ئازیز! تۆ بۆ هەمیشە لە ناو دڵی چینی کرێکاردا دەژی . لە هەر جییەك کە کرێکاران کار دەکەن، سرودەکانی تۆ بە ئاسمانەوە پەرهەڵدەخاو دەبێتە هاندەریان بۆ خۆرێکخستن ."

جۆهەیل، بەر لە مەرگی لە بەشێك لە نامەیەکی دا کە لە زیندانەوە بۆ هاورێکانی نارد ، نوسی: "دادگا دواهەمین حوکمی خۆی (کە دەرکردنی من لەم جیهانە لە خۆ دەگرێ) دەرکردوە . هەڵبەت پێشوتریش چەندین جار ئەو حوکمەم لێ وەرگرتوون ، بەڵام وا پێدەچێ کە حوکمی ئەمجارەیان جیدی بێ. لەوانیە بەیانی من سەفەرێکی کورتم هەبآ بۆ سەر مەریخ. ئەگەر ئەم سەفەرە حەتمی بێتەوە دەسبەجآ دەست بە رێکخستنی کرێکارانی ئەم هەسارەیە دەکەم لە پیوەند بە (I.W.W)وە، وە سروده قەدیمیەکانمان بە دەنگێکی وا بەرز دەڵێینەوە، دووربینی ئەستێرەناسانی سەرگۆی زەوی، یەکجار بۆ هەمیشە ئەم هەواڵە باشە وەرگرن کە لە سەر ئەم هەسارەیەش ژیان لە گۆرێ دایە.

بە پێی وەسیەتنامەکەی، تەرمی جۆهەیلیان سوتاند و رۆژی یەکی مانگی مەی( روژی جیهانی چنی کرێکار، خۆڵەمێشەکەی لە لایەن راڵیف چاپلین نوسەری ناوداری سردوودی یەکگرتویی، بۆ هەمیشە بە دەم با دا درا.

جۆهەیل ئەم وسیەتنامەیەی، شەوێك بەر لە ئێعدام (١٨ی نوامبری ١٩١٥ ) لە زینداندا نوسیوە .

بە جص بێنە وەسییەتم گەلێك سادەو سانایە
چی دابەش کەم کە هیچم نییە لە ئارایا
پێویستیان نیە بە گریان گەلی خزم و خوێشانم
قەوزە وە خۆ ناگرێ بەردی خزۆك بۆ هەتایە
گەر بە حەزیای خۆم بێ،
تەرمەکەم گڕ دەن و خۆڵەمێشی لاشەکەم
بدەن بەدەم سروەی شنە بایە
هەتا بەرەو گوڵستان راپێچی کات
رەنگە گۆڵێکی ژاکاو سەر هەڵبرێ و بشنیتەوە
دیسانەوەش بپشکوێ لەم سەرایە
ئەوە بوو دوایین حەزیای من
ژیانی بەختەوەری بۆ هەموو لایە .

---

*سەرچاوە : ئینتێرنێت



# منداڵانی شۆڕش

نووسینی: عینۆ هانسکی
لە فارسییەوە: کەریم ئەمانی

پێشەکی:
" منداڵانی شۆڕش"، نووسینی " عینۆ هانسکی"، رۆمانێکی گەلێك شـیرین، هەژێنەر و سەرنج راکێشـە و گێڕانەوەی بیرەوەرییـەك، کـە هەڵبەت نـەك لە زمان کەسـی خاوەن بیرەوەرییەکەوە، بەڵکوو خودی نووسەرە، کە گوێ بۆ ئاخاوتنی دۆست و هاوڕێیەکی دایەگەورەی " ماشا" رادەگرێ.

عینۆ هانســکی، نووســەری فنلاندی کتێبی " منداڵانی شــۆڕش" لە پێشــەکی کتێبەکەی دا دەنووسێت: ئەگەرچی ئـەم کتێبەش هەروەك تەواوی کتێبەکانی ترم نووســینەوەی مێژوویەکی بەڵگەیی ( تاریخ نگاری) نییە بەڵام هێمایەکە لەو حەقیقەتە.

عینۆ هانســکی ئامــاژە بۆ ئەوە دەکات کــە، رووداوی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر بە وەسیلەی کەسانێك بەرەو پێشەوە برا و بە ئاکام گەیشــت کە ئەوان نە لنینن، نە برژنسکی و نە تروتسکی. بەڵکوو باری گرانی ئەم شۆڕشە لەسەر شانی ئەو جەماوەرە زەحمەتکێش و هەژارانە بوو کە لە دارشتنەوە و نووســینەوەی مێژووی ئەم شۆڕشە دا گەلێك بە دەگمەن بــاس لە ژیان و فیداکاریەکانیان کراوە. ئەمە جگە لەوەیکە عینۆ هانسکی دەڵێت: خاڵی جێگای سەرنجی ئەو رۆمانە، بۆ خودی من هەر ئەو مەســەلەیە بوو، بەڵام بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی جیاواز.

بە ســـەرنجدان بەوەیکە من ئەو کتێبەم لە ساڵەکانی دەیەی نەوەد دا وەرگێڕاوەتەوە، واتا رێك ئەو سەردەمانەی کە نووسەران و راوێژکارە ورد و درشتەکانی سەرمایەداری لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە گرینگی و بایەخی رەوتی گشتی رووداوەکانی شۆڕشی مەزن و شـــکۆداری ئۆکتۆبر، تا ئاستی شتێکی وەك سات و ســـەودا لە گەڵ دەوڵەتی پرۆس، کەم بکەنەوە، ( سەرنجتان راەکێشم بۆ خوێندنەوەی کتێبی " حەوت رۆژ تا پترۆ گراد" لە نووسینی Tom Hyman. نووسەری ئەم رۆمانە قێزەون و چەواشەکارانەیە، بە سەبکی فیلمە " جینایییەکان"، رۆیشتنی لنین لە ئاڵمانەوە بۆ پترۆگرادی وەك سات و سەودا و بەرتیل وەرگرتن لە دەوڵەتی پرۆس وەســف دەکات و بە زیاد کردنی هەندێك تام و چێژی وەك مەسەلەی پێوەندی سێکسی " ئیسنا ئارماند" لەگەڵ بکوژێکی حیرفەیی کە لەلایەن ئینگلیسەوە مەئموور دەکرێت تا خۆی وەك شۆڕشگێڕێك بداتە قەڵەم و لە قەتارێك دا ببێتە هاوسەفەری لنین بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی گونجاودا بیکوژێت، هەوڵیداوە بە شــێوەیەکی گشــتی ئەم رووداوە مێژووییــە جیاواز لە کــەم و کوڕییەکانی بکات بە سناریۆیەکی بێ بایەخ و پۆلیسی.)

وتەکانی ئەم دواییانەی ئاغای محەممەدی تلوعی سەبارەت

بە شۆڕشی ئۆکتۆبر لە وتوویژ لەگەڵ عەباسی میلانی، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ناوەرۆکی ڕۆمانی " حەوت ڕۆژ تا پترۆگراد" دا نییە، ئەگەر ســـەرچاوەکەی هەر ڕێك ئەوە نەبێــت، بێگومان حیکایەتێکە بۆ بەلاڕێدا بردن و پێچەوانە نیشــاندانی ئەم مێژووە، بەڵام بە ســـەبکی ئێرانیەکەی. بەم چەشنە چەواشەکارانە بەیانکردنی ئەم داستانانە، وە یان لە باشترین حاڵەتدا وەك ئەمرێکی ئیرادەگەرایانە شوبهاندنی ئەو حەرەکەت و بزووتنەوە مێژووییە لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە ڕەوایەت و وێنەگەلێکی واقیعی لە چەشنی " مندڵانی شۆڕش" لــە ژیانی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری بێ بەش و زەمینە ماددیەکانی تەبدیل بوونی شۆڕشــی ١٩١٧ بە شۆڕشێکی سوسیالیستی، باسکردنی بار و دۆخی دڵتەزێنی بێ بەشترین توێژی چینی کرێکاری ڕوسیە، هەروەها زەروورەت و پێویست بوونــی بێ ئەملا و ئەولای شۆڕشــی ئۆکتۆبر- ئەویش لە هەل و مەرجێك دا کە ڕاگەیەنەرەکان، وتەبێژان و بیرمەندانی چینی باندەست فرمێســکی درۆینەیان بۆ بنەماڵەی "تزار" هەڵدەڕشــت و لە هەوڵی ئـــەوەدا بوون تا بە جێگای قەهر و غەزەبی شــۆڕش، بەربەرییەت و دڕندەخوویی نیشان بدەن، هــۆکاری هاندانی من بوون بۆ ئەوەی دەســت بدەمە کاری وەرگێڕانی ئەو کتێبە و ئەم ئاوێنەیە لە بەرامبەر ئاوێنەکەی ئەواندا ڕابگرم.

" ماشا" پاڵەوانی ئەسڵی ڕۆمانەکە، کە زۆر زوو بۆ منیش وەك هاوڕێ و ئازیزانی لە ڕۆمانی "ماشــنکا" واتا ماشای چکۆلە و خۆشەویســتی لێهات و زۆر جار خستمیە گریان و گەلێك جاریش هێنامیە پێکەنین، لە ســـەرەتای دەستپێك دا بەسەرهاتی کیژۆڵەیەکی حەوت ساڵەیە، کە لەسەر شانی هاوڕێ ئاسنگەرەکی بادەکی و لە شەممەیەکی خوێناوی ساڵی ١٩٠٥ دا بەرەو کۆشکی زستانی دەچێت و دوازدە ساڵ دواتر لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا یەکێکە لەو بلشویکانەی کە دەچنە ناو کۆشکەکەوە.

حیکایەتی ژیانی " ماشا" بەسەرهاتی دڵتەزێن و پڕ پەژارەی چەندین ملیۆن کیژۆڵەی ترە کە هەر ئێســتا لە گۆشــە و کەنارەکانــی ئەم جیهانە پێچەوانەیە دا ژیان بەســـەردەبەن. ئەوان لێوالیێون لە عیشق و شادمانی، بەڵام ژیان لەگەڵیان بێ مێهر و ماتەم هێنەرە.

ماشنکای من، هێمایەکە لە پێویستی، جەوهەری کەرامەتی مرۆڤە زەحمەتکێشەکان و بەیانی ئاشکرا و ڕاشکاوانەی ئەو ئینســـانانەیە کە ماوەیەکی هەرچەند کەمیش، بەڵام لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستاون، لە عیشق و مێهر و مەحیبەتی ڕۆژانەی دەور و بەریان بێ نەســیب بوون، بـــەڵام دڵە چکۆلەکەیان زەریای بێ پایانی عیشـــق و ئاوێنەی باڵانوێنی سەداقەتن. کتێبی " مندالانی شۆڕش" بەلای منەوە گەلێك خاڵی سەرنج ڕاکێشی تێدا بوو، بۆ نموونە ئەوەیکە چۆنیەتی ئەو ئاڵوگۆڕە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤانەی کە لەکاتی پێکهاتنی گۆڕانکاری قووڵی کۆمەڵایەتیدا بەســـەر مرۆڤەکاندا دێت، بە ڕوونی و بە شـــێوەیەکی شیاو نیشان دەدا. هەروەها جۆری سەرهەڵدان و دواتریش بەرجەســـتە بوونەوە و بە پلە و پایە گەیشـــتنی کەســـانێکی وەك "شەعبان"ی بێ مێشـــك، درووست بوون و ســـەرهەڵدانی ئیمام و پێغەمبەر و پێشـــەواکان، هاوپشتی و یەکگرتوویی قووڵی مرۆڤەکان و بەختکردنی ماڵ و گیانیان لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی یەکتر تەنانەت لەوپەڕی هەژاری و نـــەداری دا و ژێرپێ نانی هەســـتەکان بە حوکمی هەژار بوون و ڕۆحییەی شۆڕشـــگێڕانە و دەرکە ناتەواو (جزمی) و ناواقعیەکان، هەروەها لێکدانەوە جیاوازەکان ســـەبارەت بە مەسەلەی خەبات و شۆڕش و چەندها شتی تری لەو چەشنە، کە سەرەڕای جیاوازی زەمەنی، لێك چوون و هاوشێوە بوونیان لەگەڵ زۆریەك لە بینراو و بیســـتراوەکانی ئەم ســـەردەمە، منی- کە هیچ گومانێکم لەوەدا نەبوو نەســـلی منیش تێیدا شەریکە، هاندا تا ئەو کتێبەی کە خوێندوومەتەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە زمانی سوئێدی تێ ناگەن، بەش بکەم. بەڵام تەواوی ئەمانە لە لایەك و، بەســـەرهاتی ژیان و کەسایەتی " ماشنکاش" لە لایەکی تر.

* * *

چـــاوی لە بنی پێڵاوەکەی کـــرد، لەگەڵ هەر هەنگاوێك دا کە هەڵیدەگرت بەنـــی پێڵاوی چەپی دەکراوە. لەبەر خۆیەوە دەیـــوت، هەر نەکەوم. دواتر هەوڵیدا تا خۆی لە ناو ئاپۆرەی جەماوەرەکە و ئەو قەرەباڵغیـــە خۆفناکەی کە دەور و بەری داگرتبوودەرباز بکات.

ـــ بۆکوێ دەچی؟

ئاندرەی دەستی خوشکە چکۆلەکەی خۆی توند گوشی.

ماشـــا ئاماژەی بە پێڵاوەکانی کرد و وتی: بەنی پێڵاوەکانم کراوەتەوە.

ـــ براکـــەی بە بۆڵە بۆڵەوە وتی: چیم پێ وتی؟ چەکمە نوێیەکانـــت لە پێ مەکـــە! پێڵاوە پەممەییـــە کۆنەکانت بەنەکانیان نەدەکراوە. ئاوا پێڵاوەکانیش خراپ دەکەی.

ئەمانەی دەوتەوە و لەگەڵ هەر وشـــەیەك دا دەســـتەکانی توند دەگوشی، وەك ئەوەی دەیویست وشەکان لە ناو دەستی دا حینجە بکات.

ـــ"ئاندرەی وریا بە! دەســـتی هەڵکدەکەنی. تۆ کە ژنەکان دەناســـی، هـــەر چەند چکۆلـــەش بن، دەبێ بـــە خۆیان

رابگەن".

"پیوتێر ئیوانویچ"ی ئاسنگەر، خۆی بەسەر خوشك و براكە دا چەماندبۆوە و دەستی بەسەری ماشادا هێنا.

ئاندرەی خۆشحاڵ بوو لەوەیكە ئاسنگەر ئەوی بە "ئاندرەی" بانگ كردووە، بە پێچەوانەی ئەوەیكە لە ناو كارگا هەمیشە بانگـــی دەكرد: هۆی "كەرە" یـــان "گێژ و ویژ" و تەنانەت شتی لەوەش خراپتر.

ـ ئەرێ ئینسان جەماعەتی ژنەكان دەناسێت، ئەم رستانەی بە ژێستێكی پیرە پیاوانەوە وت و دەستی ماشای بەردا.

جەماوەرێكـــی رەش، دووكـــەڵاوی و بۆن ناخۆش، دەور و بەریان داگرتبوو.

ـ ماشا لە پشت ســـەری خۆیەوە دەنگێكی بیست. هەر رێك لەو كاتەدا دەســـتی ماشا بەر دەدرێت. كەسێك پێی لە بەنی پێڵاوەكانی نابوو، بەر لەوەی ئاسنگەر فریا بكەوێت لە باوەشـــی بكات، چەكمەی كرێكارێكی تورە و بەدخوو لاقی چەپی پێشێل كرد.

ـ تۆ نەدەبوو ئەمرۆ لە ماڵ بێیتە دەرەوە.

ـ بە نیگەرانیەوە ئەمانەی ووت و بە دەسرەیەك دەم و چاوی ماشای سری.

ـ ئانـــدرەی بەڵێنی پێـــدا بووم كە دەتوانم چـــاوم بە تزار بكەوێت. ماشا بە دەم گریانەوە ئەمانەی وت و دەستی كردە ملی ئاسنگەر.

ـ من بەڵێنییەكـــی ئەو تۆم نەداوە. ئاندرەی هەوڵی دا كە خۆی لەوە دەرباز بكات و بەمجۆرە درێژەی بە قســـەكانی دا: تۆ وەك هەمیشـــە پرتە و بۆڵەت هات و بەهانە گیریت كـــرد. ئەمانەی وت و ژێر بە ژێر چاوێكی لە پیاوەكەی پەنا دەستی خۆی كرد.

ـ بەسیكە ئیتر، تۆ دەبێ وەك پیاوێك هەڵس و كەوت بكەی و نابێت شانە خاڵی بكەی. ئاسنگەر بەم وشانە قسەكانی پێ بڕی و ماشای لەسەر شانی دانا.

ـ بەنـــی پێڵاوەكانـــی بۆ گرێ بدە. بـــەرە و لای ئاندەری گەڕاوە.

ـ بە روویەكی گرژەوە دەستكێشـــەكانی دەرهێنا و بە نا بە دڵی بۆی گرێ دا.

ـ ئەوەندە توند مەیبەســـتە "ئاندروشكا" ! ماشا ئەوەی وت و دەســـتی بۆ لای براكەی درێژ كرد. ئاندرەی بە ســـاردی چاوێكی لێكرد و هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا.

ـ تۆ نابێ تورە ببی "ئاندرشـــكا"، ماشا درێژەی پێ دا و ویستی دوبارە دەستی بگاتەوە سەری براكەی.

دەنگی بەرزی ئاسـنگەر وای كرد كە ماشا دەستی بباتەوە دواوە.

ـ لەجێی خۆت دانیشە كوڕە!

ئانـــدرەی جاری دواتر كە چاوی لە ماشـــا كرد، ناو چاوانی تێك نابوو.

ـ بەنی پێڵاوەكانت ســـەرلە نوێ و باشـــتر بۆ دەبەستم. ئەمەی لە ناخی دڵیەوە وت و گۆشە چاوێكی لە خوشكەكەی داگرت.

هەمیشە هەر وابوو، بۆ خۆی بەسەر ماشادا دەی نەڕاند و هەر كاتێك هەســـتی بەوە دەكرد كە حەقی بەدەستە، تەنانەت شەقێكیشـــی تێهەڵدەدا، بەڵام ئەگەر كەسێكی تر لە ماشا تورە ببوایە وەیان بەسەریدا بیگوڕاندبایە، خێرا لایەنی ماشای دەگرت و تەنانەت هەندێك جار لە سەریشی بەشەڕ دەهات.

ماشـــا لەسەر شانی ئاســـنگەر تۆزێك خۆآ بەرزكردەوە و بەســـەر ســـوڕمانەوە چاوی لەو جەماوەرە بەرینە كرد كە لە چەشنی روبارێكی رەش بەڵام لەسەرەخۆ و وەك مارێك پێچ و خەمی شەقامەكانی پترزبورگی دەبڕی و بەرەو لای كۆشكی زستانی دەخزین.

ـ لە بەر خۆ یەوە دەیوت: ئەم هەمموو ئینســـانە لە دنیا دا هەیـــە؟ و بە ترس و خۆ فـــەوە چاوی لە دەوروبەری خۆی دەكرد.

ـ تـــزار دەبینـــی؟ یان ئێســـتا خۆی لـــە پلیكانەكانەوە دەرنەخســـتووە؟ ئاســـنگەر پرســـیاری كرد و كڵاوە كەوڵە بەرخیەكەی رێك و پێك كرد.

ـ نا، نای بینم. ماشا وڵامی دایەوە و رووی كردە براكەی و وتی:

ـ من برسیمە ئاندروشكا، دەتوانم پارویەك لەو بابۆڵەیەی كە بابوشكا پێی داین بخۆم؟

براكەی دەستی كرد بە گیرفانی داو تیكەیەكی لە بابۆڵەكە لێ كردەوە و دایە دەستی.

ـ ئـــەوەی دیكەت دواتر پێدەدەم. ئەوەی وت و وردە نانەكانی سەر دەستی خۆی لستەوە. ئاسنگەر دەستی كرد بە پێكەنین و وتـــی: پێكەنینم پێت دآ، بـــەرەو ماڵی تزار رێپێوان دەكەی بـــۆ ئەوەی داوای نانی لێبكەی و كەچـــی بە رێگاوە بابۆڵە دەخۆی؟.

ـ ماشا لە كاتێك دا كە زاری پڕ بوو لە نان وتی: قەرارە تزار نانمان پێبدات؟

ـ مەعلومە كـــە نانمان پێدەدات، لەســـەر پلیكانەكانی كۆشـــكەكە رادەوەســـتێت و نانە خڕ و گەورەكان لە ناو ئەو كەســـانەی كە بە بەردەمی دا تێپەڕ دەبن دابەش دەكات، لە بیرت نەچێت هەر كە نۆرەی تۆ هات جوان لە بەرامبەری دا

تەعزیم بکە. ئاســـنگەر بە قاقای پێکەنینەوە ئەمەی وت و ئەوی زیاتر لەسەر شانەکانی بەرز کردەوە.

ــ ئاســـنگەر بە شۆخی بە پێکەنینەوە وتی: ئێستا لەسەر پلیکانەکان دەبینی یان ئێستاش لە خەو هەڵنەستاوە. کاَ چ دەزانێت شایەد ئەو باشـــترین نانەوا بێت، تۆ بیری لێبکەوە، نانی گەورە و گەرمی جۆ، دەست پوختی خودی" بابە چکۆل" زۆر بە لەزەتە باوەڕ بکە.

ماشـــا بە خۆشـــحاڵیەوە پێکەنی و دەســـتێکی بە ڕیشە زبرەکەی ئاسنگەر دا هێنا.

* * *

ئاندرەی چاوێکی لە خوشـــکەکەی کرد. فرمێســـکەکانی دڵۆپ دڵۆپ دەهاتنە خوارەوە و ســـەر گۆناکانی بە تەواوی تەڕ کردبوو.

ــ کەرە گیان بۆچی دەگری؟

ــ مامە، ئاوا لە بارەی دایکی خۆیەوە دەدوێت، کەچی من دایکی خۆمم لە یاد نیە. لەوانەیە هەر نەشبووبێت. ماشا بە دەم گریانەوە وتی:

ــ هەڵبەت کە بووە، بەڵام تۆ لە یادت نەماوە، دەنا ئەویش وەك دایکی من باش و میهرەبان بوو، تەنانەت ئەگەر لەویش باشـــتر نەبووبێت!. ئاسنگەر دڵخۆشـــی داوە و وتی: ماشا دەزانـــی من بیر لە چی دەکەمەوە؟ من وا بیر دەکەمەوە کە دایکمان هەر ئێســـتا لەگەڵمانن، بەڵام بە جۆرێکە کە ئێمە نایانبینین، من واهەســـت دەکەم، تۆ چـــۆن بیر دەکەیتەوە ئاندروشکا؟ ئەمەی بە کوڕە چکۆلەکە وت و قۆڵی توند لە قۆڵی ئالاَند.

ــ دەبآ هەر وابێـــت پیوتیر ئیوانویچ، بە دڵپڕیەوە وڵامی داوە و توند خۆی بە ئاسنگەرەکەوە چەسپاند.

دەنگێـــك لە ریزی پێشـــەوەی جەماوەرەکەوە بیســـترا کە دەیوت" خودا تزار بپارێزێت" زایەڵەی ئەم ســـرودە کە لەگەڵ شـــنەی بایەکە دا نزیك دەبۆوە فەزاکەی پڕ کرد و زۆر زوو تەواوی جەماوەرەکەی گرتەوە. ئاســـنگەر کڵاوەکەی لەسەر خۆی داگرت و بە دەنگێکی بەرز دەســـتی کرد بە ووتنەوەی سرودەکە.

* * *

ــ لەســـەرەخۆ وتی بابوشکا، بابوشکا، ئاندروشکا بریندار بووە... قاچی پەڕیوە.

بە هێواشـــی پیرەژنەکەی خســـتە لاوە و دالانەکەی بە جآ هێشت و چووە ناو ژوورەکە.

دروشکەچی بە بێدەنگی بە شوێن ئەو دا رۆیشت و ئاندرەی بە ئارامی لەسەر قەڕەوێڵە کۆنە ئاسنەکە دانا.

ــ کاَ خەرجتان دەکێشیَ. پیرەژنەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا، چاوێکی لە ئاندرەی کرد و بە ئاە و ناڵەوە درێژەی بە قسەکانی داو وتی: ئـــەی خودای گەورە مەگەر مـــن چ گوناهێکم کردووە کە تۆ ئاوا سزام دەدەی؟

ــ دایکە، بەس ئاە و ناڵە بکە ئیتر، دروشـــکەچی ئەوەی بە توڕەییەوە وت و کۆتەکەی لەبەر ئاندرەی داکەند، مەگەر نابینی ئەو کوڕە لەســـەر خـــۆی دەچآ، پێڵاوەکەی لە قاچی چەپی ئاندرەی دەرهێنا. دەبآ پێڵاوی قاچە راستەکەی ببڕین دەنا دەرنایەت.

ــ پیرەژنەکـــە وتـــی: پێڵاوێك بەم تازەییـــە، نا، نا، نا، ئیجازەت نیە ئەم کارە بکەی.

ــ دروشکەچی بە بآ ئەوەی گوآ بدات بە قسەی پیرەژنەکە کە لە نێوان ئەو و قەرەوێڵەکە دا راوەســـتابوو بە ماشای وت مقەستەکەی بۆ بێنێت.

ئاکولینا ئەلکســـاندروا، دەستی بەرز کردەوە و بە توڕەییەوە بە دروشکەچی وت: ئەتۆ کە پێڵاوی نوآ ناکڕی جەردە. ماشا مقەســـتەکەی بە دەستەوە بوو وەك ئەوەیکە بیهەوآ پرسیارێك بکات لە نێوان هەر دووکیان دا راوەســـتابوو. کاتێك ماشـــا ویســـتی بجولێت، پیرەژن بە دەنگێکی بەرز وتی: تۆ ئەگەر جورئەتت هەیە مقەستەکەی پێبدە!

-دروشکەچی چەناگەی پیرەژنەکەی گرت و تەقریبەن لە جێگای خۆی بەرزی کردەوە و پێی وت بەسیکە ئیتر!

-ئێســـتا ئیتر بێدەنگ بە، دەنا پاتۆڵەکەت لە پێدادەکەنم مارمێلکی پیر.

بۆ چەنـــد چرکەیەك بێدەنگییەکی تەواو ژوورەکەی داگرت. دروشـــکە چی زۆر حەکیمانە لایەکی چەکمەکەی بڕی، ئەو جێگایەی کە بە هۆی ناڵی ئەســـپەکەوە لە سیَ جێگاوە کون ببوو.

پیرەژن وەك پەیکەرەیەك یان وەك ئەوەیکە توانای قسە کردنی لە دەست دابێت راوەستابوو چاوی بڕیبووە حەرەکەتی دەستی پیاوەکە.

ــ پیاوەکـــە لەبـــەر خۆیەوە دەیوت، خـــراپ، زۆر خراپ، گۆرەویـــە پیـــس و چلکنەکەی ئاندرەی بە مقەســـت بڕی، هێواش لە قاچی دەرهێنا. خۆی راســـت کردەوە و پێلاوەکەی فڕێدا بۆ لای پیرەژنەکە.

ــ هانیَ دایە، هانیَ سوپ یان پودینگی خوێنی پیَ دروست بکە ( پودینگ= جۆرێك شیرنییە ) رەنگە بە کارت بیَ.

پیرەژن بەم قســـانەی ئەو لەرز دایگرت، بە ئاماژەی دەست ســـەلیبێکی لە ســـەر سینەی خۆی کێشـــاوە و چاوێکی لە

پیاوەکە کرد.
ــ من دەبێ چی بکەم هاوڕێم، ئەمەی وت و بەرەو لای ئاندرەی دانەوی.
ــ پارچەیەك لە قاچی ئەو کوڕە بپێچە، من دەچم بە شوێن شکەستە بەندەکەی دراوسێماندا.
لە بەر دەرگاکە ئەوەی وت و رۆیشت.
ــ راوەستا لیێ پرسی پوڵت پێیە پییێ بدەیت؟
ــ بەر لەوەی کە پیرەژن فریا بکەوێ بڵێ نا پێم نییە، ماشا بە راکردن چوو بۆ لای پیاوەکە و وتی:
ــ مامە من پێمە، ئاندروشکا پووڵی پێ داوم. ئەمەی وت و دەستی کرد بە گیرفانیدا بۆ ئەوەی پووڵە وردەکەی ( سکە ) دەربێنێ. ماوەیەك گیرفانی گەڕا، سەرەتا پەیکەرەیەکی چینی شکاوی فریشتە و چەند کاغەزە شکۆلاتێکی سەوز ڕەنگ کە لە ناو حەسارەکەدا دۆزیبوویەوە دەرهێنا و سەرئەنجام سکەیەکی یەك "کوپکی" دەرهێنا و بە خۆشحاڵیەوە دەستی درێژ کرد بۆ لای پیاوەکە.
ــ ها مامە ئەوەم لێوەرگرە و دواتر لە سەر - پەنجەکانی پێی خۆی بەرز کردەوە.
ئەو جۆرەی ئەتۆ پوڵەکانت خەرج دەکەی هیچ کات پوڵدار نابی.
دروشکەچی ئەمەی وت و بۆ یەکەم جار بزەیەك کەوتە سەر لێوەکانی و بەرەو لای ماشا دانەوی.
پوڵەکە لە سەر دەستە زبەلاحەکانی پیاوەکە خزی و ماشا هەر لە دەستەکانیەوە هەتا سەرو چاوی تێی ڕاما.
ــ بە ئومێدواریەوە پرسی، بەسە مامە؟
-ئەم جارەیان وتی بەڵێ بەسە و، دواتر دەستێکی بەسەر ڕوومەتی ماشادا هێنا.

* * *

ماشا خۆی لە بەرپێی دروشکەچیەکی بێ ئیحتیات کە بارێکی پەتاتەی لە سەر پیادە ــ روکە هەڵدەگرت دەرهێنا. بۆنی کەلەمی ترش، سێو، سوسیس و نانی تازەی جۆ ، فەزاکەی پڕ کردبوو. ئەو عاشقی ئەو ساتەوەختانەی مەیدان بوو. وەك ئەویکە بڵێی ئەم فەزای پڕ لە بۆن و بەرامەی ژیان و قەرەباڵغی و هەرا و هوریای حەشیمەتە ئارامی پێدەبەخشی. ساز ژەنەکان، سواڵکەرەکان و ئەو خەڵکەی لە ناو مەیدانەکە دا راوەستابوون، هەمووی ئەمانە ئارامییان پێدەبەخشی.
لەبەردەم تابڵۆی ڕاگەیاندنەکانی "جل و بەرگی کۆنە دەکڕینەوە" راوەستا. پیاوە پیرە بە عەرەبانە دەستییەکەیەوە کە جل و بەرگی کۆنەی لە سەر بوو بە هاوار کردن دەهات، ئەو شتەی کە دەبووە هۆی خۆشحاڵی خۆی و مشتەریەکانی. پیاوە پیرە بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:



ــ یەك روبل و حەفتا کوپەك، لەوە زۆرتر نادەم و باڵتە کۆنەکەی ڕووبەڕووی کرێکارە فرۆشیارەکە ڕاگرت. کرێکارەکە هەوڵی دا:
ــ بەڵام ئەمن ... پێم دا
پیاوە پیرە قسەکانی پێ بڕی: کۆنە، کۆن، ئەویکە تۆ پێشتر چەندت پێ داوە، بەکاری ئەمڕۆکە نایت.
با پێت بڵێم، کاتێك من زەماوەندم کرد، سێ سەد روبلم دا بەم پیرەژنە، بەڵام تۆ پێم بڵێ ئێستا کێ دەیهەوێت؟ من بە دڵ حەزدەکەم ئەوەندە پووڵە بدەم تا لە دەستی رزگاریم بێت.

تا ئێســـتا هیچکەس حازر نەبووە ئەو کارە بکات. پیاوە پیرە بە بیستنی قاقای پێکەنینی ئەو جەماوەرەی کە لە دەوری کۆ ببوونەوە، لێوی خۆی گەست.
کرێکارەکە وتی:
ــ بــەڵام مـــن ناتوانـــم لە گرێـــوی دابنێـــم و کاتێك کە مانگرتنەکـــە کۆتایی پێهات بێم بیبەمـــەوە؟، بە پاڕانەوەوە درێژەی بە قسەکانی داو وتی: چەن رۆژە منداڵەکانم هیچیان نەخواردووە.
پیاوە پیرە نەڕاندی و قسەکانی پێ بری:
ــ بیر لەوە بکەوە کە باسی دەکەی، من مانم گرتووە؟ نا !، من منداڵەکانم دروست کردووە؟ نا !، ئێوە هەررۆژە رادەکەن بـــۆ ئێرە و بۆ ئەو جلە کۆنانە پوڵتان دەوێ، کێ ئەمانە لە من دەکڕێ؟ هیچکەس. هـــەوڵ بدە بۆخۆت بەم جلە کۆن و دڕاوانە "ســـوپ" دروســـت بکەیت. پیاوە پیرە نەڕاندی و باڵتەکەی بەرەولای پیاوەکە فڕێدا.
باڵتەکـــە بەســـەر پیادەڕۆکەدا خزی و لە بـــەر پێی پیاوەکە کەوتە ســـەر زەوی. دەقیقەیەك دواتر پیاوە پیرە لە نزیك باڵتە کۆنەکانی کەوتبووە ســـەر زەوی و لەوانـــە بوو خەفە ببێت. کرێکارەکـــە دەیوت: پیرە پیاوی لەعنەتی، مارە پیر، رۆژێك ئێمە ملی تەواوتان بەپەتـــەوە دەکەین. بە یەکەم کۆڵەکەی چرا برقەکانەوە. تۆ و کەسانی وەك تۆی خوێنمژ. کرێکارەکە بە توڕەیی و رق هەســـتانەوە ئەمانەی دەوت و پیاوە پیرەکەی لە نێوان هەردوو دەستەکانی دا بە توندی رێك دەگوشی.
دەنگی فیتووی یەکێك لە تماشـــاچیەکان بووە هۆی ئەوەیکە واز لـــە پیاوە پیرەکە بێنێ و بە پەلە بکەوێتە هەوڵی هەڵاتن و خـــۆ دەرباز کردن لەو شـــوێنە. پیاوێك کە جل و بەرگی شەخسی پۆشی بوو بە دەنگێکی بەرز هەرای کرد:
ــ ئەوە تەبلیغ دەکات بیگرن. و لە پشـــتەوە خۆیدا بەســـەر پیاوەکـــە دا. دوو پۆلیـــس یارمەتییاندا تا ئـــەو کرێکارە مانگرتووە لە حاڵێکدا کە بە باتوم لەســـەریان رادەکێشـــا، دەستگیر بکات. پۆلیســـەکان پیاوە کرێکارەکەیان بە جل و بەرگی دڕاو و خوێناوییەوە بە پاڵە پەســـتۆ، بەناو جەماوەرە کپ و خامۆشەکەدا، کە وەك پەیکەرەیەکیان لێهاتبوو بردیان و رۆیشتن.
ماشا بە پەلە پێداویســـتییەکانی کڕی و مەیدانەکەی بەجێ هێشـــت. رووداوەکە شـــتێکی ســـەیر و بەدەگمەن نەبوو، بە ســـەرنجدان بە ناڕەزایەتـــی و مانگرتنەکانـــی کرێکارانی "سێنت پترزبورگ"، رووداوی لەو چەشنە ببوو بە ئەمرێکی ئاسایی.
گەلێك جار دەبیســـترا کە میوانەکانی ناو ســـاڵۆنی نادیە (شوێنی ئابجۆ خواردنەوە)کان باسیان لە تێکهەڵچوونی توند و خوێناوی کرێکارە مانگرتووەکان لەگەڵ قەزاقەکان دەکرد. هەرکە گەیشـــتە ماڵەوە، رووداوەکەی بـــۆ " گۆگا" و پیرە پیاوی تاتار گێراوە.
ــ مەگـــەر نەتدەزانی کە پیاوە پیرە کۆنـــە کڕەکە لەگەڵ پۆلیس هاوکاری دەکات؟، بەتایبەت سەر دەخاتە سەر سەری مشتەریەکانی خۆی تا شتێك بڵێن. لە بری هەر تاکە کەسێك کە دەیانخاتە کونجی زیندانـــەوە، پارەیەکی باش لە پۆلیس وەردەگرێت.

* * *

لە نزیك مەیدانی شـــیروکا لەگەڵ " بولسجوج و پرسپکت" سواری دروشکەیەك بوون. ئەوە لەو کاتەدا بوو کە هەردووکیان گەڕانەوە چاوێکیان لەو ماڵە کرد کە چەند ســـاتێك پێشتر بەپەلـــە و بە ماندوویەتی بەجێیان هێشـــتبوو. والودیا وتی: ئەوەندە بیر لەوە مەکەنەوە، ماشنکا ...، ئێمە دەبێ هەوڵبدەین تەواوی ئەو شـــتانەی کە ئەمشەو روویدا فەرامۆش بکەین. دەبێ بەرەو پێش بیر بکەینەوە، بیر لە داهاتوو.
ماشـــا لە حاڵێکدا کە نوقمی بیرکردنەوە بوو، چاوی بڕیبووە هێڵـــی بەردە مەڕمەڕییەکانی ژێر دروشـــکەکە. چەرخێکی دروشکەکە کەوتە ناو گۆلاوێکەوە و پڕیشکەی قوڕ و چڵپاو بەملاولادا بڵاو بۆوە، ئەم شـــتە ئەوی خســـتەوە بیری ئەو دیمەنە قێزەونەی کە لە ســـاڵۆنی نادیەکـــە دا دیتبووی. لە حاڵێکدا کە دەیویست روو بکاتە والودیا، وتی:
ــ ئەو درۆ دەکات.
ــ کێ ؟
ــ ئیگناتـــاج، لە بـــارەی ئەو وەحییەی کـــە گۆیا مرۆڤە بێشەرمەکان واقیعی ترین مرۆڤەکانن.
ــ هیچ وەحییەك لە ئارادا نەبوو، بەڵام قودرەتی قسە کردنی زۆرە و ناکرێت لێی بستێنی.
ــ یانی تۆ پێتوایە کە ئەو درۆ دەکات ؟
ــ بەڵێ، بێگومان.
ــ بەڵام بۆچی دەبێت ئەو لە بابەت ئەمجۆرە شـــتانەوە درۆ بکات ؟
ــ هەندێك کەس هەن کە هەمیشە حەزدەکەن بەسەر کەسانی دەوروبەری خۆیاندا زاڵ بن. ئەو ئەمشـــەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە من بە قەناعەت بگەیەنێت و بمخاتە ژێر کاریگەری خۆیـــەوە، بەڵام کاتێك کـــە من وتم، ئـــەوە ویژدانی ئازار چێشتووی خودی ئەوە ناچاری کردووە کە لە بارەی وەحییەوە ئەم درۆیانە بکات، پشتی تێکردم و رۆیشت.
ماشا وتی: نفرەت ئەنگێز بوو. و ئەو جەستە نیوە رووتانەی

که له ناو نادیەکه دا ( ســالۆنی ئابجــۆ خواردنەوە) لێك دەئاڵان هێنایەوە بیر خۆی. والودیا وتی:

ــ بەڵی ماشــنکا، کاتێك بەرازەکان بــه یەکەوە پێوەندی جنسی دەگرن، لانی کەم لە بابەت هەوا و هەوەسە جنسیەکانی خۆیان دا لاف و گەزاف لێ نادەن.

* * *

وەرا وڵامی داوە: وەســتا کارەکەمان کەسێکی سەیرە، ئەو تەنیا ئەو کەسانە ئیســتخدام دەکات کە بتوانن لەبەر شێعر بخوێننەوە، ئەگەر چەند شێعرێکت لە پوشکین، لۆرمانتۆف و چەند شــاعیرێکی تر لەبەر نەبێت ئەسڵەن نابێت زەحمەتی ئەوە بە خۆت بدەیت کە داوای کاری لێ بکەیت. دوێنێ چەند کچێك بە مەبەستی کار کردن هاتبوون، بەڵام دەری کردن. ئەو دەڵێ: کەســێك کە چەند شێعر لە شاعیرە گەورەکانی ئێمە نەزانێت، مێشــك لە کەللەی دا نیە. ئەو بۆی هەیە دروست لە کاتی کارکردن دا بێت و داوات لێ بکات شــێعرێکی بۆ بخوێنیەوە. ئەو کات ئینسان ناچارە هەر جارە و بە شێعرێکی نوآ دەست پێ بکات، دەنا ئەو پیاوە پیرە زوو توڕە دەبێت.

ماشــا پرســی: کە وابێت ئەو بە زۆر ناچارتان دەکات کە شێعر بخوێننەوە؟

وەرا لە وڵام دا وتی: هەڵبەت کە مەبەستی ئەوەیە ئیتر. تۆ دەتوانــی لە کتێبەکانی من کەڵك وەربگریت، چەند کتێبێکی نوێم کڕیوە.

ماشا پرسی: ئەو رادیکاڵە؟

وەرا وتــی: نا گومان ناکەم، بەڵام هەمیشــە بۆڵەی دێت و دەڵێ، ئەوە تەنیا شــێعر و ئەدەبیاتە کە ئێمە لە عالەمی حەیوانات جیا دەکاتەوە. مەبەستی ئەوەیە کە گیانلەبەرەکانیش دەتوانن ســەما بکەن گۆرانی بڵێــن، زۆر جوانتر لەوەیکە ئێمەی مرۆڤ تەنانەت بتوانین بیریشی لێبکەینەوە یان فێری ببین. بەڵام شــێعر خوێندنەوە و شــێعر وتن شتێکە تایبەت بــە مرۆڤەکان. هەر بۆیە دەیهەوآ تەواوی مرۆڤەکان لانیکەم ئەگەر ناتوانن بۆخۆیان شێعر بڵێن، دەبآ چەند شێعری کەسانی تر بزانن و لەبەری بکەن.

ماشا وتی: پێت وایە کار بە من بدات، ئەگەر بتوانم شێعر بخوێنمەوە؟

وەرا لە وڵام دا وتی: بەڵێ، شێعرەکان بە باشی لەبەر بکە، دڵنیــام لە بیرت ناچنەوە، چەند رۆژێك تەمرین بکە، دواتر من لێی دەپرسم.

تا چەند رۆژێك ماشــا کتێبێکی لە بەردەمی خۆی دادەنا و لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت و شێعری لەبەر دەکرد و شەوانەش بۆ وەرای دەخوێندەوە. رۆژی ســێهەم وەرا هەستی بەوە کرد هاورێکەی ئەوەندە شــێعری لەبەرە کە بتوانێت بۆ داخوازی کار لەگەڵ ئەو دا بچێت بۆ لای وەستاکارەکە.

لە ناو رێگا دا، وەرا بۆ هاورێکەی باس کرد کە ئەو بەشەی کاری تێدا دەکات، بە بەشــی "ســیل" ( جۆرە نەخۆشیەکی تەنگی نەفەس ) دەناسرێت و وتی: هەر هەموو گیرۆدە دەبن درەنگ یان زوو. بەڵام ئێســتا کە پاوڵ لەوآ نیە، گرنگیش نیە کە ئەو کەی نەخۆشی "سیل" دەگرێت.

ماشــا لێی توڕە بوو و وتی: تۆ بۆت نیە شتی وا بڵێیت، بەمجۆرە پێت وایە من جازر دەبم بێم بۆ ئەوآ؟

نا، فێعلەن کە کرێکاری نوێی پێویست نیە، مەگەر ئەوەیکە ئەو پیاوە پیرە بیهەوێت تۆ لەگەڵ یەکێکی تردا بگۆڕێتەوە.

ماشــا وتی: وروشــکا! تۆ خەیاڵت نیە لەوێ بێیتە دەرێ؟ پاوڵ ئازاد دەبێ. ئاندرەی وتوویە لە دوای شــۆڕش، هیچ زیندانییەك بوونی نابێت.

وەرا وتی: ئەگەر شــۆڕش بکرێ! بەڵام تۆ پێتوایە شۆڕش دەکرێ ؟

ماشــا وتی: ڕەنگە هەر ئەم رۆژانە، ئەمســاڵ، یان شایەد ساڵێکی تر، هیچکەس بەدروستی نازانێت.

وەرا وتی: من هەتا ئەوەندەی کە پێویست بێت چاوەڕوان دەبم، ئەو تەنیا هەر دەرکەوێ.

گەیشتنە کارخانە.

وەرا وتی: قورس و قایم لەســەر قســەی خۆت راوەستە. بە ئەوەڵین برخورد تێك مەچۆ، بۆت گرینگ نەبێت ئەگەرکوو گاڵتەی پێکردی یان پرسیاری بێ سەرە و بەرەی لێکردی.

دواتر رێڕەوی دەفتەری کاری پیاوە پیرەکەی نیشان ماشادا. پیــاوە پیرە بۆخــۆی دەرگای ژوورە تــۆزاوی و خۆڵ لێ نیشــتووەکەی کە لــە قاتی دووهەم بوو بە ڕووی ماشــادا کردەوە. گەلێك فیشەك و پووشەی ڕەنگاوڕەنگ بە دیواری دیوەکەی دا هەڵواســرابوو. هەرکام لەو ڕەنگانە تایبەت بوو بە جۆرە چەکێك.

پیاوە پیرەکە وتی: مەترســە وەرە ژوورەوە! و بزەیەکی هات و دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا و پرسی: چەند ساڵتە ؟

ماشا وتی: بەم زووانە دەبمە حەڤدە ساڵ.

چویتە مەکتەب ؟

نا !

پیاوە پیرە بەسەریدا نەڕاندی و وتی: تۆ پێتوایە دەتوانی لێرە دابمەزرێی، لە حاڵێکدا توانایی خوێندنەوە و نووســینت نیە؟ و شانی هەڵتەکاند.

ماشا وتی: بەڵام من دەتوانم بخوێنمەوە و بنووسم و عاشقی شێعریشم، هەر ئەو جۆرەی کە تۆ هەیت.

پیاوە پیرە وتی: ئاوا ! کێ وتوویە من شـیعرم خۆش دەوێ؟ بەم وتانە لە دەنگی دا خۆشی و ئارامی شەپۆلی دەدا.
ماشا وتی: وەرا کە لە بەشی کۆنترۆڵ کار دەکات، باشترین هاوڕێی منـە. حەزدەکەی کامە شـیعرت گوێ لێ بێت؟ شێعری پوشـکین؟ لۆرمانتۆف؟ نگتارسۆف؟ یان کەسێکی تر؟ تۆ بلێ تا بۆت بخوێنمەوە.
پیاوە پیرە بە دڵنیاییەوە لەسـەر کورسـیەکەی دانیشـت، دەسـتەکانی لەسەر سـنگی دانا و بە بزەیەکەوە وتی: زۆر گرینگ نیە هەر چییەك بێت گوێی لێ دەگرم.
چاوەکانی لە سـەریەك دانا و چاوەڕوان بوو. ماشـا لە بەر خۆیەوە دەی وت، دەرم دەکات و هەسـتی کرد کە قاچەکانی دەلەرزن، بە ناباوەڕی و نیگەرانیەوە دەسـتی پێکرد: فریشتە لە میکائیل لورمانتۆف. نەفەسـێکی قووڵی هەڵکێشا و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەستی کرد بە شێعر خوێندنەوە.
وشەکان بە خێرایی وەپێشی دەکەوتن، مانایان پەیدا کرد و پڕ ناوەرۆك بـوون. دەتگوت لە جێگای خۆی بەرزیان کردۆتەوە و لەگـەڵ خۆیانـدا بردیان. چاوەکانی لەسـەر یەك دانا، دەوروبەری خۆی بە تەواوی فەرامۆش کرد. وشەکان بە جوانی و بە هێزی خۆیان وجودیان داگیر کرد و هەروا بە بەردەوامی دەیخوێندەوە. شـێعرەکانی لۆرمانتـۆف کە تەواو بوو ئینجا چاوەکانی کردەوە.
پیـاوە پیرەکە بە دەنگێکی نزم، وەك ئەوەیکە بڵێی دەترسـا لەوەیکە نەوەکوو ئەو فریشـتەیەی کـە لە ژوورەکەی دا باڵی فڕینی گرتووە، سڵ بکات و خۆی دەرباز بکات، وتی: زۆرتر بخوێنەوە، بەردەوام بە.
ماشـا زۆر بە دژواری توانی بە سـەر خۆی دا زاڵ بێت و پێـش بە خۆی بگرێت لەوەیکە لە ناخی دڵیەوە حەزی دەکرد ڕابکات بۆ لای پیاوە پیرەکە و توند لە باوەشی بگرێت.
پیـاوە پیرەکە جارێکی تر بە نیگەرانیەوە بە ماشـای وت: بخوێنەوە و، چاوەکانی لێك نا.
ماشـا بە هێواشی وتی: شاعیر ئەلکساندر پوشکین و دواتر دەستی کرد بە خوێندنەوە:
کاتێـك "ئاپۆلۆن" خودای خۆرەتاو گەرمت ناکاتەوە، لە لای شـاعیری مێحراب، تۆ بە خاك ئەسـپێردراوی، وەك تەواوی ئێمە، بە شوێن نچیردا و بە دەستی بەتاڵ گەڕایتەوە، ماندوو هیلاك لە بێهوودەیی.
خەوی سارد دڵی تۆی شـکاند و، زایەڵەی ئەو بێداریەی کە ئاوازی چڕاند خامۆش بوو.
لە نێو تەواوی منداڵانی جیهان، تۆ بە نا فەرمانترین هاتیە ئەژمار،
بەڵام ئەو کاتەیکە پەیامێکی خودایی بنێردرێت،
ئەو کاتەی کە هەستی بیستنی جوانت دبزوێ،
رۆحت بە تەوژمێکی گەرم دێتە لەرزین
دروست لە چەشنی باڵندەیەك کە بە باڵە بە هێزەکانی لەنگەر بگرێت
دڵخۆشیە بێ ماناکان تەحەمول ناکەیت
ئێستا ئیتر خەڵك دڵتەنگیی ئەتۆ فەرامۆش دەکەن
ئیتر سەری مەزنی تۆ لە ئاسـت قارەمانەکانی ئەم جیهانە دانانەوێت.
نا! سـەرکێش و بێ قەرار ، لەگەڵ ئاوازەکاندا و لە خۆبایی بـە پڕتاو دەڕۆی بۆ ئەو پێدەشـتەی کە بە شـەپۆلەکانی چارەنووس شۆردراوەتەوە،
بۆ ئەو دارسـتانە چڕەی کە دەنگێکی نامۆ و پڕ ڕەمز و ڕاز سەرتاپای داگرتووە، دوور دوور و پڕ لە درەخت".
پیاوە پیرەکە بە دەنگێکـی بەرز وتی: باش بوو، زۆر باش بوو، "دوایین گوڵ" دەزانی؟
ماشا بە نیشانەی ولامی ئەرێ سەری تەکان دا.
_ بخوێنەوە.
"من عاشقی هاتنی بەهارم،
بـەڵام زۆرتر ئـەو دوایین گوڵەی کـە وەرزی هاوین پێمان دەبەخشێت.
ئەو کاتەیە کە هەموو شتێك زیندوو و نزیك دەبێتەوە،
هەموو ئەو شتانەی کە بەلامەوە گەش و جوان بوون.
ئەو کاتەیە کە سـاتە وەختی لێك دابـڕان، پڕ بایەخترە لە دیداری سەر لە نوێی یار."

* * *

# "چاو خشاندنێک بەسەر ڕۆمانی شازادە ئیحتجاب، نووسینی هوشەنگ گولشیری"

ن: تەرانە جەوانبەخت
و: هیوا ئەمانی


ڕۆمانی شازادە ئیحتجاب، نووسینی هوشەنگ گولشیری ڕۆمانیکی غەیرە خەتیە کە نووسەر تێیدا ڕوداوەکانی کۆتایی سەردەمی قاجار شی دەکاتەوە. ئەم ڕۆمانە لەو ڕووەوە غەیرە خەتیە کو کاتی ڕابردوو دوای کاتی ئێستا لە چیرۆکەکەدا دەگێڕدرێتەوە.

کەسایەتیە گرنگەکانی ڕۆمان بریتین لە: شازادە ئیحتجاب، هاوسەرەکەی فەخرولنسا، پێشخزمەتەکەی فەخری، شازادە گەورە بابە گەورەی شازادە ئیحتجاب، دایک و باوکی شازادە ئیحتجاب، موراد پێشخزمەتی پێشوی شازادە و هاوسەرەکەی حوسێن. کەسایەتی ئەسڵی ڕۆمان واتە شازاە ئیحتجاب گیرۆدەی نەخۆشی سیلە. ئەو پیاوێکە بە بیر و باوەڕی سوننەتی کە بەڕێوەبردنی کۆشك و سەروەت و سامانی با و باپیرانی وەلا ناوە و سەروەتەکەی لە قوماردا بەفیڕۆ دەدا.

چیرۆکەکە لەلایەن چەند کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە: یەکێك لەوان گولشیری وەك نووسەری چیرۆك و دووەم شازادە ئیحتیجاب و سێیەم فەخری. بەشە جۆراوجۆرەکانی چیرۆك لە زمانی ئەوانەوە دەگێڕدرێتەوە.

ژیانی شازادە ئیحتجاب لەگەڵ هاوسەر و پێشخزمەتەکانی ژیانێکی دووبارە و بێ گەڕانکاریە. هاوسەرەکەی فەخرەلنسا بەردەوام لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. ئەم گۆشەگیریە کە بە پێچەوانەی مەیلی دەرونی ئەوە و لەلایەن شازادە ئیحتجابەوە بەسەر ئەودا سەپێنراوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئیحتجاب بتوانێ پیاو سالاری لە ماڵەوەدا حاکم بکات.

شازادە ئیحتجاب لە ئاخرین شەوی ژیانیدا بیرەوەریەکانی بنەکاڵەی دێتەوە بیر و نووسەر لەناو ئەم بیرەوەریانەدا دەست دەکا بە شی کردنەوەی خوێن ڕێژی و زوڵمی با و باپیرانی شازادە. لەم بەشەدا گولشیری دەگێڕێتەوە کە چۆن بابە گەورەی شازادە ئیحتجاب بە ڕشتنی خوێنی ڕەعیەتە ناڕازیەکان ئەوانی سەرکوت کردووە. لەو ڕووەی کە شازادە





بەڕێوەبردنی کۆشك و سەروەتی بنەماڵەی وەلا ناوە و بۆتە هۆی توڕەیی بابە گەورە و ئەندامانی تری خێزان، ئەوان شازادە بە سەر شۆڕی بنەماڵەی خۆیان دەزانن.

فەخری پێشخزمەتی شازادە تەنیا کەسێکە کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا لەگەڵیەتی و شاهیدی مردنی فەخرولنسا هاوسەری شازادەشە. کەسایەتی فەخری کەساسەتیەکی بەش کراوە، چەنکە لە دوای مردنی فەخرلنسا شازادە لەناو فەخریدا بەدوای هاوسەرەکەیدا دەگەڕێ و ناچاری دەکا وەك فەخرولنسا ڕوخساری جوان بکات. ئەگەرچی فەخری بە دووبارە کردنەوەی ئەم ڕاستیە کە (من فەخریم نەك فەخرولنسا) ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕی، بەڵام ئەم ناڕەزایەتیە سودێکی نەبوو و تا کۆتایی چیرۆك ئەم بەشبوونی کەسایەتیە بەردەوامە و ئەو ناچارە خۆی لەگەڵ ئەم تەوەهومە ڕابێنێ.

شازادە ئیحتجاب ئەوەندە وابەستیی ڕۆحی بە هاوسەرەکەی فەخرولنساوە نییە، بەشێوەیەك بۆ گوێ لێ نەبوون لە کۆخە

بەردەوامەکانی فەخرولنســـا داوای لە فەخری دەکرد کە بە دەنگی بەرز پێبکەنێ. لەم بەشـــەی ڕۆماندا کە شـــازادە بەرەو ڕووی مردنی فەخرولنســـا دەبێتەوە، دەبینین کە ئەو لـــەم ڕوداوە ئەوەنـــدە دڵگران نابێ. ئـــەو بە جێ گۆڕکێ کردنی فەخری بە فەخرولنســـا زۆر زوو عادەتی بە مردنی هاوسەرەکەی گرت.

دوو چەمك کە لە ڕۆمانی شـــازادە ئیحتجابدا تایبەتیە، یەکیان چەمکی خیانـــەت و ئەویتریان چەمکی قوربانیە. لە بەشـــە جیاوازەکانی ئەم ڕۆمانـــەدا دەبینین کە خیانەت لە کەســـانی دەوروبەر وردە وردە دەبێتە خیانەت لەخۆ کردن. شـــازادە نەتەنیا خیانەت لە ژنەکـــەی دەکا و ئەو لە ماڵەوە ئەســـیری ژیانی ڕۆژانە دەکا و پێشخزمەتەکەی لەجێگای ژنەکـــەی دادەنێ، بەڵکو بە باو باپیرانی خۆشـــی بەهۆی نەبوونی هەســـتی مەســـئولیەت لە بەرانبەر بەڕێوەبردنی سەروەت و سامانی باو باپیران، خیانەت دەکا. ئەو تەنانەت خیانەت لە خۆشـــی دەکا و تەمەنی لـــە بێهودەییدا بەڕێ دەکات.

چەمکی قوربانیش لەم ڕۆمانەدا جێگای قســـەیە. باشە قوربانی کێیە و ئەگەر زیاتر لە یەك کەسە، چ کەسانێکن؟ یەکەمین قوربانی کە لە کەســـانی تـــر ڕۆڵی پڕ ڕەنگترە فوخرولنســـا ژنی شـــازادەیە. دووهەمین قوربانی فەخری پێشخزمەتی ئەوە کە لەشی لەلایەن شازادەوە دەست درێژی کراوتە ســـەر و لە هەمان کاتیشدا دەبێ ڕۆڵی ژنەکەی لە مێشکی ئەو پیاوە هیچ و پوچەدا بۆ ئەو بە کردەوە دەربێنێ. سێهەمین قوربانی بنەماڵەی باوکی شازادەیە کە تەمەنیان لەگـــەڵ ئەودا بەفیرۆ چووە، بەڵام قوربانی ســـەرەکی بە بۆچونی من خودی شـــازادەیە، چون تەنانەت لە چەمکی ســـەرەکی ژیان کە جۆراو جۆریەتی و هەوڵی تێکۆشـــانە هەڵدێ و ڕۆژمەرگی و ســـیس بوونی ڕۆح ئەزمون دەکا و تەنانـــەت گەمە لەگەڵ ژنان ناتوانـــێ ڕۆحی ئەو لەو ڕۆژمەرگیەی کە تووشی بووە دەرباز بکا.

زمانی کەسایەتیەکان لەم ڕۆمانەدا لەگەڵ یەکتر جیاوازی هەیە: زمانی فەخرولنسا کۆمیدیە، بەڵام شازادە ئەحتجاب لە زمانێکی ئەمری کەڵك وەردەگرێ و هەوڵ دەدا هەردوو ژنەکە لەژێر دەسەڵات و ئەمری خۆیدا ڕابگرێ.

موراد پێشـــخزمەتی پێشـــوی شـــازادە بەردەوام هەواڵی مردنی نزیکانی شـــازادەی پێ دەدا و لە کۆتایی چیرۆکدا هەواڵی مردنی خودی شـــازادەی بۆ دەهێنێ. لەم بەشەی چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە خودی گوڵشـــیریە و چیرۆك دوای پێناسە کردن لە زمانی شازادە و فەخرییە، دووبارە لە زمانی



خودی نووسەرەوە دەگێڕدرێتەوە.

بابەتێکی تر کە لەم ڕۆمانەدا جێگای قسەیە شوبهاندنێکە کە لە بەشـــی کۆتایی ڕۆمان دەتوانـــرێ بمانبێ. بۆچی گوڵشیری سەبارەت بە مردنی کەسانێکی جیاواز لەم ڕۆمانەدا دەنوسێ و لەڕێگای پێشخزمەتی شازادەوە هەواڵی مردنیان دەدرێ بە شازادە؟ و بۆچی هەواڵی کۆتایی مردنی خودی شازادەیە؟ بە بۆچوونی من لە دوو ڕوانگەوە دەتوانرێ چاو لەم باســـە بکرێ. یەکەم، دووبارە بوونەوە و یەك جۆر بوونی ژیانی ئەم پیاوە بۆتە هۆی بێ مەیلی ســـەبارەت بە ژیانی خۆی و کەسانی تر بە شێوەیەك کە تەنانەت هەواڵی مردنی دەور و بەرەکانی هیچ گۆڕانکاریەك لە ژیانیدا ناکا. بەڵام بابەتێکـــی تر کە دەتوانرێ لە قوڵایـــی ئەم ڕۆژمەرگیەوە ببینـــرێ ئەوەیە کە مردنی شـــازادە وێناکەی هەر مردنی دەروونی ئەوە. چۆن دەکرێ پێشـــخزمەتێك بتوانێ مردنی شـــازادە پشـــت گوێ بخا؟ وێنای من لە بەشی کۆتایی چیرۆکی گوڵشـــیری ئەوەیە کە نووســـەر دەیەوێ مردنی دەروونی شازادە لەلایەن ژێر دەستەکەیەوە وەبیری هێندرێتەوە، و بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی مردنی لاشەی شازادە لە بیر و زەینی گوڵشیریدا نەبووە.

لـــەم چیرۆکەدا (پۆلی فونـــی) یان چەند زمانی بوونی نییە. وێنەی هیـــچ یەك لە کەســـایەتیەکانی چیرۆك لە کەسانی جیاوازدا بڵاو نابێتەوە و پێکهاتە شکەنی لە بابەتی چیرۆکدا نابینرێ. کەواتە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی مۆدێرنە کە گوڵشـــیری لەودا بە زمانی مۆدێرن باسی بەسەرهاتی ژیانی سوننەتی کۆتایی سەردەمی قاجار دەکا.

سەرچاوە: ئێنترنێت

***

# شانۆ، ئامێرێکی ئەکتیڤی هونەریە بۆ خستنە ڕووی دیاردە مێژویی و هەنووکەییەکان

ن: فواد مورادیان


پەیوەندی شـانۆ لـە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسـی، هونەری، کلتووری، بەشێکی گرنگ لە ئەرکەکانیەتی کە گرێدراون بە ڕابردوو و ئێستاوە.

شـانۆ هێزێکی هونەریە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسەر هەمـوو ڕووداوەکانی ناوچەیی و جیهانیەوە هەیە، درامای شـانۆ بە شـێوەیەکی بابەتیانە دیاردەیەکی ناشارسـتانی پەلکێشـی دەکات بۆسەر سەکۆی شـانۆ، وە لەمپەرەکانی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بۆ کۆمەڵگایەکی پێشـکەوتوو شـی دەکاتەوە و بەڕای جەماوەری دەگەیەنێت، زۆرجاریش بە شێوەیەکی شارستانی دەبێتە ئامرازێك بۆ گواستنەوەی هەموو دیـاردە ئەکتیڤ و نیگەتیڤەکانـی کۆمەڵگا بۆ ناو جەماوەر. هەروەها لـەدوای وەرد بوونەوە لە دیاردەیەك و هەڵسـەنگاندنی ناکۆکـی نێوان دەسـەڵات و جەماوەر ڕوون دەکاتـەوە و خاڵـە نەرێنیەکان دەستنیشـان دەکات و بە شێوەیەکی سـەردەمیانە دەیکاتە بە ڕەخنە و ئاڕاستەی دەسەڵاتی دەکات.

هەروەهـا سـایکۆلۆژیای هەنووکەیـی بۆ دەسـەڵات شـی دەکاتەوە، بە مەبەسـتی کلۆم کردنی لەمپەرەکانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتیك، تەنانەت بەربەستەکانی گەیشـتنی کۆمەڵگایەکـی کاڵفام بـە کۆمەڵگایەکگی پێشـکەوتوو و شارسـتانی لەپێش چاوی جەماوەر لەسەر سەکۆی شانۆ شی دەکاتەوە بە مەبەستی بەخۆداچوونەوەی کۆمەڵگایەکـی دواکەوتوو کە پشـتی بە نەریت و کلتوورە دواکەوتوەکانەوە بەستووە.



ئەکتەرەکانی شانۆکار بەم هونەرە بەنرخە توانیویانە جێگە و پێگەیەکی دیاریکراو و پڕ بەها لەنێو هونەری سینەما و شـانۆ پەیدا بکەن کە بە میراسی سەدەکانی ناوەڕاست و بە



دەسکەوتی سەرهەڵدانی رێنسانسی سەردەمی هەژدەیەمی میلادی دەژمێردرێت.

له کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا کە دەسەڵات بە شێوەیەکی رەها رۆڵی خۆی لە کۆکردنەوەی سەرمایە و کەڵەکە کردنی پارە و چەوساندنەوەی چینی خواروی کۆمەڵگا بە بەشێك لە حەسانەوە و گوزەرانی خۆشتر لە مرۆڤانێکی تر بە مافی خۆی دەزانێــت، وە خەڵکی هەژار و نەدار لەژێر چەپۆکی تەوەزەلانــی خوێنمژ رۆژ لەدوای رۆژ لەژێر گوشــاری هەرچی زیاتری ئەم سیســتمە دەچەوسێنەوە، ئەرکی شانۆ خۆی دەنوێنێت و بە شــێوەیەکی سیاسیانە ئەم دیاردەیە بە ناپەسەند دەزانێت و بە هۆشیار کردنەوەی دام و دەزگاکانی دەســەڵات و خەبەر کردنەوەی لەو نەهامەتیانە کە بەســەر کۆمەڵگادا سەپاوە، خۆی دەکات بە ئامرازێکی رەخنەگر و بابەتەکە لەسەر سەکۆی شانۆ ئاراستەی دەسەڵات دەکات، وە هەروەهــا ئەم هونەرە پڕ بایەخــە بۆ بە ئاگا هێنانەوەی جەماوەر بۆ داخوازی و داکۆکی کردن لە مافەکانیان، و بۆ پوکانەوەی دەسەڵات هەوڵی خۆی دەدات.

هەروەها شــانۆنووس گەلێکجــار دیاردەیەکی مێژوویی، کلتووری، و داب و نەریتی نەتەوەیەك بە شێوەیەکی بابەتیانە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات و بە وردبوونەوەی هەرچی زیاتر لــەو نەریتە پێش بە فەوتانی دەگرێــت و بە ئەکتەرەکانی شانۆکار لەســەر سەکۆی شــانۆ زیندووی دەکاتەوە، کە پەیوەندی لەگەڵ ســایکۆلۆژی کۆمەڵگایەکەوە هەیە کە کلتوورێکی ئەنتیکی پێکهێناوە.

تەنانەت شــانۆ لە مێژووودا بــە هونەرێکی کارا و خاوەن رۆڵ ناو دەبردرێت کە لە ســەردەمی دەوڵەت شــارەکان و ئیمپراتۆریــە زەبەلاحەکانی ســەدەکانی رابــردوو ئەژمار دەکرێت، کە پێش هەڵگیرســانی شەرهایەکی بەرگری و هێرشبەری شــانۆکاران بابەتێکی شەڕی مێژووییان لەسەر سەکۆی شانۆ شــی دەکردەوە، کە پەیوەندی بە دەسکەوتی شەڕێکی رابردووی ئەو وڵاتەوە هەبوو کە باسی لە دلێری و ورە بەرزی ئەو نەتەوەیە دەکرد، بە مەبەستی بەهێز کردنی ورەی جەنــگاوەران و خۆڕاگری جەماوەر و دەســەڵات لە بەرانبەر هەر پێشهاتێك، هەر بۆیە شانۆ لە هەر سەردەمێکدا رۆڵ و پێگەیەکی دیاریکراوی لە قۆناغەکانی یەك لەدوای یەکی مێژوو و هەنوکەش هەیبووە و هەیە.

مێتۆدی هەنوکەی شــانۆ کە بە پێی زەمەنی پێگەیشتن و تێگەیشتنی زۆرتر و لێوەشاوەتر لە رابردوو خۆڕ پەلکێش کردووە بــۆ نێو هێڵێکی هونەری جیهانــی کە گەلێکجار ئەکتەرەکانی ئەم شــانۆیە بەپێــی توانایی هەڵبژێردراون و میدالیای هونەری شانۆیی جیهانیان وەرگرتووە. هەر بۆیە بەپێی تێپەڕاندنی قۆناغەکانی مێژوو ئەم دیاردەیە توانیویەتی لایەنگرێکی زۆرتر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

گرینگی شانۆ و جێگای تایبەتی خۆی لەوەدا دەرخستوە کە بۆتە ئامرازێکی رەخنەگر لە دەســەڵات و دیاردەیەکی دواکەوتووی کۆمەڵگا، کە بە شێوەیەکی شارستانی و لەسەر سەکۆی شانۆ گوشــاری بۆ دیاردەیەکی دواکەوتوو هێناوە بەرەو پێشــکەوتنی هەرچی زیاتر پالی پێوەناوە و کێشــی خۆی لەم بابەتەوە قورستر کردووە بۆ ناو بازنەیەکی هونەری جیهانــی. ئیدانە کردنی دواکەوتویــی و زیندوو کردنەوەی دەمارە وشکەکانی کۆمەڵگا و بە ئاقار بردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەشێك لە ئەرکەکانیەتی.

تەنانەت گەلێکجار لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا کە روناکبیران و رۆژنامەنووســان توانای رادەربڕینیان لێ زەوت کراوە و لەلایەن دەسەڵاتی حاکمەوە ســەرکوت دەکرێن و کۆمەڵگا هەر لەو ئاســتە دواکەوتوویەدا رادەگرن و گەشــەکردن و پێشــکەوتنیان لێ قەدیس دەکەنەوە، شانۆ شتێك دەهاوێتە ســەر دیاردەکان و بە شــێوەیەکی هونەری راستەوخۆ و بە شــێوەیەکی سرشــتی لە کردارەکان ورد دەبێتەوە و لەســەر ســەکۆی شــانۆ باس لــە رووداوەکان دەکات، وە هەروەها ناڕەزایەتی کۆمەڵگا بە دەســەڵات رادەگەیەنێت و تەنانەت ئاکامەکانی ئەم دیاردەیە لە کورت ماوە یان درێژ ماوەدا بە مرۆڤایەتیر ادەگەیەنێت.

***

# "گرینگی میتۆد و شێوازی قسەکردن"

ن: هەژیر نینا

هونەرمەندان و ڕوناکبیران ئەو کەسانەی لەگەڵ دنیای ئەدەب و هونەر تێکەڵاون شێوە و زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەوڵ دەدەن هەر لەو چوار چێوەیەدا درێژە بە کار و هەڵسوڕانی خۆیان بدەن، ئەم تێکەڵاویە زۆرجاریش خۆی لەنێو ژیانی ئاسایی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە، مرۆڤی ڕوناکبیر یاخود کەسی هونەرمەند بەشێك لەگەڵ ژیانی هونەری خۆی تەرخان دەکات هەتاکوو لە دەوروبەری نزیك بێتەوە. تاکوو لە هەوراز و نشێوی ژیانی ئەوان و هەروەها لە ئەزموونی ڕۆژانەیان ئەگەرچی زۆریش سادەیە پەیوەندیەکی هونەری ببەستێ و بیانکاتە بەشێك لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەی خۆی.

لە نیزامی سەرمایەداریدا ئەدەبیاتی پێشڕەو و پێشکەوتنخواز خەتەرێکە بۆ دەسەڵاتداران و ئەوانەی کە هەست بە مەترسی لەم بوارەدا دەکەن، چونکە یەکێك لە خسڵەتە دزێوەکانی ئەم نیزامە چەواشە کردنی ئەم ئەدەبیاتەیە کە نەتوانێ جەماوەری زەحمەتکێش و چینی ژێر دەستی کۆمەڵگا هوشیار کاتەوە.

بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە دەست ڕاگەیشتن بە پێداویستیەکانی ئەمڕۆی بەشەر کە بە داخەوە چینی کرێکار و زەحمەتکێش لێی بێبەرین، دەتوانێ دەوری تایبەت لەم بارەوە بگێڕێ، ژیانی ئاسودە و بەختەوەرانە هۆکارێکن بۆ هۆشیاری و زانستی بەشەر لە گشت بوارەکانی ژیاندا.

ئەو بۆچوون و ڕێبازانەی کە زاڵە بەسەر ئەندێشەی تاکەکانی کۆمەڵدا دەتوانێ هەڵسوکەوت و ئەدەبیات و ئەخلاقی هەرکام لە ئینسانەکان بەجۆرێك بگۆڕێ و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێنێ، ئەوەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی ژیرانە و هەڵوێست گرتن لە بەرانبەر ئەو بۆچوونانەی کە دژایەتیان لەگەڵ ئەدەبیاتی پیشڕەودا هەیە، لە کۆمەڵگای چینایەتیدا ئەندێشەکان جیاوازن جا بۆیە ئاساییە کە قسەکردنیش بە شێوەیەکی جۆراوجۆر کە لەگەڵ مەنتقی ئەم ڕۆژەدا یەك ناگرێتەوە جیاواز بێ، ئەگەرچی لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و ئامێرە بەرچاوەکانی ئەمڕۆدا بەسەر ئەبەین بەڵام هێشتا مرۆڤەکان نەیانتوانیوە زمان و ئەدەبی خۆیان بە پێی پێویست تێکەڵ بە دونیای عیلم و زانست بکەن، بۆیە جۆرە شێوازێك لە دەربڕین و هەست و ئیحساسی خۆیان لەگەڵ توند و تیژی یاخود جۆرە ناڕۆشنبیریەك بەرەو ڕوو دەکەن کە مرۆڤی بەرپرسیار لە ئاستیدا ئاڵۆزە و خۆی بۆ شەڕی ئەدەبی ئامادە دەکات.

دیارە ئەدەبیاتی قسەکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا گرنگیەکی تایبەتی هەیە و دەست ڕاگەیشتن بەم مەسەلەیە خۆ ماندوو کردن و زانستی چڕو پڕی دەوێ کە دەکرێ خوێندنەوەمان بۆ ئەم باسە زیاتر قووڵ بکەینەوە هەتاکوو بتوانین زمانی قسەکردن سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەرمان بۆلای خۆمان ڕاکێشین، کێ دەتوانێ و چۆن دەکرێ؟ ئەوەش کەسی تایبەت بە خۆی دەوێ کە شارەزاییەکی تەواوی لەم بوارەدا هەبێت. ئەمڕۆژە هەر کەسە و بە ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆی لەگەڵ دەوروبەری هەڵسوکەوت دەکات و هەوڵ دەدات هەر بەو شێوەیە بەرەو پێش بڕوات، مرۆڤەکان زۆرجار نەتەنیا ئەدەبیات و هەڵسوکەوتی یەکتری قبوڵ ناکەن، بەڵکوو بە چاوێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانن بۆی، بۆیە زۆر ئاساییە کە کەسەکان لە ئەدەبیاتی یەکتری ڕەخنە بگرن و شێوە و ڕاوێژی قسەکردنیان لەم بارەیەوە جیاواز بێت.

هەمووان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە زۆرینەی مرۆڤەکان خۆیان لە ئەدەبیاتی ڕاستەقینە بەدوور گرتووە و زمان و قسەکردنیان لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم سەردەمە گەلێك نامۆیە، ئەم نامۆ بوونە زۆرجار لە تێگەیشتن لە جوانیەکانی مرۆڤایەتی بە دوورمان دەخاتەوە.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە زمان و ئەدەبیاتی مرۆڤەکان بە لاڕێدا دەبات، کۆمەڵێك لە داب و نەریتی دواکەوتوانەیە کە خۆی لە ژیانی ئینسانەکان ئاڵاندووە و وەك فەرهەنگێکی


تایبەت لەلایەن کەسانی تایبەتەوە کاری بۆ دەکرێ و بە عەقڵییەتێکی داڕووخاو دەبێتە پێناسەی بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵ، ئەدەبیاتێك کە ڕەنگدانەوەی لەناو کۆمەڵگادا هەمان بۆچوونی کۆن و لاوەکیانەیە کە دەبێتە وێردی سەر زاری جەماوەر و شوێنەواریشی وەك ئامرازێك هەتا هەتایە بناغە دائەکوتێ و دەمێنێتەوە.

ئەگەر بە وردبینیەوە سەرنجی قسەی سەر زاری بەشێك لە مرۆڤەکان بدەین شپرزەییەك بەر چاو دەکەوێ کە ناتوانین لە ئاستیدا بێدەنگ بین، ئەو شێوە قسەکردنە کە مرۆڤی ئەمرۆ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری دەهێنێ زۆرجار لە چەکێك دەچێ کە ڕۆژی دەیانجار هەست و ئیحساسی ئینسانی پێ بریندار دەکرێ. بەشێکی زۆر لە جوانیەکان ژیان بەو زمانە پاراو و مرۆڤ دۆستیەوە جوانە کە دەکرێ وەك ئامرازێك بۆ ئاشتی و خۆشەویستی بە کەڵکی بێنین.

کۆمەڵگایەك گەر بناغەکەی لەسەر ئەساسی فەرهەنگێکی توندوتیژ و شەڕ و ئاژاوە دانرابێ ناتوانی شێوازی چۆنیەتی قسەکردن و هەڵسوکەوتی بەجێگە بکات بە ڕێنوێنی ئینسانەکان.

زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە لە شێوازی قسەکردن و بە کەڵك وەرگرتن لە ئەدەبیاتێکی ئەمرۆیی و پێشڕەو ڕەنج دەبەن، ئەمەش سەرچاوە گرتوو لە نیزام و سیستمێکە کە فەرهەنگەکەی پڕە لە خورافات و دواکەوتوویی، دەور و کاریگەری ئەو دابونەریتە کۆنانەی کە لەگەڵ ئەندێشەی ئەمرۆیی نایەتەوە و تەنانەت زۆرجاریش دەبێتە وێردی سەر زاری چینی ژێر دەست و نا هۆشیاری کۆمەڵگا ئەو هۆکارانەن کە دەتوانێ قسە و ئەدەبیاتی ئینسانەکان چەندین هەنگاو بەرەو دوا ببات.

قسەکردن بە هەر زمانێك بێ گرنگ نییە، بەڵام ناوەڕۆك، ئامانج، هەروەها کاریگەری لەنێو جەماوەردا دەتوانێ جێگا و شوێنی ئەدەبیاتی قسەکردن دیاری بکات و بۆ زیاتر کردنی هۆشیاری خەڵك ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە.



لە ڕاستیدا ئەدەبیاتێك کە بمانەوێ لەناو ژیانی ئاسایی خۆماندا هەروەها لەناو ڕێبازی فکری و سیاسیدا و تەنانەت لە هونەریشدا ڕەنگ بداتەوە، پێویستی بە ئامرازێکی فکری و مادی هەیە کە بە شێوەیەکی زانستیانە پەروەردە کرابێت، ئەویش لە شەرایەتێکدا دەرەخسێ کە سنوورێك لە نێوان زمانەکان و ڕەگەزەکاندا نەمێنێ.

ئەو ئەدەبیاتە لاوەکیانەی کە مرۆڤەکان هەر ڕۆژە لەگەڵیدا بەرەو ڕوون و نایانەوێ ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی تێدا پێك بێنن، ئەوە پەرەپێدەری فەرهەنگێکی لۆمپەنیزمانەیە کە هەڕەشە لە کەسایەتی مرۆڤ دەکات و خزمەت بە نیزامی چینایەتی و دەسەڵاتی ئایینی دەکات.

دیارە لە کۆمەڵگایەکدا کە پڕە لە جۆرەها ڕێبازی فکری، بە تایبەتی، کە سەورەکی ترینیان ئایینە، ئاساییە کە قسەکردنی ئینسانەکان جیاواز بێت. بەڵام لێرەدا مەبەستم زیاتر ئەو ئەدەبیاتەیە کە دەتوانێ بە گشتی چرای ڕێنوێنی ئینسان بێت، ئەویش ئەدەبیاتێك کە ئاسۆی ڕوونی مرۆڤەکان دەست نیشان بکات ئدەبیاتێك کە ئاوێنەی باڵا نوێنی بەشەری ئەمرۆ بێت ئەگەر نەزانین چۆن قسە بکەین ناشتوانین لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستانەی کە بەرانبەرمان ئاڕاستە دەکرێ بەرەو ڕوو بینەوە.

قسەکردنی بە جێگە و شیاو لە شوێنی خۆیدا خۆی لە خۆیدا هونەرێکە، زمان و فکر کە پەیوەندیەکی قووڵیان پێکەوە هەیە پێویستی بە مرۆڤێکی ژیر هەیە کە چۆن ئەو فکر و زمانە پەروەردە بکات. هەموو مرۆڤێك خاوەنی ئەو عەقڵیەتەیە گەر خۆی تەسلیمی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگا نەکات و لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم کە قسەی بە پوخت و هەڵسوکەوتی مرۆڤانە بەشێکە لە کەسایەتی ئینسان کە پێناسەی ئەوە بۆ کۆمەڵایەتی بوونی.

***

# هونەر لەناو زینداندا

ن: سودابە اردوان
و: هێمن.ا

هونەر شەهادەتێکە لە ڕووی پاکیەوە:
تیشکێك کە کێشەکان وەردەگرێ
تا مرۆڤ
پیرۆزیە وون بووەکەی بناسێتەوە.
شاملو
((مدایح بی صله))

زۆربەی کات دەروون ناسەکان، شوێنێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکانیان پێك دەهێنن تا لەگەڵ ڕەنگدانەوە و فەرایەندی دیاریکراودا و ئەو هاندەرانەی کە خۆیان هەڵیدەبژێرن، ئەزموون وەرگرن.

ناخی مرۆڤ بە هەموو توانا و بێ هێزی خۆیەوە ئێستاش جێگای قسە لەسەر کردن و بابەتی لێکۆڵینەوەی دەروون ناسەکانە. پێناسەکان، هەڵسەنگاندنەکان و ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر شێوەی مرۆڤانە، هەمیشە هاو تەریب نییە، چونکە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە و دەسکەوتانە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگایەکی بورژوازی و چینایەتی، ڕێك دەخەن.

بەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە، ناخی مرۆڤ لە بناغەوە لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەوراز و نشێوەکان بە شێوەیەکی گشتی، خۆی بە دوور دەگرێ و ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لە هەمووواندا یەکسان و هاو ئاستە. مرۆڤ کاتی تووش بوون لەگەڵ کێشەکان، بۆ دوور خستنەوەی ئەو ناخۆشی و ناڕێکیانە، دەست بۆ ڕێگای جیاواز ئەبات کە دەسکەوتەکەی گێڕانەوەی جۆراوجۆرە لە ژیانی مرۆڤ. سروشتی مرۆڤەکان لە زیندان و ئەشکەنجە بێزارە و هەستی ئازادی لە قسە و هەڵسوکەوتدا و هەروەها لە ناخیدا شاراوەیە.

زیندان، بە تایبەت زیندانی کۆماری ئیسلامی لە دەیەکانی ٦٠ کە بۆ ڕێگە گرتن لە ئازادی بیرکردنەوەی مرۆڤ دروست کرابوو، لە شێوەی خۆیدا بێ وێنە بوو لەبەر ئەوەی کار تەنیا بە بیر کردنەوە کۆتایی نەدەهات. جێگرتنەوەی شێوەی بیر کردنەوەزی ئیرتجاعی و نا مرۆڤانەی پاسەوانەگان و دەسەڵاتدارانی سەردەم، ئەمرێکی خۆنەویست بوو. بەم مەبەستە پاسەوانەکان تا ئەو جێگایەی کە دەیانتوانی، شوێنی ژیانیان بچوك و پێداویستیان ئەگەیاندە کەمترین ئاست... ژوورەکان لە چوار چێوەیەکی بچووك پێك هاتبوون و بەبێ هەر جۆرە پێداویستیەکی ژیان بوو. لە بەرانبەریدا، زیندانیانێك بوون کە لە ئەژمار نەدەهاتن و لەگەڵ هەزاران دەردی جەستەیی و ڕۆحی، ناچار بە ژیان لەم شوێنانەدا بوون و هەموو کەم و کوڕیەکانیان بەو شتانەی لە ناخیاندا شاراوە بوو چارەسەر ئەکرد.

بۆ نموونە، بۆ کەمی جێگا و کەرەستەی پێویست بۆ ژیان، کەڵك و یارمەتیان لە هێزی بیر کردنەوەی خۆیان وەر ئەگرت و پێداویستیەکانیان بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی دروست دەکرد، بە بەرنامە داڕشتن، جێگای خەو و حەسانەوەیان بەرابەر و یەکسان، بۆ هەمووان بەش دەکرد. زۆربەی کات لەبەر کەمی خواردن و لە ڕووی برسێتیەوە، پێناسە و شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ هەموو خواردن و خواردنەوەکان دەکرد، و تەنیا مەبەست لێی گاڵتە و پێکەنین بوو کە بەردەوام لە کۆتاییدا بە بەراورد کردنی هەل و مەرج و ئیمکاناتی بەردەست دەبڕایەوە.

لەتە نانێکی بچووك، یەك یان دوو کڵۆ قەند بۆ هەر کەسێك، چایەکی پڕ لە خڵتە، کەمێك برنج بە ڕادەی دوو یان سێ کەوچك بۆ هەر کەسێك، ماوەیەکی زۆر خواردنی بەندکراوانی زیندانی ئێوین بوو. هەڵبەتە، ئەو برسێتیە ناخۆشە لە پەنای لە سێدارەدان و ئەشکەنجە و گەلێك کردەوەی نامرۆڤانەی دیکەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا، هەڵسوکەوتێکی نا سروشتی نەبوو.

ئەو شتە قەدەغە کراوانەی کە ئێمە ناوی دەنێین پێداویستی ڕۆژانەی مرۆڤ ، شکڵی جۆراوجۆری هەبوو. هەستە عاتفیەکان کە بە هاوڕێیەتی قووڵ لە نێوان کەسەکان بە

شێوەیەکی سروشتی ڕەنگی دەدایەوە و دەردەکەوت، وە حەزە سێکسییەکان لەو چوار چێوە تورە و پڕ ترس و تۆقاندنەی زینداندا، مەجالی بوونی خۆی لەدەست دابوو.

هەستی جوانی ناسی و باس لەم بابەتە تەنانەت ئەمڕۆش لە زۆربەی بابەتەکاندا وەکوو باسێکی ڕۆشنبیرانە و نا پێویست پێناسە دەکرێ، بەم ئەزموونەم لە زینداندا —ئەویش لە کاتێکی نە ئەوەندە کورت و لە شوێنێکی تەواو جیاواز لە شوێنی ژیانی مرۆڤ- لەو بڕوایەدام کە ئەم هەستە واتە گرینگی بینینی ڕەنگ و شێوە و جوانی لە ناخی مرۆڤدا هەر ئەو ڕەنگدانەوەیەی هەیە کە لەش بە شێوەی سروشتی خوازیاری خواردەمەنیە بۆ پارێزگاری و تەندروستی.

لە هەل و مەرجی دەرەوەی زیندان و لە شوێنێك کە ئێمە تێیدا دەژین هەست کردن بەم نیازە قورس یا تەنانەت حاشا هەڵگرانە دەنوێنێ، بۆ نموونە ئێمە سەیری تەلەفزیۆن دەکەین، دەڕۆین بۆ سینەما، داری سەر جادە و گوڵە نێژراوزەکانی ناو باخچەکان دەبینین و تێدەپەڕین، هەر ڕۆژە و لە هەر سەعاتێکدا شایەتی ویترینی ڕازاوەی دوکان و بەلای زۆربەیاندا بێ گرنگی پێدان تێدەپەڕین. ئایا هیچ کاتێك بیرتان لەوە کردۆتەوە ئەگەر ئەمانەتان نەبینیبایە و بە جێگای ئەمانە دیوار بە ڕەنگی کرێمی و خۆڵەمێشی تەنیا شوێنی ژیانی ئێوەی پێك بهێنایە و تەنانەت ڕێگای بینینی ئاسمانی بێ کۆتایشتان نەبوایە، چی ڕووی دەدا؟ لێرەدا من باسی یەکێك لە بیرەوەریەکانم دەکەم:

ماوەیەك لە ژووری تاکەکەسی ناو زینداندا بووم. ژوورێکی چۆڵ بوو و تەنانەت جلە زیادیەکانیشیان پێ نەدابووم. دیواری ژوورەکە بە ڕەنگی کرێمی بوو. پەتووەکەم خۆڵەمێشی، عاباکەم ڕەش و جلەکانم قاوەیی بوو. من بیرم لەو ڕەنگانە نەدەکردەوە و شەو و ڕۆژم بە خەیاڵی جیاواز بەڕێ دەکرد، ڕۆژێك با لە کەلێنی ژێر درگاکەوە پەتکێکی سوری بچوکی هێنایە ژوورەوە. لە کاتێکا کە پیاسەم دەکرد چاوم پێی کەوت و بە پەرۆشەوە بەرەو لای ڕۆیشتم، دانیشتم و بە تامەزرۆیی سەیری جوانی ئەو پەتەم دەکرد. ئافەرینم پێ ئەوت کە لە ناکاو هاتمەوە سەر خۆم: ((ئەمە تەنیا پەتێکە))، لەو هەڵسوکەوتە سەیرەی خۆم سەرم سوڕما، ئەوە تەنیا پەتکێکی بێ سود بوو بەڵام من بۆچی ئاوا سەرنجم بۆلای ڕاکێشرابوو؟

ڕۆژێك لاجوەردی بەرپرسی گشت زیندانەکان هاتبووە بەندەکەی ئێمە لە زیندانی ئێوین. چەند کەسێك کەوتنە قسە لەگەڵیدا و ویستیان دەرگای هەواخۆری بەیانیان، چەند سەعاتێك کراوە بێت تا زیندانیەکان لە هەوای بەیانیاندا بتوانن پیاسە بکەن. لاجوەردی نارەزایی دەربڕی و وتی: ئێمە دەزانین کە تەنانەت دارێکیش بۆ ئێوە گرنگی هەیە و ئێمە بە ئەنقەست ئێوەمان لە بینینی بێبەش کردووە. دەرگای هەواخۆری لە بەیانیاندا ناکرێتەوە.

ئەم بێ بەش کردنانە لە بەندەکاندا لە زۆر لایەنی جیاوازدا بوونی هەبوو. هەروەها ئەو هەڵسوڕانە وەکوو بەشێك لە دروست کردنەوەی بیر و مێشك و تەندروستی مەمنوع کرابوو. کاری دەستیش، جوڵەیەك کە زیندانیەکان کاتی خۆیان پێ بەڕێ دەکرد و هیوا و بۆچونەکانی خۆیانیان تێدا وێنا دەکرد مەمنوع بوو.

کاردەستی بچووك کە زیندانیەکان بە ئامرازە سفرەکانی زیندان دروستیان دەکرد لە بۆنە و مەڕاسماتێکی تایبەتدا وەك دیاری بۆ هاوسەر، بنەماڵە لە پیشاندانی هەستی عاتفی ئەواندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. هەڵکەندنی گوڵێکی مێلاقە لەسەر بەردێکی بچووك بۆ ڕێز گرتن لە یادی برایەك یان خوشکێك کە لە سێدارە درابوو ڕەنگدانەوەی لەسەریان لەو پەیکەرەی ناوەڕاستی شاری تاران کە خاتوو زەهرا ڕەهنەوەرد بە هێزی کرێکارە ئەفغانیەکان دروستی کردبوو زیاتر بوو. لە پاش و پێشی هەوای قەرەباڵخی بەنددا، لە نێوان گرمەگرم و هات و چۆکاندا، تۆبەکارەکان (تەوابەکان) و جاسوسەکان، پاسەوان و ئەشکەنجەکانیان، پرسیار و جواب و لەسێدارەدان، زیندانی و بیر و ئاواتەکان و لە کۆتاییدا ئەو ئەدەبیاتەی دڵیان پێ بەستبوو لە چپەچپ و هەروەها لەو کارە هونەریانەدا کە زۆربەی کات بە شێوەی شاراوە دەکران، زیندوو ڕادەگرت. ئەدەبێك کە لە ناخ و هەڵسوکەوتیدا خۆشەویستی خەڵکی زەحمەتکێش و هەڵسوڕان دژی ڕژێمی زۆرداری کۆماری ئیسلامی کردبووە بناغەی کاری خۆی. ئەو ورەیە و ئەو هەلومەرجە لە دژی زوڵمێك کە هەیە هەندێ کات شێوەیەکی وەك نیشانەی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرت و سەرنجی هەموانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. بۆ نموونە دایکێکی پیر دوای بینینێکی حەوت خولەکی لەگەڵ کچەکەیدا، کاتێك کە تەلەفۆنەکان پچڕابوون، نیگاکانی کۆتایی لە نێوانیاندا گوازرایەوە، دەستی باوکی یەکێك لە زیندانیەکان بە نیشانەی یەککگرتوویی و شۆڕش بەرانبەر بە زیندانیەکان لە هۆڵی چاوپێکەوتندا بەرەو سەرێ ئەچوو... هەستی سەربەرزی و هیوا بەم کارە ماوەیەك ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر ناخی زیندانیەکان بەجێ هێشت.

یادیان بەخێر! هیچ کام لەم دوو کەسە ئێستا لە ژیاندا نەماون.

لەو هەلومەرجەی کە من لە زینداندا بووم و کارە هونەرییەکان بەشـــێك لە ژیانمی پێکدەهێنا لەناکاو بوومە باوەڕپێکراو و جێی متمانەی نهێنی کەســانێکی زۆر لـــە بەند کراوەکان لەبارەی پەیوەندیە عاتفیەکانیان بۆ دروســت کردنی کاری هونەری وەکوو دیاری، بۆ کەســێکی خۆشەویست دەبوومە جێی پرس پێکردن. دروست کردنی کاردەستیەك وەکوو دیاری دڵۆپێك بوو لەو دەریای هەستانە کە لەوانەیە بەندکراوێك لە ماوەی ژیانیدا لە زیندان، هەمیشـــە لەگەڵ خۆی ئەیهێنا و ئەیبرد و هەروەها هەســت بۆ دەربڕینی خۆشەویســتی و عەشــق و هیوا بۆ خۆشەویســتیەك چ لە ژوورەوە و چ لە دەرەوەی زیندان وەکوو یەکێك لە پێداویستیە گرنگەکانی ژیان دادەنرا، چوونکە دووریەکان و جیاییەکان لە شێوەی خۆیدا بە ئازار بوون. دڵ خۆش بووم کە منیش بەشـــدارم و هەموو هێزی خۆم بەکار دەهێنا، کـــە ئەنجامەکەی کۆمەڵێك لە هەستە جوانەکانی مرۆڤ بوو کە لەلایەن ئەوانەوە بۆم دەهات.

هەروەهـــا ئـــەو کارانـــەی من یان ئەوانی تر وەکـــوو کارێکی هونەری لـــە زیندژاندا ئەمانکـــرد، ئەیتوانی یارمەتی ئەوانی تـــر بدات تا ناخی خۆیـــان و بیر و ڕایـــان بۆ ماوەیەك، چەنـــد خولەکێك یـــا تەنانەت چەند ســـەعاتێك لە دونیایەك گەورەتر لەو بەندەی تێیدا بوون بفڕێنێ.



دەفتەرێکم هەبوو لە زیندانی (قزل حســـار) کـــە وینەی زۆربـــەی هاو بەندیەکانم تێدا کێشـــابوو. ڕۆژێك لەلایەن چەند کەسێکەوە کەوتمە بەر ڕەخنە کە بۆچی هەموو وێنەکان خەماوین؟ وتم: لەبەر ئەوەی هەر کەســێك کە بۆتە مۆدێلم دوای ماوەیەك ئەچێتە ناو خۆیەوە و ڕوخســارێکی خەماوی بە خۆیەوە ئەگرێ. یەکێکیان هەر لەو کاتەدا وتی من ئەبمە مۆدێلت و تا کۆتایی پێئەکەنم. ســەرنج ڕاکێش بوو و لێم پرســی بەڕاســتی ئەتوانی تا ماوەیەکی کەم بۆ نموونە ١٥ خولەك پێبکەنی؟ تۆ وێنە بکە و من پێئەکەنم.

ئێمە دانیشـــتین و دەستمان پێکرد. پێکەنینی ئەو منیشی وەپێکەنین هێنابوو و هەروەها ئەوانەی کە لە دەوران دەورمان بوون. هێـــواش هێواش ڕێـــژەی بینەران زیاتـــر ئەبوون و پێکەنینەکە لەوانیشدا ڕەنگی دەدایەوە. دەنگی پێکەنینەکە وا بەرز ببـــۆوە کە بەڕێوەبەری بەنـــد هوما کەلهوڕ —لەو زیندانیانەی کە تۆبەی کردبوو- لە ژوورەکەی هاتە دەرێ تا بزانێ زیندانیەکان بەچی پێئەکنن و ئەگەر توانی لە دژیان شتێك بنووسێ.

هەلومەرجی زیندانیە سیاســیەکان لەسەر بابەتێك خۆی لەخۆیدا زۆر تازە و نوێ بوو. زۆربەی کات فشار و بێبەشی لـــە لوتکەی خۆیـــدا بوو. زۆرێك لەو زیندانیانە لەدەســت ئەشـــکەنجەی وەکوو دار تەرمی حاجی داوود لە زیندانی (قزل حسار) هاوسەنگی دەروونی خۆیان لەدەست دابوو. دار تەرمەکان و ئەو بەرنامەی حاجی داوودەی بۆیانی دروست کردبوو هەر بۆ شتنەوەی مێشکی زیندانیەکان بەکار دەهات. هیـــچ لێکۆڵەرەوەیەك لە دەرەوەی زیندان مەجالی دەســت پێڕاگەیشـــتنی بەم جۆرە شوێنانە نیە بۆ لێکۆڵینەوە، چوون ڕەنگە بکـــرێ هەلومەرج و مرۆڤەکان بەم شێوەیە و نموونەی هەر ئەم شوێنە دابنرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەو شـــوێنە پڕ ترس و ســـامە کە تاوانباران و جەللادەکان دروســـتی دەکەن لـــە دەرەوەی توانایيەکانی هەر لێکۆڵەرەوەیەکی مرۆڤ دۆستە.

دروســـت کردنی بەرهەمی هونەری لە زیندان تەواو لە ڕوی پێویستیەوەیە بۆ دەروون و ڕەوانـــی مرۆڤەکانی ناو بەند. خولقاندن لە هەر شێوەیەکدا خۆی هەواڵێکە بۆ لە ژیاندامانی مرۆڤەکان. لە زیندانی تاکەکەسی گەوهەردەشتدا یەکێك لـــە هاوڕێکانم بـــە ئاڵوگۆڕ کردنی ڕیشاڵەکانی، پارچەیەکی سپی کردبـــووە پارچەیەکـــی ڕەنگاڵەیی لە شـــێوەی گوڵێکی ســـووردا. ئەم کارە هونەریە لە بەرانبەر ڕەنگاڵەیی دەرەوەدا هیچ جوان نەبوو بەڵام کاتێ ســـەیری هاتوچۆکانی ئەو لەتە پارچەیەکم لەو ماوە ملمیانەدا دەکرد، ژیانی کچێکی لاوم ئەبینـــی کە توانیبووی بیر و باوەڕ و تەندروستی ناخی خۆی لەو ژوورە تاکەکەسیە ترسناکانەی گەوهەردەشـــتدا لە ماوەی چەند مانگ و ساڵێك بەو شێوە زیندوو ڕابگرێ. بە تەماشا کردنی ئەم گوڵە سوورە ڕەنگ پەڕیوە هەستێکم نەبوو بێجگە لە پیاهەڵدان و ستایش کردن، بێجگە لە بەرز نرخاندنی ڕۆحی گەورە و مرۆڤانەی ئەو.

دوانزەی ژوئیەی دووهەزار و حەوت.

---

سەرچاوە: ئینتەرنێت

# ئیعتیاد لە نێو منداڵان و لاواندا

وتووێژی سوسەنی بەهار لەگەڵ داریوشی ئیقباڵی
و: دلێر محەممەدی

سوســـەنی بەهار: بەرلە هەمـوو شتێك، زۆر سوپاسی ئێوە داریوشـــی عەزیز دەكەم بۆ قەبوڵ كردنی ئەم وتووێژە. ئێوە هەمووكاتێك هۆنەرمەندێكی پێشڕەو بوون. بەڵام ئەم كارەی دوایتان و ئـــەو حەرەكەتە ئینســـانییە گەورەیە كە بەدژی ئیعتیاد دەســـتت پێكردوە، بە ســـەرنجدان بە بەربلاویی ئەم كێشـــەیە لە كۆمەڵـــگای ئێرانـــدا، زۆر كارێكی بەجێیە. چوونكە ئێمە كەمتـــر هۆنەرمەندێكمان هەیە، كە لە بوارە كۆمەلایەتییەكاندا هەنگاو هەڵێنن و تەواوی ژیان و وزەیان لەم رێگایەدا بەكار بێنن.

ئەگەر كۆمەڵگای ئێمە بەو ئاكامە دەگەیشـــت كە تووش بوون بە ئیعتیادی بەرەسمیت بناسیبا، نە ئەوەی كە رێگەی پێبداو هانی بدا، بەڵكو ئەگەر موعتاد بوونی ئینســـانێك لـــە بنەماڵەدا ئاواها مەحكوم نەدەبوو، ئایا خوودی بنەماڵە نەیدەتوانی باشـــتر كۆنترۆڵی بكات؟ ئایا بەشێك لەوانەی كـــە بەرەو ئیعتیـــاد دەڕۆن، زۆرتر ترس لـــە دەربڕینی ئەم مەوزوعە و داوا كردنی یارمەتی لە خوودی بنەماڵە نییە؟ ئەم پرســـیارە هەمـوو كاتێك لە مێشكی مندا بووە كە وەكوو بنەماڵە یـــان دایك و باوك چ هەڵســـوكەوتێك لەگەڵ ئەم مەسەلەدا گونجاوە؟ ئەگەر لاوان هەست بەو ئەمنیەتە بكەن كە بڵێن تووشـــی ئیعتیاد بوون، ئایا رێگەیەكی باشتر نییە بۆ یارمەتیدانیان؟ تا ئەوەیكە بنەماڵەكان وەكوو ئینســـانێك چاو لە موعتاد بكەن، نەك ئەوەیكە وەكوو ئینســـانێكی بێ دەرك و فام چاویان لێبكـــەن. ئەوەیش لەحاڵێكدایە كە ئەو كەسانە زۆرن چاوپۆشـــی لە زۆربەی جینایەتەكان دەكەن، بەڵام موعتاد كە خۆی قوربانی جینایەتێكە، وەكوو تاوانبار سەیری دەكەن.

داریوش: ئێوە ئاماژەیەكی دروستتان بە لایەنە جۆراوجۆرەكانی كێشـــەی منداڵان و ئیعتیاد كرد. مەســـەلەی فەرهەنگی هەڵبەت لەنێو ئێمەدا زۆر قووڵە و بەقەولی هاوڕێیەك ئەم بیرە زۆر قووڵە، بەڵام هەیە و ئەم واقیعیەتە كۆمەڵگایەك دەبێ قەبووڵی بكات، ئێمە لە كۆمەڵگای خۆماندا هەمووكاتێك دەمانهەوێ كەسێكی دیكە تاوانبار بكەین. مەسەلەی شت شاردنەوەمان هەیە. حاشای لێدەكەین، یەكێك لە گەورەترین ئەو شتانەی كە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا لەپێش چاو ناگیرێت، مەسەلەی "منداڵە، بیشارەوە با نەزانێ"، "منداڵەكەم موعتادە مەهێڵە كەس بزانێ"، "حەیامان دەچێ"، تەواوی ئەمانە لە فەرهەنگی ئێرانیـــدا هەیە. گرنگ ئەوەیە كە خەڵك دەبێ رێگاچارەگەلێك قەبوڵ بكـــەن، هەوڵی بۆبدەن و زەحمەتی بۆبكێشن، ئێمە دەمانهەوێ منداڵەكانمان بەچەشنێك بن كە ئێمە پێمان خۆشە، بەڵام وەها شتێك مسۆگەر نییە. منداڵ كەسایەتی خۆی هەیە. بەڵام لە شوێنێك كە ژیان دەكا و لەو تەغزیـــە دەكا، ئەوەیكە دایك و باوكی چی پێ دەڵێن، چۆن لەگەڵیدا هەڵسوكەوت دەكەن، زۆر گرنگە. وەكوو رەواڵ لە كۆمەڵگای ئێمەدا، باوكان كاتێك منداڵ دەكەوێتە نێو داوی ئیعتیاد، دەســـت پێدەكەن كە ئەو كاتە زۆر درەنگە، ئێمە لە بەرنامـــەی تەلەفزیۆنی خۆماندا "ئاوێنە" زۆر جار ئەوەمان وتووە، كە دایك و باوكان دەبێ ئەوە بزانن كە بەشـــێوەیەكی زانستییانە لەگەڵ مەسەلەی ئیعتیاددا هەڵسوكەوت بكەن. من هەشت ساڵە، خەریكە بەرەو چاك بوونەوە دەچم و حەوت ساڵیشـــە لەم بوارەدا ئیش دەكەم. نابێ تەنیا بڵێم، كە "باشە دەتوانێ نەكێشـــێ، بۆچی كێشـــای؟"، دەبێ بڕۆین هۆی كێشـــانەكەی پەیدا بكەین و بزانین چ شتێك بووەتە هۆی ئەوە منداڵەكە تووشی ئیعتیاد بێت.

منـــداڵان قوربانی كۆمەڵگایەكن كە نیســـبەت بە ئەوان كەمتـــەر خەم بووە. ئەم قوربانییانە، هەر ئەوانەن كە دوارۆژ لە زیندانەكاندان؛ كە دوارۆژ دەبنە باندی مافیا و قاچاخ. بەداخـــەوە رۆژ لەگەڵ رۆژ لە وڵاتـــی ئێمەدا ئامارەكەی بەرەو زیادبوون دەڕوا. هۆیەكەشـــی كەم ســـەرنجدان و باش

هەڵسوکەوت نەکردنە، ئێمە هەموو کاتێك لە بەرنامەکانماندا دەڵێین پێشــگیری گرنگتر لە دەرمانە. من هەموو کاتێك باس لەو نموونەیە دەکەم کە من ســەربازێك بووم و رۆیشتم بۆ شەرێك و لەم شەڕەدا شکستم خوارد و نەخۆشیی ئیعتیاد بەسەر مندا زاڵ بوو. بەڵام ئەگەر لە مێرمنداڵیدا بەمنیان بگوتبایە و دایك و باب ئەم ئاموزشەیان ببوایە، فێر ببوایەن کە ئیعتیاد تەنیا مەسەلەی مەوادی موخەدیر نییە و دەیان لــق وپۆی تری هەیە کە یەکێك لەوانە مەوادی موخەدیرە، مەسەلەیەکی دەروونی و رەوانیە، ٥ لەسەدی جسمی و ٩٥ لەسەدی دەروونی و رەوانیە، رەنگە ئەم شتە روونەدات.

منداڵ لە کوێ پەروەردە دەبێ؟ لە کۆمەڵگادا. من هەموو کاتێك دڵم دەخوازێ ئەوە بڵێم، کە دەبێ راشکاوانە و ئاشکرا لەگەڵ منداڵەکانماندا قســەبکەین و نهێنیکاری نەکەین. کارێك بکەیــن کە منداڵەکانمان لەبارەی ئیعتیادەوە شــت بزانن، لەبارەی مەســەلەی ئەخلاقییەوە بزانن، ئێمە دەڵێین دەبێ لەگەڵ منداڵەکانماندا قســە بکەین. من فێر بووم کە بهێڵم منداڵەکانم لەگەڵمدا قســە بکــەن. ئەگەر دە دەقیقە کاتمــان هەیە، کــە وەکوو باوك کوڕ قســە بکەین، لەم دە دەقیقەدا من یەك دەقیقە قســە دەکەم بەڵام ئەو ٩ دەقیقە. کەچی وەکــوو رەواڵ لە فەرهەنگی ئێمەدا، ئێمە ٩ دەقیقە قسە دەکەین و منداڵەکە ١ دەقیقە.

منداڵان خەســارەت دیتووترین کەسەکانی نێو کۆمەڵگەن، بــێ بەرگری ترین، بێ تاوان تریــن، هێندێ جار منداڵی ناکەن، منداڵییان سەرکوت دەبێ، هەستیان سەرکوت دەبێ.

ئێمە لەگــەڵ چەندین ئەنجومەنی منداڵانــی کاردا لە پەیوەندی داین، لە پەیوەند لەگەڵ پێشــگیری لەگەڵیاندا هــاوکاری دەکەین، هەوڵ دەدەین، کە بتوانین یارمەتیدەریان بیــن. کاتێك کە گوێ بۆ قســەکانیان دەگریــن، دەبینین منداڵی وا هەیە لە ســێ ساڵەیەوە کار دەکات ئەم توێژە لە منداڵان، قوربانییەکانی کۆمەڵگان. زۆر جێگای داخە، کە کۆمەڵگا وەکوو منداڵ سەیری ئەمانە ناکات. منداڵێك کە خۆراکــی نییە، جل وبەرگی نییە، منداڵێك کە ناچارە کار بکات، باشــە یاری چ دەردێکی چارەسەر دەکات؟ دەرسی بۆچییە؟ ئەمانە لــە نێو زبڵدانەکاندا خواردنیان دەدۆزنەوە. پێشێل کردنی یاسای منداڵان، کەمتەرخەمی دەوڵەتە.

منداڵانــی کار، منداڵانــی کاری سەرشــەقام، کچانی هەڵاتــوو لەماڵ، زۆر دەبن. دەبــێ بنەماکانی ببینینەوە. ســەرنج نەدانی بەرپرســان، نەزانینی رێگاچارەکان، حاشا کردن، شــاردنەوە، ئەمانە خەریکە کۆمەڵــگا و نەوەکانی داهاتــووی ئەم وڵاتە، لە ناو دەبــات، ئێمە هەموو کاتێك دەڵێین، کە ئێمە نەوەی ســووتاوین، بــەڵام ئەمانە نەوەی نەخۆشــن. دەبێ کێ بەهانایانەوە بێ؟ لە لایەکەوە دەوڵەت زۆر کەمتەرخەمە، زوڵمی زۆری دەرحەق بە منداڵان کردوە، لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگاش بەرپرسە. ئێستا ئێمە دەتوانین چ بکەین بۆ منداڵانی وڵاتەکەمان؟ وەکو ئینسانێك، وەکوو کەســێك کە هەستی ئینسانیمان هەیە، دەبێ ئەوە بزانین کە ئینســانێکی تریش هەیە. راستییەك لەو وڵاتەدا ئەوەیە کە ئــەو هەموو کۆێرەوەریەی هەیە، چ باشــتر کە خەڵك قۆڵ هەڵماڵن، چ باشــتر کە خەڵك برۆن ئەم رێکخراوانە ببینن، پشتیوانی لە منداڵەکانەوە بکەن، نەهێڵن منداڵەکان مەجبور بــەکار کردن بن. یارمەتی بنەماڵەکان بدەن. لە ئێن.جی.ئۆ جۆراوجۆرەکان پشتیوانی مادی و مەعنەوی بکەن.

سوســەنی بەهار: من منداڵانی ئێرانم هەموو کاتێك وەکوو لەبیرکراوتریــن منداڵانــی جیهان ناو لێنــاوە. بۆ ئەوەیکە ئێران تەنیا وڵاتێکە لە جیهاندا، کە راســتەوخۆ یاسایەکی دژ بــە منــداڵان هەیە. یەعنــی جیا لە قەبــوڵ کردنی تەواوی کۆنوانســیۆنەکانی مافی منــداڵان، لە ژێرناوی کۆنوانسیۆنگەلی هاوئاهەنگ کردن، هەر ئەو کۆنواسیۆنانە پێشێل دەکات، یەکەمینی ئەم یاسایە مادەی ١٢١٠ی یاسای مەدەنی ئێرانە، کە کچانی ٩ ســاڵ تەمەن وەکوو باڵغ ناو لێدەبا و ئیزنی زەواجیان پێدەدا. ئێمە یاسای تەنێی ئاییینیمان هەیــە، کە تەنانەت ئەگەر منداڵێــك لەژێر لێدانی باوکیدا گیانی لەدەســتدا، باوك دەتوانێ بەدانی سزای نەقدی یان دە رۆژ حەبس رزگاری بێ و یان هیچ کارێکیان بەسەریەوە نەبێ. یاساکان نیشاندەری پرنسیبەکانی کۆمەڵگان، کاتێك کە لە یاسای (فقهی)، شەرعی و مەدەنی، وەها بەندگەلێك دژبــە منداڵان هەیە، سروشــتییە کە لــەو کۆمەڵگایەدا توندوتیــژی و بێ حۆرمەتی دەرحەق بــە منداڵان زۆرە. پرســیارێك کە من لێرەدا لە ئێوەم هەیە، ئەوەیە کە تەواوی ئەو کەســانەی کە کاری لێکۆڵینەوە لە ئێران دەربارەی ئەم کێشــانەوە دەکەن، لە جیاتی ئــەوەی کە بڵێین کۆمەڵگاکە زیان ئــاوەرە، لەگــەڵ لاوان و منداڵاندا وەکوو خەســارە کۆمەڵایەتییەکان هەڵسوکەوت دەکەن. چەندە ئەم منداڵانە لە کۆمەڵگادا خەســارەتیان دیوە، تا ئەوەیکە خەســارەتیان بوویێ بــۆ کۆمەڵگا؟ ئەگەر ئەوە قەبــووڵ بکەین کە لە دەرەجەی یەکەمدا کۆمەڵگا خەسارەتی بە لاوان و منداڵان گەیاندووە، کەوابوو بنەماڵە دەتوانێ ئەوەندە گەرانتی بدات کە ئەو کۆمەڵگا نەخۆشە خەسارەت لە منداڵان نەدات. من وەکوو خۆشویســتن چاو لــەم گەرانتییە دەکەم. ئێوە رۆڵی عەشق و خۆشەویســتی لە چ ئاستێکدا دەبینن؟ دەربڕینی

عەشـــق و خۆشەویستی راســـتەوخۆ بە منداڵ و بە لاوێك، چەندە بایەخی هەیە؟ ئایا خۆشویستنی منداڵان و لاوان بۆ پێشگیری لە خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتییان دەدا؟ یا ئەوەی کە بەقەولی فەرهەنگی ئێمە، منداڵ بەلارێدا دەبا و بۆ خەتا کردن ئامادەی دەکا؟

داریوش: شتێك کە من دەیزانم، ئەوەیە کە کەسایەتی منداڵ تا تەمەنی ســـێ چوار ساڵی شکڵ دەگرێ. بەڵام منداڵ تا کاتێك دایك و باوکی هەیە، لە هەر تەمەنێکدا پێویستی بە عەشق هەیە. بەشێوەیەکی سروشتی لە سەرەتاوە دەبێ بە عەشقەوە لەگەڵ منداڵدا هەڵسوکەوت بکرێ. دەبێ بایەخی زۆری پێ بدرێ. هێندێ کەس وا بیردەکەنەوە کە بایەخ دان بە منداڵ، یانی ئەوەکـــە کەلوپەلی یاری بۆ منداڵەکانیان بکڕن و جلوبەرگی نوێیان بۆ بکڕن. کاتێك وەها منداڵگەلێك کە لە ناز و نیعمەتدا گـــەورە بوون، موعتاد دەبن، دایك و باوك ســـەریان ســـوڕ دەمێنێ و دەڵێن: ئێمە خۆ لە بنەماڵە باشەکانین، ئێمە مرۆڤگەلێکی دەوڵەمەندین، ئێمە شتێکمان کـــەم نەبوو، بۆچی منداڵەکەی ئێمـــە موعتاد بووە؟ ئێمە دەبێ پێداویستییەکانی منداڵ بناسین. ئەگەر منداڵە سێ ساڵ و نیو تەمەنەکەم دێ بۆلام و من هیچ بایەخێکی پێ نادەم، ئەو هەڵســـوکەوتی من دەبینێ و هەر ئەو کاردانەوەیە نیشان دەدات. ئەوە خەتای منە، نیشاندەری کردەوەی منە. ســـەرەنجام عەشق لەم نێوە رۆڵێکی کاریگەری هەیە. دەبێ بزانین چلۆن ئەم عەشـــقە بەرانبەر بە منداڵەکانمان دروست بکەین. لە هەر هەلومەرجێکدا دەبێ ئێمە فیداکاری بکەین. بەڵام دەبێ فیداکارییەکە وشـــیارانە بێ، دەبێ فێرکراو بێ، بەتایبـــەت لەم ســـەردەمەدا کە بنەماڵـــە دەتوانێ تەواوی زانیارییەکان لە رێگەی ئینترنێت و میدیاکانەوە و لە رێگەی ئەو توێژە جۆراوجۆرانەوە دەســـتەبەر بکـــەن کە لەم بارەدا کار دەکـــەن، لە دەرەوەی ئێـــران میدیایەك نییە، کە دەروون ناسێکی نەبێ. دەتوانی بچی بۆلای ئەوان، بەڵام تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئێمە لە ناوخۆ، ئەگەر بمانهەوێ لەگەڵ دەرەوە لێکی بدەینەوە، رۆیشـــتن بۆلای دەروونـــاس نیگەتیڤە. تەنانەت لە دەرەوە ئەم تێڕوانینە باشترە، بەڵام دیسان دەبینین نهێنیکاری تێدایە. کاتێك باسی رۆیشتن بۆلای دەروونناس دەکرێت، هێندێك کەس دەڵێن خۆ من شێت نیم، پێویستیم بە دەروونناس نییـــە. بەڵام من پێم وایە وردەوردە و بە دووپات کردنەوەی، بە ســـیمناری جۆراوجۆر، دەتوانرێ کارێکی وا بکرێ کە کۆمەڵگا دەست لە حاشا کردن هەڵگرێ و بزانێ کە پێویســـتی بە یارمەتیدان هەیـــە. نەك دوای ئەوەی کە منداڵەکەی تووشـــی ئیعتیاد بێت، داوای یارمەتی بکات. باشتر وایە بەر لە رووداني کارەساتەکە ئامادە بێت، کە دەبێ چلۆن هەڵســـوکەوت بکات، بەداخەوە بووار بۆ سەرهەڵدانی خەســـارەتەکان زۆرە. وەکوو دێوەزمەیەك کەوتووەتە نێو ئەم کۆمەڵگا و دەیهەوێ قووتی بدات. ئەو عەشقەی کە هەمانە دەڵێین تەنانەت لە چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، عەشق شتێکە کە پەیوەندی بە چینەوە نییە. دیاردەیەکە کە دەبێ لە ناخی هەر ئینســـانێکدا بێت تا بتوانێ پێشکەشی بکات، بەڵام سەرلێ شێواویەك لەو وڵاتەدا هەیە، کە کاتێك بیری لێدەکەمەوە، ئازارم دەدات. بەخۆم دەڵێم، دەتوانی چی بکەی بۆ ئەم لاوانە، بۆ نەوەی دوارۆژ؟ لەوێشـــدا دیسان من گرفتم هەیە، چوون دایـــك و باوکانێك هەن کە خۆیان قوربانین، ناتوانن ئەو فیداکارییە بۆ منداڵەکانیان بکەن.

سوسەنی بەهار: وێنەیەکی دڵهەژێنە، بەڵام دڵخۆشییەك، خاڵێکی رونیش ئەوەیە کە ئێوە دەستان پێکردووە و بە تایبەت ئـــەو کارەش کە لە بارەی منداڵانەوە دەیکەن. دەزانی کە لە دەرەوەی ئێران کەمتر قسەیەك لە منداڵان دەکرێ. لە ژنان، کرێکاران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر قسەیان لێدەکەن، بەڵام لـــە منداڵان نا، تەنانەت لـــە پەیوەند بە بزووتنەوەی کرێکاری قســـەیەك لە منداڵانی کارەوە ناکرێ. بە وتەی جێگـــری وەزارەتی کاری کۆماری ئیســـلامی، ئەم چەند ســـاڵەی رابردوو، منداڵان لە ٢٣ بوواری کاردا پیشـــەیان هەبووە، لە بوواری یاســـاییەوە کار کردن لەم جۆرە بووارانەدا قەدەغـــە کراوە. بـــەڵام خاڵی جێگەی ســـەرنج ئەوەیە، کە ئەم قەدەغـــە بوونە بۆمنداڵانی ژێر ١٥ ســـاڵ تەمەن کە لە کورەخانەکان، کارخانەی شوشـــە، قاڵـــی چنین و هتد کار دەکەن. لەبارەی ئێرانەوە دڵنیا نیم، بەڵکوو لە ئاســـتی جیهانیدا دەزانم کە بۆ وێنە لە کامبوج و تایلەند و ویتنام بە منداڵگەلێك کە لە ســـەنعەتی کەشتیڕانی و ماسی گرتندا سەرقاڵی کارن، مەوادی موخەدیریان پێدەدەن تا کاریان لێ بکێشنەوە، پێرار کە بۆ خۆپیشاندان دژ بە بازرگانی منداڵان لە هێندوســـتان بووم، لەگەڵ هێندێك لەو منداڵانە وتووێژم کرد. ئەمانە لە کارخانەکانی شـــقارتە ســـازی، فشفشەو تەرەقە ســـازی، کانی بەرد، تاشینی ئەڵماس و ... کاریان کردبوو. دەیانگوت، خاوەن کارەکان تریاکیان لە نێو چای یان لە نێو عارەقدا حل دەکرد و دەیدەن بە منداڵە تەمەن ٥و٦و٧ ســـاڵەکان بۆ ئەوەی زۆرتر کار بکەن. خودی کار کردن بە منداڵان خـــۆی جینایەتێکە کە کۆمەڵگای ئێمە ئەنجامی دەدات و گیرۆدە کردنی ئەم منداڵانە بە مادەســـڕکەرەکان جەنایەتێکی دووقاتە. بە هەرحاڵ، ئەوەی کە گرنگە وتنی ئەم مەســـەلانەیە. بەتایبەت لەلایەن کەسانێکی وەك ئێوە کە

خاوەنـــی ئۆتۆریتەیەکی مەعنەوین لە کۆمەڵگادا. هەزاران گوڵ پێشکەش بە ئێوە.

داریوش: مەمنونم، منیش سوپاســـی ئێوە دەکەم. جێگای داخە، بەراستی نارەحەت دەبم، دڵم دەخوازێ ئینسانهایەکی زۆر بۆ یارمەتی دانی منداڵان هەنگاو هەڵێنن، پەیامی من ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە، تەنانەت ئێســـتاکەش کە لەدەرەوەی ئێرانین، دەبێ سەربازێك بین لەم ڕێگەدا. یەك کەس دەتوانێ دووسەعات لە کاتی خۆی لە هەفتەدا تەرخانی ئەم تێکۆشانە بکات، ئەوی تر ڕۆژێك. یەکێکی تر توانای دارایی هەیە و دەتوانێ یارمەتی بدات. ئەمە گرنگە، بەمانەیە ژیان مانا پەیدا دەکات. دەبێ خۆگێل کردن لە راســـتییەکان قەبووڵ بکەین. هێندێ کەس چەواشەکارن، هێندێ کەس دەیشارنەوە، حاشـــای لێدەکەن. بەڕای من، ئینســـانێك کە حاشا دەکات نەخۆشە، ئینسانێك کە نهێنی کارە، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا شتێك لە هاوسەرەکەی دەشارێتەوە نەخۆشە، خۆش بەحاڵی ئینسانگەڵێك کە گەیشتوون بە دەرەجەیەك لە سەعادەت کە کێشەکانیان بەڕەسمیەت بناسن و خۆیان لە ئاوێنەدا ببینن و بێنە مەیدان، بێنە لای خەڵك و بڵێین تەنیایی باشـــە، بەڵام بەبێ خەڵك ژیان کردن جەهەنمە.

ڕێگەچارە ئەمەیە، کە بێینە لای ئەو منداڵانە کە ســـبەی ڕۆژ دەکەونە زیندانەکان و قاچاخچییەکان ئەوان بەرەو باندی مادەســـڕکەرەکان دەکێشن، راوەســـتین و یارمەتییان بدەین، بگرە منداڵەکـــەی منیش، هیچ کـــەس ناتوانێ بڵێ، کە ئەمە کێشـــەی منداڵەکەی من نییە. نـــا ئەم کارە مەکەن من هەمووکاتێك وەکوو دێوەزمەیەکی جیهانی وەکوو خۆرکە ســـەیری ئیعتیاد دەکەم، کە بنەماکانـــی بنەماڵەکان تێك دەدات. ئێمە دەبێ لە خۆمانەوە دەســـت پێ بکەین و بزانین چ جـــۆرە ئینســـانێکین و دەتوانین چ کارێك بۆ ئەم گۆی زەوییە بکەین.

سوســـەنی بەهار: داریوش گیان یەك دونیا سپاســـی ئێوە دەکەم. وتووێژەکە بۆ لاوانە. من دەمێکە پرســـیارگەلێکم لە "داروەگ"دا تەرح کردووە و لە تەواوی گەروەکان دەپرســـم. یەکێك لە پرسیارەکان ئەمەیە، بەرای ئێوە عەشق چ ڕەنگێکی هەیە؟ دەبێ ئیتر وەك هونەرمەندێك وەڵامی ئەم پرســـیارە بدەیتەوە. کە شادی هێنەریش بێت، حەتمەن ئەو گۆرانییەت بیستوە دەڵێن: ڕەش ڕەنگی عەشقە.

داریـــوش: نەوەڵا، ئەو شـــاعیرە کەمێك گرفتی قافیەیی هەبووە. من عەشـــق وەکوو کریستاڵێك دەبینم. کریستاڵێکی زۆر ناسك، کەبە پڵتۆکێك دەشکێ. دەبێ عەشق لە پەیوەندی ئینسانەکاندا بپارێزرێ و نەهێڵی بشکێ. لە پەیوەندی دوو کەسدا، وەکوو ئەوەیە کە ئەم کریستاڵەیان بەدەستەوە گرتووە و بەسەر تەنافێکدا دەڕۆن.

سوســـەنی بەهار: دوایین پرسیاری من ئەمەیە، کە وەکوو هونەرمەندێکی سێ نەوە چ پەیامێکت لە بواری هونەریدا بـــۆ لاوان هەیـــە؟ بەتایبەت کە ئێســـتا خەریکی کارێکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و ئینسانی، بەڕای ئێوە لاوان چۆن دەتوانن هەنـــگاو هەڵێنن لەم جـــۆرە بووارانەدا کە هەم بۆ خۆیـــان یارمەتیدەر بێت و هەم ئـــەوان بتوانن بەش بەحاڵی خۆیـــان یارمەتی کۆمەڵـــگا بدەن؟ ئایـــا پەراوێز کەوتنی هونەر ئەمڕۆکە بەســـەرنجدان بە هەلومەرجی خەفەقانێك کە بەوتەی شاملو و دەنگە خۆشەکەی خۆت، ڕۆژگارێکی سەیرە، چ دەبینی؟

داریـــوش: کۆپلەیـــەك هەیە کە دەڵێـــت: هونەرمەندێك کە ئینسان نەبێت، هونەرمەند نییە. ئینسانێك کە هونەرمەندە، تێڕوانینی بۆ جیهان کەمێك هەســـتیارترە؛ ناسکترە. هەموو کاتێـــك وتوومە، ئەگەر ئێمە گۆرانی بۆ عەشـــق دەڵێین، لە خۆشەویســـتی دەدوێین، باسی یەکگرتوویی و هاوپشتی دەکەین، لە کردەوەیشـــدا دەبێ ئەمانە نیشـــان بدەین. دەبێ ســـازماندراو بێت، دەبێ دڵەکانی ئێمـــە پێکەوە نزیك بێت، زۆر لەو گۆرانییانەی کە لەم دوایانەدا دەیبیسم، هەموویان هەڵســـوکەوتێکی نگەتیڤیان هەیە. راســـتە کە لە هەستەوە ســـەرچاوەیان گرتووە، بەڵام نابێت ئەوەندە نگەتیڤ سەیری ژیان بکرێ. ژیان لایەنی جوانیشـــی هەیە. گۆرانیەکانی ئێمـــە دەبێ ئەم جوانیانەش بگوازنەوە بۆ خەڵك. یانی دەبێ مۆمێـــك بن بۆ ڕووناك کردنی کۆمەڵگا. هونەرمەند ڕۆڵی شەپیورچی کۆمەڵگای هەیە، لەریزی یەکەمدایە و هەموو کەس دەیبینێ و چاوەروانیان لێ هەیە. هیوادارم هونەرمەندە لاوەکان، ئینســـان دۆســـت بن، یارمەتیدەر بن، یاریدەر بن، حەتمـــەن بەمجۆرە دەبـــێ. چوون ئەگەر جیـــا لەمە بێ، گوێگری باشی نابێت.

سوسەنی بەهار: یەك دونیا سوپاست دەکەم. من دەتوانم تا بەیانی پرسیارت لێ بکەم و ئێوەش بەجوانی وەڵامم بدەنەوە، بەڵام بەهۆی ماندوویی و کارەکانی بەیانیتەوە، پرسیارەکانم تەواو دەکەم.

داریوش: منیش سپاســـی ئێوە و حزورتان لەم بوارە گرنگەدا دەکەم.

***

# گەڵا

ن: شەهروز ناسری

هێشتا شەو لانکی خەوی ڕادەژاند و شەقام وەك ڕەش مارێکی سڕ بە درێژایی شارێکی بێدەنگ هەناسەی لە خۆی بڕیبوو. پیادەڕۆ وەکوو پیاوێکی کارتۆن خەو، لە بن دیواری ماڵە دەرك قوفڵ دراوەکاندا ڕاکشابوو. ریزی چنارەکانی سەر شەقام، هەر وەکوو خێر، هەموو لەشی پیادەڕۆکەی گەڵاپۆش کردبوو. سرە بایەکی بەتۆز بەربینگی بە گەڵاکان گرتبوو و یەکبین ژیانی بە "با" دەکردن.

" ئەو" کە چاوەکانی تێکرۆخابوون و پشتی چەمابۆوە، دەنك دەنك ڕەشایی لە ڕیشیدا مابوو. کورتە باڵایەکی لاواز ! وەبیری دەهات ئەوکاتەی کە منالْ بوو، ئەو ریزە چنارە ساوا بوون. ئەوان ئاوا باڵایان کرد و سەریان گەیشتە ئاسمان، بەڵام ئەو زۆر گەورە نەبوو و بەرەو زەوی چەمابۆوە ! تەنانەت دەسکی گەسکەکەی دوو هێندەی خۆی دەبوو ! .

ئەم بەری بەیانیە پڕ لە نەهامەتیە وەکوو سەدان و هەزاران بەیانی دیکەی تەمەنی لە جەمسەری پیادە ڕۆکەوە دەستی کرد بە ماڵین. جارناجارێك دەکۆخی. سنگی بڕێك تونتر ببوو. وەك ئەوەی هەڵامەتی گرتبێ. بەڵام، نا، ئەم نەخۆشیە لە مێژ بوو بەر بینگی پێگرتبوو. دڵی نەخۆش بوو. چەند جار چوو بوو بۆلای دوکتۆر. دوکتۆر پێی وتبوو دەبێ جگەرە نەکێشێ و زۆر خۆی ماندوو نەکا و لە بەعزە خواردنێکیش پارێز بکات. ماوەیەك بوو وازی لە جگرە کێشان هێنابوو بەڵام ئەوانی دیکەی بۆ جێبەجێ نەدەبوو. جگەرەکەشی هەڵگرتەوە ! دڵی پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو. بەڵام خەرجی نەشتەرگەری دڵ شتێك نەبوو کە " ئەو" تەنانەت هەر بیریشی لێبکاتەوە. کرێکارێکی گرێبەستی شارەداری بوو. چەند ساڵ بوو لەوێ کاری دەکرد بەڵام رەسمیی نەکرابۆوە. هەربۆیە بیمە، خەرجی نەشتەرگەرییەکەی وەئەستۆ نەدەگرت.

تاك و توك ئەو پیرە پیاوانەی کە پەلەی ئەوەیان بوو نوێژی بەیانییان لێ قەزا نەبێ، لە ماڵ وەدەر دەکەوتن. خۆیان گەرم داپێچابوو و بە دەم " قولهوئەللا و فاتیحا"وە بەلای " ئەو" دا تێپەڕ دەبوون و دەستێکیان بە مانای سڵاو بۆ تەکان دەدا. ئەویش سەرێکی بە مانای وڵام بۆ دەلەقاندن! " با" هەروا بێ ئەمان بوو. ئەویش هەروا گەسکی دەدا. دەتگوت پیادەڕۆ لە رۆژان درێژتر بۆتەوە. بە چەند هەنگاوێك کۆگایەکی گەڵا کۆدەکردەوە بەڵام دەرەقەت نەدەهات. باوەش باوەش گەڵا دەوەری. ماندو و شەکەت ببوو. نیوەی پیادەڕۆکەی ماڵیبوو. سینگی زیاتر رێك دەگوشرا. کۆگایەك گەڵای دیکەی لەبن دار چنارێك کۆ کردەوە. برێك تێی راما. گەسکەکەی راکێشا و لەسەری دانیشت. سیگارێکی داگیرساند و مژێکی قووڵی لێدا. ئاورێکی لە پشت سەری خۆی داوە. ئارەقەیەکی سارد هەموو لەشی داگرت. هەرچەندە پیادەڕۆی ماڵیبوو هەمووی پڕ ببۆوە لە گەڵا. هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. هەر گەلایەك ساتێکی تەمەنی وەبیر دەهێنایەوە. رەنجی بەخساری تەمەنی " با" بردووی .

ئەو رۆژە پیادەڕۆ تابلۆی تەمەنی ئەو بوو.

لەپڕ دەستی بۆ لێوی نەچوو. گەڵا هەروا دەوەری. سیگارەکەی لە دەستی داکەوت. سرە بایەکی بەتۆز، وەك نەشتەرێك لە جەستەی ڕابچێ ئازاری دەدا. وڵات تا دەهات زەردتر هەڵدەگەڕا. وەك بەردێکی چەند پووتی لەسەر سینگی دابنێی کەوتە ژێر گوشارێکی زۆرەوە. کەوت بەلادا. چنارەکان باڵایان بەرز و بەرزتر دەبوو. وای هەست دەکرد کە لەجاران چکۆلەتر بۆتەوە. سەری کەوتە سەر کۆگا گەڵاکە. دەیویست هاوار بکات. گەڵایەك کەوتە سەر زاری. دەیروانییە دەوروبەری بەڵکوو کەسێك بێتوو یارمەتی بدات. گەڵایەك کەوتە سەر چاوی. هێچی بۆنەکرا. ئەوجار چنارەکان وەك بگرین و سەر و رووی خۆیان بڕنن، ڕادەژان و گەڵایان هەڵدەوەراند. کفن پۆش کرا. تۆز و خۆڵێکی زۆر بەری ئاسمانی گرتبوو. پیادەڕۆ قەبرستانی گەڵابوو. " با" ئەو قاتڵە بێ بەزەییە، بۆ چرکەیەکیش رانەدەوەستا. خەڵکانێك کە بەپەلە بەرەو کاری رۆژانەیان دەچوونەوە، خۆیان داپێچابوو، دەستیان بە لوتیانەوە گرتبوو و لەبەر خۆیانەوە دەیانوت:

" ئەو کرێکارە بێ مێشکە ئەو گەڵایانەی بۆچی لێرە ئاگر داوە . . . "

* * *

# تابلۆ

ن: هیجران شێواو

لــه یەکێ لە پارکــە جوانەکانی وڵاتــی (بولگاریا)دا، لەسەر مەستە بەیەك دانیشتبوو دەیڕاونییە خەڵکەکە، کە بە کۆمەڵی بچووك و جووت، هەندێ جاریش تاك دەسوڕانەوە. یانیش لە گەشەیەکدا دانیشتبوون و خەریکی ئاخاوتن بوون. لە ناکاو چاوی بە کیژێکی جوان کەوت. سەرسـامانە هەڵسایە سەر پێ وەك وڕێنە بکا بەدەم خۆیەوە وتی:

وای!، بڵێــی ئــەم کەرتە ســێوی دووهەمــی هێــرۆ بێت..؟ بەدەم ئەم قســانەوە خەیاڵ گەڕانییەوە گوندێکی بچکۆلەی قەشەنگ بۆسەر ئەو ڕێگایەی کــە ڕۆژانە هێرۆ دەمەو نیوەڕۆ خواردنی دەبــرد بۆ بــاوك و براکانی کە لەسەر خەرمان خەریکی دوورینــەوە و گێــرە کردن بوون. لەکاتــی گەڕانەوەیدا بوو خۆی گەیاندێ...


ئەوە بــەم نیوەڕۆ گەرمە لەکوێوە دێیتەوە؟ (شەماڵ پرسی)

خواردنــم بۆ بابم و ئەوان برد و کەمێکیشــم مەڵۆ بۆ کیچشانەوە.

هێرۆ دەمەوێ هەتا زووترە بنێرمە خوازبێنیت و کۆتایی بەم ئازارەم بهێنم.

تۆ ئەڵێی چی؟ شــەرم دیدەگرێ.. ناســکتر قسان دەکا، کەیفی خۆتە.. کەواتە تۆ ڕازیت.

خەیاڵەکەی پسا کەوتەوە وڕێنە کردن.. دەستێکی بە ڕانیدا کێشا ئاخ (لافنا)ی بێ شەرم و بەدناو، چۆن خۆشەویستەکەمت لێ کردم و خۆشــمت ئاوارە کرد و دێیەکەشمت کردە وێرانە، شــەرتبێ ڕۆژێ بێمەوە تۆڵەی هەموو ئازارەکانم.. تۆڵەی خوێنی هێرۆی ئێســتای بێ ناو و نیشانمت لێ بکەمەوە.. ڕســوای جیهانت بکەم..



دووبارە چاوی بە کچەکە کەوتــەوە، لەژێــر لێوەوە بزەیەکی بۆ کرد، ئەویش زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.

شــەماڵ گوڵێکــی سووری بە دەستەوە بووبە دوو دڵیەکی زۆرەوە بەرەو لای کچەکە ڕۆیشــت و گوڵەکەی بۆ ڕاگرت.

دەکــرێ خانمەکەم ئەم گوڵەم لێ قبوڵ بکەیت؟

کچــە بیانییەکە وتی: سوپاس.. گوڵەکەی لێ وەرگرتم.

شەماڵ پەشۆکاو دەهاتە پێش چاو کەمێك بەبیریدا هاتەوە.

ببورە من ناوم (شەماڵ) ە.

منیــش (لیــزا) پێخۆشحاڵم

هەروەها منیش

ئینجا بە دڵخۆشــیەوە بەرەو شوقەکەی گەڕایەوە و لەسەر پشت خۆی ڕاکێشا و دڵی هەر لەلای کچەکە بوو.

بۆ ڕۆژانی دواتــر بە ڕێکەوت لە جیگایەکی دی یەکیان بینی و زیاتر لە یەکتری نزیك بوونەوە و بڕیاری پێکەوە ژیانی

هەتا هەتاییان دا بە یەکتر و ئەڵقەیان گۆڕیەوە..

لەپاش هەفتەیەك جلێکی بووکێنی پۆشـــی و بە جووتە بە مەبەستی (هەنگوینە مانگ) بەڕێکەوتن.. وەلێ مەخابن لەکاتی دابەزیندا تووشـــی کۆمەڵـــێ (چەتە) دەبن و پاش ئـــەوەی گازی بەنجکـــەر بە دەم و چاویانـــدا دەڕێژن و ئەم لـــە هۆش خـــۆی دەچێت، پاش کوتانێکی بـــاش لیزای لێ دەرفێنن..

پۆلیـــس گەیشـــتە جێـــی ڕووداوەکە و پاش پرســـیار و لێکۆڵینـــەوە پەیمانی ئەوەیان پێـــدا کە چیان لە تواناداا بێت دریغی نەکەن..

دوای چەنـــد ڕۆژێـــك لە هەمان ئـــەو جیگایەی کە بۆ یەکەمجار یەکتریان تیا ناســـیبوو بە ڕیشـــێکی درێژەوە بە غەمباری دانیشتبوو، دەستێکی بۆ باغەڵی برد و کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و تەماشـــای کـــرد و دوای ئەوە نایەوە باغەڵی و هەڵسـا و ڕۆیشـــت (ئەو کاغـــەزە بریتی بوو لە ئەدرێســـی کۆنە هاوڕێیەکی) کە دەگاتەوە شوقەکەی خۆی دەست بە پێچانەوەی شتومەکەکانی دەکا و بەرەو وڵاتێکی دی بەڕێ دەکەوێ.. لە پاش گەیشـــتن دەست لە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی ڕادەگرێ و پاش سوار بوون پارچە کاغەزەکە دەداتە دەستی شۆفێرەکە تاکو جێ و شوێنی هاورشێکەی پێ نیشان بدات کە لە (شـــوتت گار)ە پاش دۆزینـــەوەی هاوڕێکە.. هاوڕێکەی بە بینینی زۆر دڵخۆش بوو.. بە تودی باوەشـــیان بە یەکدا کرد.

دوای پشـــودانێکی کورت ئەم کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتە جگەر بڕەکانی خۆی، دیار بوو هاورشێکەی زۆری پێ ناخۆش بوو بۆ ئەو کارەساتە بۆیە کەوتە دڵدانەوەی..

دوای چەند ڕۆژێك کارتێکـــی داوەت نامەیان بۆ هات.. ئەودەمانە ئەو پشوویەکی بە خۆی دابوو هێورتر دەهاتە پێش چـــاو.. بێگومان ناوەڕۆکی ئەو داوەت نامەیە بریتی بوو لە پێشانگایەکی شـــێوەکاری.. ئەوەبوو بۆ بەیانی هەردووکیان بەرەو پێشانگاکە بەڕێ کەوتن و لە نێو هۆڵەکەدا بە درێژایی دوو ڕیـــز تابلۆکان دانرابوون و بە وردی ســـەرنجدانی یەکە یەکەی تابلۆکان.

لەناکاو شـــەماڵ لەبەردەم تابلۆیەکدا چەقی و کەوتە لێ وردبوونەوەی پێی وابوو (هێرۆ)یە و لەبەر دەمی وەستاوە.

تابلۆکەی داگرت تاکو توانی بە خۆیەوە گوشی و زیاتر و زیاتر بە خۆیەوە گووشی هاواری کرد کاتێ بە ئەگا هاتەوە لەژێر لیفەیەکی چڵکندا چووقەی دانی دەهات..

# "سێ پەنجەرەو ئێوارەیەك"

دەریا

١

هەمیشە گلەیی بوو، دەیوت: کە دەگەمە ڕاستی ئەو هەناسەم سوار دەبێت. پێم وایە شتێ بەرەو لای خۆی پەلکێشم دەکات، وەك ئەوەی قووتم بدات! ئەوەندە توونند جاری وایە جلەکانم دادەماڵدرێن. خۆت باش دەزانیت منیش بە رووتی دەبمە یەك پارچە ئاگر.....

دەیوت: ئەگەر لە من دەپرسی قەت حەزم لە رووتبوونەوە نیە، چوونکە کە ڕووت دەبمەوە لە نێوان من و خۆشەویستترین کەسم دا دوورترین مابەین پێك دێت، بۆیە هەمیشە ئەڵێم: خۆزگە منیش وەك مانگ بمتوانیایە ئۆقرە بگرم و لەو گشتە کولانە بکەوم، تا بێ ئەوەی ئازاری پێبگەیەنم بە سەر گۆنایەوە لەنگەرم گرتبا و شۆقم دابایەتەوە....

خۆزگە سەرد سەرد دەبووم.

بەڵام خۆت باش دەزانی هەموو نیوەرۆیەك خۆرەتاو رووت رووت دەبێتەوە..... خۆی لە ئۆقیانووسەکان هەڵدەکێشێت بەشکم سارد بێتەوە. ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی تۆ لێی تێبگەیت. ئێستا وەرە بەر پەنجەرە و چاو لە سەمای باران بکە، هەر دڵۆپەی سووتووی جەستەی دەریایەکە و لە دڵی بێگەردی خۆیدا پەیامێکی خۆرەتاوی پێیە بۆت.

٢

ئێوارەیە لە سەر سەربان دانیشتووم و چاوم بڕیوەتە خۆرئاوابوون .نازانم بۆچی وا هەست دەکەم ئەم دیمەنە لەگەڵ دوونیای ئێحساساتی ناخی مندا زۆر نزیکە. هەموو شتەکان خەریکە بەرەو ئارامییەکی پڕ لە گومان دەبزوێن، وا ئەزانی لە چاوەروانییەکی مەزن دا جینگڵ ئەدەن.

شنە بای گەرمیی هاوینی لە بلێسە کەوتووە و دەستی پڕ لە لاواندنەوە بە رووخسارت دا دێنێت. فرۆکەیەکی سپی لە پاش خولانەوە بە سەر ئاسمانی شارەوە ڕۆدەنیشێتە سنگی پڕ لە بلێسەی فرۆکەخانە و دوای ماوەیەکیش بێدەنگییەکی وا دایدەگرێ... کۆترەکان بەسەر باڵەکانی ئەوەوە ماڵاوایی لە خۆرەتاو دەکەن.

هەورێکی درێژ و بە دەست و سەر کە زیاتر لە مارمێلکە ئەچێت لە دوورەوە خۆی بە سەر لێواری خۆر ئاوابووندا درێژکێشاوە. هەتاوی دابەزیوی تاقی ئاسمان کە تا ئەم ساتە سەری شار و پشتی هەورەکانی ئەدۆزی، ئێستا لە ژێر ڕکێفی دووندی کێوەکاندا خەریکە دوا هەناسەکانی ئەکێشێ و بەرۆکی هەورەکان دەگرێ، بە هەموو دەمای خۆی دەیهەوێت بڵێ: زیندووم !......

مارمێلکە بنزگ سوورەکە هێدی هێدی بە ڕەنگی خۆڵەمێشی دەردێت و لە هەر چاو تروکانێکا پتر ڕەش دادەگیرسێت.

سیسرکەکان لە بن دیوار و قوژبنان دەرژێنە دەر و گیتارەکانییان لە جانتا دەردێنن... تا لە باڵ و پیل ئەکەون، ئەژەنن. هەموان بە شوێن میداڵیای فستیواڵی ئەم شەوەوەن.

.... گلۆپەکان یەکدابەدوو دادەگیرسێن. سات بە سات زیاتر هەست بەوە دەکەیت کە هەموو شتەکان وا خەریکە دەچنە قولایی چاوەروانی گۆڕانێکی مەزنەوە.

٣

ئەستێرەکان هەمیشە لە جوانی شەو ئەدوێن، سیسرکەکان لە ئاوەدانی شەو و تەنەکان لە دڵوالایی....، بەڵام تۆ هەمیشە باس لە ترس و خۆفەکانی شەو ئەکەیت. گلەییشت لە رۆژ ئەوەیە، بەرینایی ناشیرینییەکانی بەر دەم نیگات، جوانیی جیهانی رونی لێ حەرام کردوویت. جاری وایە لە شەودا سێبەری خۆت لێ ئەبێتە دێوەزمەیەك کە لە چیرۆکەکانی سەردەمی منداڵێتا بیستوتن.

کە دوو پشیلە بە شەودا لێیان دەبێتە شەڕ و یەکیان لە پڕ دا زیقەی لێ بەرز ئەبێتەوە، ڕەنگە هەر هێندە بترسی کە بە قەولی خۆت، هەموو جارێك نیوەگیان ئەبیت!

لەگەڵ شەو دا ئەوەندە نامۆیت، لات وایە چرکەکان و وێستگەکانی پێوەندیان بە ژیانەوە نییە. هەڵبەت کەم نیین ئەوانەی وەك تۆ خوویان بە رۆژ یا شەو گرتوە، لایان وایە هەر ئەو بەشە تایبەت بە ئەوانە یا تەنیا بۆ ئەو بەشە دەشێن....

بۆ وێنە ئەگەر چاو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی شەمشەمەکوێرەیەك بکەیت، دەبینی کە لە بەرەبەیانییەوە تا ئێوارەی هەموو رۆژێکی بە (........... ) ! پڕ کردووەتەوە.

بەڵام بزانە کە لە پشت پەنجەرەوە ناتوانیت لە شەو تێبگەیت ، سەر بکێشە ناو دڵی تاریکی، با ئەستێرەکان لە چاوەکانتا بزربوێنەوە.

***

# پەری خەونە سوورەکانم

پەرویز شافعی، (کاوە)

چاوەکانم!
زۆر دەمێ بوو
لە خەونە سوورەکانما پیاسەت ئەکرد
زۆر دەمێ بوو
وێنەی ئاسکی سکی چیا بەفرینەکان
بە چیرۆکی تەمەنمدا هەڵئەگەڕای
یا وەك کچی «پەریزادی گوڵخەندەران»
بە کراسی گوڵ هەنارەوە
لەسەر لووتکەی ئاواتی مژ گرتووی بەرزم
پێئەکەنیت
چرپەی گەشی پێڵوی چاوە مەندەکانت
وەك پەپوولەی عەشق و ئیلهام
گرێی دەسرازەی مەینەتیمی ئەترازان
چاوەکانم!
زۆر دەمێ بوو
بێشکەی عومرم بە شنەی هەناسەی مەسیحات ئەجووڵاوە،
زۆر دەمێ بوو
کە ژیلەمۆی ئاگرە خۆشەی نەورۆزەکانی منداڵیم
بە شەپۆلی سەمفۆنیای پێکەنینت ئەگەشاوە.
کە شەو ئەهات
لەسەر شانی خزی ئاسۆ دەردەکەوتی
کراسێکت لە تریفەی مانگ
لە چرۆی کەسکی هەریری کوێستان
لەبەردا بوو
ئەخشایتە سەر کۆشی هۆشم
لە ئامێزی خۆشەویستی خۆت ئەگرتم
بە بۆی شەوبۆ و بە مۆسیقای باڵی دوو کۆتری سینگت
سەرخۆش
ئەبووم
سەرم ئەکردە سەر کۆشت بێهۆش ئەبووم.

بەڵام هەموو بەری بەیانییە
کە پێکەنینی پەنجەرەی ژوورەکەم
پەنجەی لە گەڵ یەخەی خەون ئەپچڕیم
دا ئەچوویت و جێت ئەهێشتم.
منیش سەری خۆم هەڵئەگرت
هەر وەك منداڵی گروزی لە دایك جێماو
سەرم ئەنا بە سینگی پڕ جەخاری شاهۆوە و
تێر ئەگریام
تێر ئەگریام و فرمێسکم
بۆنی وەنەوشە و سوێسنەی بەینی پەلکەکانی لێ ئەهات.
شاهۆیش هەر وەك پێشمەرگەیی
کە یارە هاوسەنگەرەکەی لە -باوەشیا-
دوا هەناسەی سووری ژینی هەڵئەکێشێ و شەهید ئەبێ،
نەرم و بێدەنگ
خوناوەی فرمێسکی گەشی
ئەڕژایە سەر لەشی بەتاسەی گڕگرتووم
روباری گریانی شاهۆ لوزەوی ئەبەست و
هاژە هاژە قەڵبەزەی
ئاژین ئەبووە ناخی هەستە چەواشەکەم.

بەڵێ، بەڵێ چاوەکانم!
هەموو بەری بەیانیی
سەرم ئەنا بە سینگی پڕ جەخاری شاهۆوە و
تێر ئەگریام
تێر ئەگریام و فرمێسکم
بۆی لەش و لاری سێوەخانی لێ ئەهات.
چاوەکانم ئەبوونە دوو پەپولەی عەشق و تاسە و تین و
هەڵ ئەفڕین
خۆیان ئەدا بەدەم لەرەی شنەی شەتی شەماڵەوە
خەونە سوورەکەمیان

لە ئەم سنوور بۆ ئەو سنوور،
لەسەر چڵی سووتاوی دار قەزوانەکان
بە گوێی هەموو ڕووبارەکاندا ئەچرپان
خەمی تەنیایی شاهۆشیان
لەلای بەردە سپی و قەندیل،
بۆ ئارارات ئەگێراوە...
تاکوو بەری بەیانیی
پێت نایە سەر گزنگی خۆر
بە پێکەنینێکی شیرین
گۆشێ ئەستێرەت بۆ هێنام
وەها گرێکت بۆ هێنام
وەها گرێکت تێبەردام
گوڵی تاسەم توایەوە و وەك «توری سینا» داگیرسام
بەفری قەندیل و چل چەمەش
بە پرشنگی چاوە گەشە شینەکانت
توانەوە
بوونە ڕووبارێکی ڕێبوار بەرەو دەریای چاوەکانت.
منیش بە عەشق و تاسەوە باوەشم بۆ کردیەوە
سەرم نایە سەر شەپۆلی ورشەی دەریای چاوەکانت
کۆترەکانی ئارارات و شاهۆ و قەندیل
هاتنە سەیری دڵداریمان
باسی خەونە سوورەکەمیان
بۆ کچی با ئەگێڕاوە!
ناوزەنگ ٦٠/٤/٢٩

*- شاعیری گیان بەخت کردوو پەرویز شافعی، پێشمەرگەی کۆمەڵە، خەڵکی شاری سەقز، بە نازناوی (کاوە)وە شێعری دەنووسی. بەداخەوە کۆمەڵە شێعرەکانی لە بەین چوون. ئەم شێعرە سەر دێڕی نەبوو من ناوەم بۆ هەڵبژارد. پەرویز شافعی ڕۆژی ٢٨-٩-٦٤ی هەتاوی لە شەڕ لەگەڵ هێزە داگیر کەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە ئاوایی «یازی بلاغی» (فیز الله بەگی) سەقز دا، گیانی بەخت کرد.

# سکاڵایەک

"ح. نامۆ"
حوسێن عەبدالی

دەستەکانم
هێزی ژیانم!
ئەگەر سی ساڵ
لێو تۆرابم
ڕۆیبم لەلاتان،
ڕەنجابم
ئەوا هاتوومەوە لاتان
خۆم خستۆتە ناو باوەشتان
... من باسی کەوڵێکی بەتاڵ
هەناسەی بە بوغزی ئافرەتی ناو ماڵ
... باسی بێ نانی،
نەبوونی ژینی ئینسانی!
بێ ئێوە کە ئەیان دوواندم
دەدوان بە زمانی حەیوانی
دەستەکانم...
هەم من و هەم ئێوە برسین
بڵێی ئەمجارە هەڵنەستین؟
دەستەکانم...
ئێوە و من یەکین!
من و ئێوە، یەکین!؟

١٠-٤-٥٧ ی هەتاوی

***

# پێشانگە ئەزەلییەکانی سەر شەقامەکانمان

ناسر حەقپەرەست

١
درەختەکان،
بەهاران و هاوینان سەوزە پۆشن
پاییزانەش زەرد،
بە پێچەوانەوە، کەچی هەموو زستانێکیش
رووت دەبنەوە
تا بەشکم سەرما کرمەکانی جەستەیان بتۆپێنێت.
٢
دوێ شەو،
باران سەراپای پشیلە سپی خوساند
بەیانی ڕەش تەنیا ڕەنگی بوو
ئاخر لای دووکەڵ کێشی زۆپایەك
رۆژی کردبۆوە.
....ئێستا چاوەرێی بارانی دەکرد، لە ڕەنگی خۆی
دەگەرا.
٣
ماوەیەکە، هەموو رۆژێك
رۆژنامەکان باسی وشکەساڵی دەکەن
کانیاوەکان چاو لەبەرپێی خۆیان دەکەن ودەکەونەوە یادی،
سەوزەڵانی، یاری بەچکە ماسییەکان و جامە ڕوونەکانی
پارەکەی خەڵکی شار.
٤
ئەمساڵ، گوڵەبەرۆژەکان
هێندە بە شوێن هەتاودا ڕاپانکرد
تا دیتیان، لە تەقتەقانییەکی بێ کۆتا پاییزیان بە سەردا
هات.
٥
باخەوانێك، دارە توویەکی بڕیەوە
هەمووی سێ خولەکی برد
٢٢ ساڵی تەواوی تەمەن بوو
کاتێك چاوم لە بازنەکانی کرد
٦
لە ترافیکدا، کچۆلەیەکی گوڵفرۆش
گەورەیی خۆی لەوبەری شەقامەکە بینی
کە چ ئاسان ڕەقەمی موبایلەکەی لێدەکرن.
ئەگەر ئەو رۆژانەی لە یاد مابا
ژنێك تائێوارە بە ڤالیۆم
لە پیادەڕەوی شەقامەکان درێژی ئەکرد،
تۆ بڵێی هشتبایەی.....؟
٧
کاتێك بە مانگم وت:
ئەرێ هاورێ بۆچی تەنیا لە شەوا ئەتبینم؟
وتی: ئاخر بە رۆژدا تاریکی نییە.
٨
لەگەڵ سووتانی جەستەی هەر ژنێك
ئەستێرەیەکیش لە ئاسمانەکەمان دەخووشێ.
لەو شەوانە ئەترسم کە دێ و
ئاسمانەکەمان ئەستێرەیەکی نەبێ.
٩
بەقەدی دیوارێکەوە، ئاکواریۆمێکیان هەڵبەست
تا ماسییەکی سور هەمیشە پیاسەی تێدا بکات.
ئەویش لەتەختی ئاکواریۆمەکە
وێنەی دەریایەکی کیشایەوەو دوو ماسی....
١٠
هاندەکان، هێندە بە SMS کانی ناخی خۆیان پێدەکەنن
قەت فریای شیوەنی خاوەنەکانی خۆیان ناکەون.
١١
لێرە، هەر کۆرپەیەك لەگەڵ لەدایکبوونیدا
میراتگری سێ شتە: قین و مین و فیشەك
لە سێ شتیش بێ بەشە: نان ومان و ئازادی.
١٢
لە ئاسمانێکی ساو و پرئەستێرەدا
بەدەم سوتانەوە ئەستێرەیەك هەڵوەری
دڵۆپێك بە پرتاو کەوتە سەر گۆنام
کە سەرم هەڵبری، یەکی تر بۆی ئەگری.
***
لەگەڵ تۆمە رێبوار!
هێشتا تاریك نەبووە،
دیسانیش دەتوانین ببینین...... .
راستیی، ماڵی ئێمە لە کوێیە؟

***

# ماندوویەتی

شلێر پایزی

من هەر لێرە لەدوا و پێشی ئەوان
لەدایك بووم
کەچی لە هەموویان غەریبترم
بە ژەکی یەك مەمك گۆش کراین
کەچی لە هەموویان بێنازترم
هەر لێرە لەسەر یەك ڕاخەر ئەنووین
کەچی لە ئەوان جیاوازترم
لەسەر یەك سفرە تێر ئەبین
کەچی من و ئەوان تەوفیرمان هەیە.
ماندووم
شەکەتم
لەدەست ئەوان لەدەست جیاوازی.
من و ئەو
لەو ئێوارەی کە بێ شێو سەر ئەنێتەوە
لەدەست ئەو زەردە پەڕەی
کە مەرگی خۆر لە تابوتی ئەستێرەدا ڕەنگ
ئەکات
ماندوو ئەبم
لەدەس بینینی ڕوخساری
ئەو شەمشەمە کوێرەی
کە چۆلەکە و کۆختی
ئەو ئێوارەیە نیگابانن
ڕاویان ئەنێنو
تاریك داهات
خۆی بە ساحێبی ئاسمان ئەزانێ
لەو کەناریانەی
کە هەڵکروشماون
بەدەس گوڕی بارانەوە
لەدەس ئەو کەسانەی کە لە حەقی خۆیان
بێدەنگ ئەبن
بێزار ئەبم
لەدەس ئەو هەناسەی کە لەدوای پەشیمانی هەڵدەکێشرێ
لەو ڕستانە کە مرۆڤی پێ ئەشکێندرێ
لە بینینی ئەو هەموو هەورە دیدە مەستانەی
کە خۆیان لەگەڵ تیشکی
بەر لە ئاوا بوونێکدا تێکەڵ ئەکەن
لەدەس گێلاسی چەندە زیزم
بە درێژایی تەمەنی
سەما بۆ ئێوارەیەکی کریستاڵی ئەکات
بۆ ئەوەی عاشقی ڕەنگی سپیە
ئەویش بێ بەزەییانە
تاوێك ڕەنگی خۆی پێ نابەخشێ
چونکە لە ڕەنگی خوێن زۆر ئەترسێ
لەدەس ئەو پاییزە زیزم کە مەرگی گەڵاکانی
بە نامەرد ئەسپێرێ
لەدەس ئەو چڵە نێرگزانەی
کە دوای سارێژ بوونی برینەکان سور ئەکەونەوە
لەدەس ئەو کۆچەرە ساڵ چیانەی
کە ڕێگە بە ڕێبواران ئەگرن
تا پارەی شەرابی ئەو شەوە پەیدا بکەن
لەدەس ئەو یارە زیزم
کە بە ئازیزەکەی ئەڵێ
دەریای خۆشی ئەبم بۆت
ڕاستە کە دەریایە بۆ خنکانی هیواکانی
لەدەس ئەو لێوانەی کە ئاسەواری ماچیان هەبێت
قەت هەست بە ئازاری دڵی کەسانی تر ناکەن
زیزم لە هاژەی ئەو ئاوانەی کە سێو بەخەبەر دێنن
ناهێڵن تا ڕۆژی ئەلەس لەخەودابن
لەدەس ئەو پەنجە نەفرەتیانەی کە بە درۆ وەفا
ئەنووسنەوە.
ماندوو بووم لە بینینی ئاوێنەی حەقیقەت
کە بە دەستی تۆ ورد و خاش کرا
هەموو ڕۆژێ پارچەیەکی بە جەرگی مندا دەچێ
لەدەس دایك و باوکم لەپاش نیوەڕۆیەکی بەهاردا
کۆشکی خونچەیەك ئەشێوێنن
کە بەڵێنی سەمایشی

به هیچ لقێك له دارەكەی
دراوسێیان نەداوە
ئای لەدەس ئەو عاشقانەی
كه به پەشیمانی له درگای دیدار ئەیاتەوە
چەندە عاجزم لەدەس ئەو كەسانەی
كه قەدەری خۆیان
به بەرد دیاری ئەكەن
لەو تانەدەرانەی
كه لقی دڵی دایكێك ئەشكێننەوە
ماندوو ئەبم له بینینی ئەو مەعشوقانەی
كه له دەستی تاوانی یارەكانیان
شاتاوڵی پەنجەكانیان
پەڕە به پەڕەی گوڵێك شیتاڵ ئەكەن
دواتر هەڵاڵەكەشیان بۆ نامێنێتەوە
له پژانی ئەو خۆشەویستیەی تەنها بۆ شەوگارستانە و
زەرەرەكەی كەمە
خڕە درەختێكی پیر گرەو لەگەڵ شێرا ئەكات
ئەمەیان جێی پێكەنینە
شەكەت بووم لەدەس بولبولێك
له بەهاردا خۆی ئەكا به دوو تۆی شێعرێكی پێچراوما
كه له حەساری هەڵوەریوی نیگای پاییزێكما لەدایك بووە
كه پێویستی به خوێندنی ئەوینە
لەدەس فەرهەنگی ئەو مێژووەی
كه درۆ ئەفەرمێ
ئەڵێ وشەی گەندەڵ لەلام نامۆیە
چەندە عاجزم له یادی خەندە بارانی لێوەكانم
كه بۆ تۆ و ئەوانم كرد

لەدەس ئەو جەژنەی
كه دەرگاتم لێ ناكەیتەوە
وا ئەزانی بۆ جەژنانە یا نوقوڵێ ڕێگام بڕیوە
ناهێڵێ گەردنی خۆمت پێ ئازاكەم
چەندە دڵ خۆشـم بـەو مرۆڤانەی كه خۆیان به شـاعیر دەزانن
كەچی له هەمان كاتا
لەبەردەم مایكێكدا به زمانی پەپولەئاسـا ئەدوێن
ئەی من
ویژدانم ڕێگام پێ نایا
مێلوورەی ماڵەكەمان به شەڕی نەوت لەناو بەرم

# ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن کەریم ئەمانی یەوە بۆ بەڕێز بێهروزی ناسری و سەرجەم خوێنەرانی هێژای گۆڤاری پێشەنگ

لە ژمارە ٧ای گۆڤاری پێشەنگ لاپەڕە ٣٠ بۆ ٣٣، وەرگێڕدراوی بابەتێک بە ناونیشانی "مارکس بابەتی سەردەمی ئێستاشە"، چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
لەو ڕووەوە کە دەقی فارسی ئەم بابەتە لە گۆڤاری "جهان امروز" کە گۆڤارێکی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە، وەرگیراوە و "هاوڕێ بێهروزی ناسری" نووسەری بابەتەکەش یەکێکە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها وەرگێڕدراوەکەشی بە زمانی کوردی لە گۆڤاری پێشەنگ دا کە ئەگەرچی بڵاوکراوەیەکی حیزبی نیە بەڵام خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەر، دەستەی بەڕێوەبەر و زۆرێک لەو کەسانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەم گۆڤارە هاوکاری دەکەن لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن، لە وەرگێڕدراوی کوردییەکەی دا بە جێگای ناوی سەرنووسەری بابەتەکە تەنیا ئاماژە بە سەرچاوە کراوە. بەڵام لەو ڕووەوە کە هاوڕێ بێهروز گلەیی لێکردووین کە بۆچی ناوی بەڕێزیمان وەک نووسەری بابەتەکە نەبردووە، بۆ دڵنیایی ئەو بەڕێزە پێویستە ئەوە بڵێم کە بێجگە لەو تێبینیەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشت نەبووە.
بەڵام لە هەر حاڵ دا من بەش بە حاڵی خۆم گلەییەکەی هاوڕێ بێهروز لەسەر سەرم دادەنێم و هەر لێرەش دا بە ئاگاداریی سەرجەم خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری پێشەنگ دەگەیەنم کە: دەقی فارسی "مارکس بابەتی سەردەمی ئێستاشە" لە بەرواری ١٩ای مارسی ٢٠٠٨ لە لایەن بەڕێز بێهروز ناسرییەوە نووسراوە و لە ژمارە ٢٠٣ی گۆڤاری "جهان امروز" دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە و منیش وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.

"کەریم ئەمانی"

# نامەیەک لە فەرزادی کەمانگەرەوە: «ئاغای ئێژەیی لیگەڕێ بادڵم لیبدات»

چەندین مانگە لە گرتووخانەم، گرتووخانەیەک کە قەرار بوو، وەرەم برووخێنێ، ئەوین و ئینســـان بوونم داڕمێنێ. بەندیخانەیەک کە دەبوو کەویم بکات، دامەرکێنێ وەک بەرخۆڵەیەکی سرەوتوو، دەمێکە دیلم لە چواردیوارییەک دا بە بەرزی مێژوو.

ئەو پەرژینەی قەرار بوو کەلەبەرێک بێ لە نێوان من و خەڵکەکەم کە خۆشـــم دەوێن، پەرژینی نێوان من و منداڵان بێ بۆ هەمیشـــە، بەڵام هەموو ڕۆژێ لە کڵاورۆژنەی سلولی تارەوە بەرەو ئەوپەری، دوور دوور دەڕوێشتم و خۆم لە نێو ئەوان وەک ئەوان هەست پێدەکرد و ئەوانیش ئازارەکانی خۆیان لەمنی دیلا ئەبینی و بەندیخانە پەیوەندییەکی قوڵتری لە نێوان ئێمەدا دروست کرد. بڕیار بوو، بەندیخانەی ڕەش و تاریک مانای خۆر و هەتاو لەبیر من بباتەوە، بەڵام هەر لە گرتووخانە، ڕوان و سەوز بوونی وەنەوشەم لە تاریکی و بێدەنگیدا بینی.

بڕیار بوو زیندان مانای سەردەم و کات و بایەخی کاتەکانم لە بیروزەین دا بسڕێتەوە بەڵام لەگەڵ ساتەکانی دەرەوەی گرتووخانە ژیاوم و سەرلەنوێ، نوێ بوومەوە و خۆم بۆ هەڵبژاردنی ڕێگایەکی نوێ تەیار کردوە.

منیش هەر وەک بەندکراوەکانی بەرلە خۆم، بەتەواوی هەســـت و نەســـتمەوە سووکایەتی پێکردنەکانی، ئازار و مەینەتییەکانم بە گیان کڕی بۆ ئەوەی بەڵکوو دوایین کەس بم لە نەسلی ئازارچێشتوانێ کە بە حەزیای داتنی سەحەریان لە تاریکی گرتووخانەدا، لە نێو دڵەکانیاندا زیندوو ڕاگرت.

بەڵام ڕۆژێک بە تێکدەریان دەزانیم، پێیان وابوو بۆ شـــەڕ لەگەڵ خێوی ئەوان داتووم و پەتی عەداڵەتیان چنی هەتا بەرەبەیانییەک کۆتایی بە ژیانم بێنن و لەو ڕۆژەوە بێ ئەوە بمەوێ لە چاوەڕوانی بەڕێوە چوونی حوکمەکەم دام. بەڵام ئەمڕۆکانە کە بڕیارە، ژیانم بسڕنەوە بەدڵێکی پڕ «لە ئەوینەوە ڕووبە داوچارەنووسانم» بڕیارم داوە، تاڵ تاڵی هەودای ژیان و لاشەم پێشکەش بەو نەخۆشانە بکەم کە ژیانیان پێ دەبەخشێ و دڵیشم پێشکەش بەو منداڵە بکەم کە سەرتاســـەری ئەوین و ســـۆزە. جیاوازی نییە لهەر شوێنێک بێت، لەسەر لێواری کاڕوون، یان داوێنی سەبەلان، یان لهەر گۆشەیەکی ڕۆژهەڵات و یان ئەو منداڵەی کە لە زاگرۆسەوە بەرەو دەرکەوتنی خۆر دەڕوانێ، تەنیا دڵی سەرەڕۆ و ئۆقرە نەگرتووم لە سینگی منداڵێکدا لێ بدات کە نەسرەوتوو تر لەمن ئاوات و خۆزگەکانی لە شەواندا بەرێتە ژوانی مانگ و ئەستێرە و وەک شاهێدێک بن کە لەگەورە ساڵێدا پشت لە حەزیاکانی منداڵی نەکات، دڵم لە ســـینگی کەســـێکدا لێ بدات کە بە خەمی ئەو منداڵانەوە بێ شەوانە بە برسیەتی سەردەنێنەوە و بیرەوەرییەکانی «حامید»ی خوێندکاری ١٦ ساڵەی شارەکەم زیندوو ڕابگرێ کە نووسیبوی «بچوکترین خۆزگەم لەم ژیانەدا بەدی نایەت.» و خۆی خنکاند.

دەبا دڵم لە سینگی کەسێکدا لێ بدات، گرنیگ نییە بە چ زمانێک قسە دەکات، یان ڕەنگی پێستی چۆن بێ، تەنیا منداڵی کرێکارێک بێ کە شەقارشەقارەکانی دە ستی باوکی، بڵێسەی بورکانێکی تر لە بەرانبەر ناعەداڵەتییەکاندا، لە دڵمدا زیندوو ڕابگرێ.

دڵم لە سینگی منداڵێکدا ترپەی بێ کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ببێتە موعەلیمی ئاواییەک و هەموو ڕۆژێ بەیانی منداڵەکان بە بزەیەکی شیرینەوە، پێشوازی لێ بکەن و بەشەرێک و داوبەشی خۆشی و یارییەکانی خۆیانیانی بزانن، ڕەنگە ئەوکاتە منداڵان تامی تاڵی هەژاری و برسیەتی نەزانن و لە خەیاڵی ئەواندا وشـــەکانی «گرتووخانە، ئازار و شـــکەنجە، ستەم و نابەرابەری» مانایەکی نەبێ. دەبا دڵم لە سووچێکی پانتایی ئەم جیهانەدا لێ بدات، تەنیا ئاگاداری بن، دڵی ئینســـانێکە کە زۆرێک لە نەنووســـراو و نەوتراوەکانی خەڵک و وڵاتەکەی هەڵگرتووە، خەڵکانێک کە مێژووەکەیان سەرتاسەر پڕە لە ئازار و خەم و مەینەت.

دەبا دڵم لە سینگی منداڵێکدا لێ بدات هەتا بەرەبەیانییەک لە ناخەوە بە زمانی زگماکیم داوار بکەم:

«من دەمەوێ ببمە بابیە
خۆشەویستی مرۆڤ بەرم
بۆ گشت سووچی ئەم دنیایە»

فەرزادی کەمانگر
گرتووخانەی «ڕەجایی» شاری کەرەج بەندی ئەمنیەتی ٢٠٩
١٣٨٧/١٠/٢



